www.pertwk.com

# ڕاپۆرتی برۆدی
# و
## چەند چیرۆکێکی تر

نووسینی

خورخە لویس بورخس

وەرگێڕانی

یاسین عومەر

www.pertwk.com

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی رۆشنبیری**
**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**
www.roshnbiri.org
khanay wargeran@yahoo.com

* **ناوی کتێب: را پۆرتی برۆدیو چەند چیرۆکی تر**
* **نووسینی: خۆرخە لویس بورخس**
* **وەرگێڕانی : یاسین عومەر**
* **نەخشەسازیی بەرگ: نازەنین ساڵح**
* **نەخشەسازیی کۆمپیوتەر: جیهان محەمەد**
* **زنجیرە:** 35
* **تیراژ:** 1000 **دانە**
* **ژمارەی سپاردنی (** 32 **)ی ساڵی (** 2004 **)ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە**
* **چاپ: چاپخانەی تیشك**
* **چاپی یەکەم:** 2004- **سلێمانی**

www.pertwk.com

## پێرستی چیرۆکەکان

پێشەکی
راپۆرتی برۆدی
ئینجیل بەپێی گێڕانەوە مەرقۆس
نەمرەکان
نهێنیی بوونی ئێدوارد فێتزجێراڵد
رووبەڕووبوونەوە
کۆتایی دویل
بەسەرهاتی رۆزندۆ خوارێز
خوان مورانیا
جادووگەری پەسەندنەکراو
ئاوێنەیەك لەمەرەکەب
کۆشکی پەیکەرەکان
رووداوی مردنی فەقێیەك
چیرۆکی ئەو دوو کەسەی خەویان بینی
تەمسیلی کۆشك
خەنجەر
دوو پاشا و توناو تونەکانیان
بورخس و من

www.pertwk.com

# پێشەکی

ئێمەی کورد هەمانەو نیمانە چەند کەسێك شکدەبەین لەبواری وەرگێڕاندا خۆیان بەوەرگێڕانی دەقی ئەدەبییەوە سەرقاڵکردووە, ئەوانیش زۆربەیان تەنیا زمانی عەرەبی, یان فارسی, لەباشترین حاڵەتدا هەردووکیان (هەندێکی زۆر لەوە کەمتریش تورکی) دەزانن, کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا گەورەترین کێشەی بۆ ئێمە خوڵقاندووە, چونکە" لەلایەکەوە دەقە داهێنانئامێزەکانی ئەم زمانانە خۆیان لەژمارەی چەند پەنجەیەکی دەست تێپەڕناکەن‌و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەمانیش زۆرتر لەجوغزی ناوچەیی و ئیقلیمگیرییەکی سنووردااردا گیریانخواردووە, لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ستەمی میللی دەوڵەتەکانی ئەم نەتەوانە لەسەر خەڵکی کوردستان" بمانەویٚ و نەمانەویٚ, با کەمیشبێت, جۆرە هەستێکی بەهێند نەگرتن‌و نزم‌و بەرکار تەماشاکردنی ئەدەبیاتی ئەم نەتەوانەی چواردەورمان لەگۆڕێدا هەیە, کە ئەمەش وایکردووە کەمتر تاسەو تینوێتیی خوێنەران بشکیٚ‌و خوێنەرو وەرگێڕ خەیاڵیان بۆ دەقگەلی بێگانەو دوور لەکەشی کلتووری‌و فەرهەنگی جیاواز بڕوات, دواجاریش دەست ببرێت بۆ وەرگێڕانی دەقگەلێکی بیانی, ئەویش بەچەند وەرگێڕێکەوە کە هەر وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێت زمانە زیندووە ئەوروپی‌و جیهانیەکانیەکان نازانن, کە ئەمەش دۆخێکی کارەساتئامێزی خوڵقاندوە...کێن ئەوانەی لەرووسییەوە دەستەیڤسکی‌و تۆلستۆی بۆ خوێنەری کورد وەردەگێڕن, ئەمە ئەگەر بۆ زمانی رووسی وابێت کە زۆربەی زۆری رۆشنبیرە خاوەن بڕوانامەکانمان



چەند دەیەیەك پێش ئێستا نامەی دکتۆراکانیان" کە زۆربەیان لەبواری ئەدەب‌و زمانی کوردیدان, لەسۆڤێت وەرگرتووە, (جێی خۆیەتی وەکو وەفایەك پەنجەی رێز بۆ ئەندازیاری کۆچکردوو مامۆستا جەلال تەقی درێژبکەین کە ئەگەرچی رشتەی خوێندنەکەی خۆی ئەندازیاری بوو, بەڵام چەندان دەقیی ئەدەبیی رووسیی لەروسییەوە بۆ وەرگێڕاوین) جا ئەمە بارودۆخی وەرگێڕانمان بێت لەزمانی روسییەوە, ئەبێت بارودۆخی وەرگێڕانمان لەزمانێکی وەکو ئیسپانییەوە کەهیچی لەزمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی‌و هتد کەمتر نییە, ئەگەر زیاتریش نەبێت, چۆنبێت؟ ئەو زمانەی کە زۆربەی دەقە داهێنانئامێزەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستیان پێنووسراوەو زۆربەی خەڵاتە ناوچەیی‌و جیهانیەکانی ئەدەبیان" لەسەروو هەمووشیانەوە خەڵاتی نۆبلٚ, بۆ خۆی قۆرخکردووە.

رەنگە نەتوانین لەم پێشەکییە کورتەدا لەهۆکاری ئەم بێسەروبەرەیی‌و لاوازی‌و بێبەرنامەییە بکۆڵینەوە کە بواری وەرگێڕانمان بەگشتی‌و وەرگێڕانی ئەدەبیاتمانی بەتایبەتی, گرتۆتەوە. بەڵام بەناچاری, دەبێت لەمەڕ هەندیٚ لەو کێشانەی کە لەساتەوەختی وەرگێڕانی ئەم چەند چیرۆکەی بۆرخسدا رووبەڕوومبوونەتەوە, بدوێم:

لە کاتی وەرگێڕانی ئەم چیرۆکانەدا رووبەڕووی چەند کێشەیەك بومەوە, کە زۆر ماندوویان کردم‌و چەند جارێك وایان لێکردم واز لەپڕۆژەکە بهێنم, بەڵام کە بیرم دەکردەوە لەنیوە زیاتریم تەواو کردووە دیسان پاشگەزدەبوومەوەو دەگەڕامەوە سەری. دەکرێت کێشەکانیش لەم چەند دێڕەدا کورتبکەمەوە:

جگە لەچیرۆکی (دوو پاشاو توناو تونەکانیان) کە لەئینتەرنێتەوە وەرمگرتووە (www.cappuccinomag.com/sto ry/000527.html )

www.pertwk.com

سەرجەمی ئەم چیرۆكانەم لەدوو سەرچاوەوە وەرگرتووە.

چیرۆكی(ڕاپرۆتی برۆدی)و (بەسەرهاتی رۆزیندۆ خوارێز)م لەكتێبی عەرەبی (تقرير برودي وقصص اخرى، تاليف خورخي لويس بؤرخس، ترجمة/ نهاد الحايك، مراجعة: الاب البير ابونا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد 1988، الطبعة الاولى. سلسلة المائة كتاب) وەرگرتووە, هەڵبەتە چیرۆكی دووەمیان (بەسەرهاتی رۆزندۆ خوارین) بۆ یەكەم جار, وەرگێڕ بەر لەوەی لەتوێی ئەو كتێبەدا بڵاویبكاتەوە, لەژمارە (5)ی گۆڤاری (اسفار) دا بڵاویكردۆتەوە, بەڵام كاتی خستوویەتیە نێو كتێبەكە, هەندێ دەستكاریكردووە, منیش یەكەم جار كە لەگۆڤاری ئایندەدا دەقی ئەو چیرۆكەم بڵاو كردەوە لەو نوسخەیەوە وەرمگرتبوو كە نهاد لەگۆڤارەكەدا بڵاویكردبووەوە, بەڵام ئێستا, بۆ ئەم كتێبە هاتووم لەگەڵ ئەوەیاندا بەراوردمكردووە كە ئەو لەكتێبەكەدا دایبەزاندووە, بێگومان كەمو زۆر جیاوازیی هەیە, بۆیە لێرەدا ئاماژەی پێدەدەم. دووەمیشیان (چیرۆكی راپۆرتی برۆدی), بەڕای من, ئەگەرچی لەهەموو چیرۆكەكانی تری بۆرخس ئاڵۆزتر و جوانترو هونەریترە, كەچی لەهەموویان بێكێشەتر بوو, چونكە لەلایەكەوە تەنیا دەقە عەرەبییەكەیم لەبەردەستابوو, لەلایەكی تریشەوە وەرگێڕ تەنیا ئەو دەقەی بڵاو كردۆتەوە كە لەكتێبەكەیدا بڵاوی كردۆتەوە, نازانم" رەنگیشە بەرلەوەی لەكتێبەكەیدا دایبەزێنێت, پێشتر لەگۆڤارێك یان رۆژنامەیەكدا بڵاویكردبێتەوە, بەڵام من بەشبەحاڵی خۆم نەمدیوە, بۆیە ئەم یەك سەرچاوەییە زۆر كێشەو گرفتی لەكۆڵكردمەوە.

چیرۆكەكانی ترم لەسەرچاوەیەكی فارسییەوە وەرگێڕاون كە بریتییە لە:

هزار توهای بورخس، خورخه لويس بورخس، ترجمه احمد ميرعلائى، تهران، چاپ دوم، سال 1380 ه. ش.

هەندێك لەم چیرۆكانە كە سەرەتا وەرمگێڕاون, دواتر كە دەقە عەرەبیەكانیانم لەكتێبەكەی (نهاد حايك) دا بینی و لەگەڵ دەقە فارسییەكە یان لەگەڵ وەرگێڕانەكەی خۆمدا بەراوردمكردن, هەستمكرد, نەك هەر لەماناو دەربڕینو وشەو رستەدا لەگەڵ سەرچاوە بەكارهێنراوەكەی مندا جیاوازییان هەیە, بەڵكو زۆرێكیان لەناونیشانیشدا جیاوازیی سەیرو سەمەرەیان هەیە, وەكو چیرۆكی (پایان دوئل–كۆتایی دویل), لەدەقە عەرەبیەكەیدا بە(المبارزه) هاتووە كە نێوانیان لەگەڵ وەرگێڕانە فارسییەكەدا ئاسمانو رێسمانە. یان چیرۆكی (رووبەڕووبوونەوە) كە لەدەقە عەرەبیەكەیدا بە(لقاء) وەرگێڕدراوە كە دیسان زۆر جیاوازە لەگەڵ فارسییەكەیداو ...هتد, سەبارەت بەناوی كارئەكتەرو شوێنو هەندێ شتی تر كارگەیشتۆتە ئەوەی لەسەرچاوەیەكیاندا ناوونازناوی كارئەكتەرێك وەك دوو كارئەكتەری جیاواز مامەڵەی لەگەڵ كراوە, بۆیە مرۆڤ وای لێدێت نەك هەر دڵی لە وەرگێڕانی دەستی دوو و سێ كرمێ بێت, بگرە ئەگاتە ئەو بڕوایەی كە جارێكی تر بیر لەم جۆرە وەرگێڕانە نەكاتەوە.

بەهەرحاڵ, بۆ چارەسەر كردنی ئەم كێشانە زۆر بیرمكردەوە, تەنانەت پرسم بەیەك دوو برادەریش كرد, ئەوەی ئەوان بۆیان پێشنیاركردمو سەرەتاش خۆم بڕوام پێی بوو ئەوەبوو كە: ئەو چیرۆكانەی ئەم كێشانەیان هەیە, دەقە فارسیو عەرەبییەكەیان بەیەكەوە دابنێم و لەگەڵ وەرگێڕانەكەی خۆمدا بەراوردیانبكەم. وامكرد, بەڵام لەگەڵ یەكەم بەراوردا تووشی راوەستانو سەرئێشەیەكی زۆر بووم, چونكە جیاوازییەكان

www.pertwk.com

ئەوەنــدە زۆر بــوون نەمــدەزانی فارســییەکەو عەرەبییەکــە کامیــان بکــەم بەسەرچـاوە, ئـەوجا گـوتم کامیـان جـوانتر وەرگێردرابـوو ئـەوەیان دەکـەم بەسەرچـاوە, بـەڵام ئـەوەش سـەرینەگرت چـونکە هـەردوو وەرگێڕانەکـە جـوانیو ناشـیرینی, بـەهێزیو لاوازیـی خۆیـان هـەبوو. جا بڕیارمـدا هـەر دەقێك کە بەفارسی و بەعەرەبی لەلام هەبێت, سەبارەت بەجیاوازییـەکانیان پـەراوێز بنووسـم. سـەیرمکرد ئەمـەش کـاری کـردن نییـە چونکە ئـەو کـات پـەراوێزەکان بەلایـەنی کەمـەوە ئەوەنـدەی خـودی کتێبەکـە دەردەچـوون, لەدڵی خۆمدا گـوتم خوێنـەر گوناهی چییە گـوێ لـەم راوو ڕێوییـە بگرێت, ئـەو هـاتووە چـەند دەقێکـی بـۆرخس بخوێنێتـەوە, نـەك راوبۆچـوونو بـەراوردەکانی مـن سـەبارەت بەراسـتکردنەوەی ئـەم دەقو ئـەو رسـتەو پەرەگرافانـە. بۆیـە بڕیارمـدا بیرۆکـەی بەراوردکردنەکـە بخەمـە لاوە, هـەر دەقەش لەگەڵ ئەو سەرچاوەیەدا بەراورد بکەمەوە کە هەوەڵ جار لێیەوە وەرمگێڕاوەو بەم پێشەکییە زۆر کورتو پێویستەش واز بێنم.

**یاسین عومەر**
**سلێمانی**
2003 /7 /28

# راپۆرتی برۆدی

لەنوسخەی بەشی یەکەمی کتێبی هەزارو یەك شەوەدا (لەندەن 1839) کە هاوڕێی ئازیزم (بۆلینۆ کاینز) بەخواستن دابووی پێم، ئەم دەستنووسەمان دۆزییەوە, کە وا لێرەدا وەریدەگێڕم بۆ زمانی ئیسپانی.

دەستنووسەکە بەخەتێکی جوان نووسراوەو وا لەپیاوەکات پێی وابێت کە هەر لەو ماوەیەدا نووسرا بێت (ئامێرەکانی چاپکردن فێریانکردین هونەری خۆشنووسیمان بیر بچێتەوە). پەراوێزی کتێبەکە پڕیە لەتێبینیو نیشانەی پرسیارو هەندێ جار راستکردنەوەش، بەدەستوخەتێکیش نووسراون کە هەمان دەستوخەتە دەستنووسەکەی پێنووسراوە. وا پێدەچێت خوێنەرەکە ئەوەندەی گرنگی بەخوونەریتی ئیسلام داوە, ئەوەندە گرنگی بەچیرۆك و هەقایەتە سەیرو سەمەرەکانی شەهرەزاد نەدابێت.. نەمتوانی هیچ بەڵگە و ئاماژەیەکم لەمەڕ دێڤید برۆدی دەستبکەوێت کە ئیمزاکەی وا بەدوا لاپەڕەی کتێبەکەوە. بەڵام دەزانم مژدەبەخشێکی سکۆتلەندیی بووەو, لە ئەبردین[1] لەدایکبووە، لەجەرگەی ئەفریقاو پاشان لەهەندێ بەشی دارستانی بەرازیلدا مژدەی مەسیحیەتی بەخەڵك داوەو زانینی زمانی پرتوگالیش یارمەتی ئەمەی

[1]- ئەبردین: کەنارێکی سکوتلەندییە لەسەر دەریای باکوور.



داوە. نازانم کەی ولە کوێ مردووە. دەستنووسەکەش، ئەوەندەی من بزانم، هەرگیز بڵاونەکراوەتەوە.

راپۆرتەکەی, کە بەئینگلیزییەکی شەقوشڕ نووسراوە, بەدەستپاکییەوە وەریدەگێڕم ، رێگەم بەخۆمداوە هەندێ ئایەتی پەڕاوی پیرۆز لابەرم کە تیایدا هاتوون، ئەو کالڤانیە[2] پیاوچاکە لەفەسڵێکدا بەزمانێکی لاتینی شەرمن باسی کرداری جووتبوونی سێکسی خێڵی یاهوی کردووە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە نووسراوەکە لاپەڕەی یەکەمی تیا نییە.

.. لەو ناوچەیەدا کەمرۆمەیموونەکان (Apemen) داگیریدەکەن (Mich)ەکان دەژین، بۆ ئەوەی خوێنەرانم ماکی ئاژەڵییانەی ئەوانەی بیرنەچێتەوەو وەکو دەریشدەکەوێت وەرگێڕانی وردو حەرفیی ناوەکەیان، بەهۆی نەبوونی پیتە دەنگیەکان لەزمانە رەقە ناخۆشەکەیاندا مەحاڵە، بۆیە لێرەبەدوا بە(یاهو) ناویاندەهێنم. ژمارەی ئەندامانی خێڵەکە (700) کەسێ دەبن، هێندەی بزانم، ئەو (NR)انەشیان تێدان کە لەناوچەی دارستانەکانەوە بۆ باکوور دەژین. ژمارەیەکی گریمانەییم هێناوەتەوە، یاهو، جگە لەشا و شاژن و جادووگەرەکانیان, لەهەرکوێ تاریکیکرد دەنوون، ماڵی جێگیریان نییە. بەهۆی پەتای لەرزوتاو ئەو هێرشە بەردەوامانەی مرۆمەیموونەکان دەیانکەنە سەریان دوچاری فەلاکەتو مەرگ بوونەتەوە.

تەنیا هەندێکیان ناویان هەیە، بۆ یەکتر بانگکردن قوڕ دەگرنە یەکتر. هەیانە, خۆم بەچاوی خۆم بینیومە بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی هاوڕێکەی خۆی لەزەویدا گەوزاندووە. لەرووی لەشو جەستەوە لەخێڵی (Kroo) دەچن، هێندە نەبێت ئەمان ناوچەوانیان چاڵترەو بریسکەیەکی

[2]- کالڤانی: رێبازی دەستەیەکی پرۆتستانتییە، کە کالڤین Calvinبڵاویکردۆتەوە، ددان بەدەستەڵاتی کەشیشەکاندا نانێت.

مسئاساش ڕەشییەکەیان ناسکتردەکاتەوە. لەسەر میوەو ڕەگی درەخت و خشۆکەکان دەژین. شیری پشیلەو شەمشەمە کوێرە دەخۆنەوەو بەدەست ڕاو دەکەن.

بۆ خواردن خۆیان دەشارنەوە, یان چاویان دادەخەن: بەڵام شتەکانی تر، هەروەکو فەیلەسووفە کەلبییەکان ، بەبەرچاوی هەمووانەوە دەیانکەن. تەرمی پاشاو جادوبازەکانیان دەستبەجێ دوای مردنیان, بەتام وچێژەوە لووشدەدەن، تا بەهۆی ئەم کارەوە کردەوە چاکەکانیان لێوەربگرن. کاتێکیش لەسەر ئەم خووەیان لۆمەمکردن، دەستیان بەدەم و سکیاندا هێنا، بێگومان دەیانویست پێم بڵێن مردووش دەخورێت, یان –پێموایە ئەم لێکدانەوەیەیان زۆر وردتر بێت– بۆ ئەوەی من تێبگەم کە هەرچی دەخۆین بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت و دەبێت بەگۆشتی مرۆیی.

لە شەڕەکانیاندا ئەو بەردانە بەکاردەهێنن کە ئەنباریاندەکەن، هەروەها نەفرەتی جادوییانەش بەکاردەهێنن. بەڕووتی دەژین و هونەری بەرگ و خاڵکوتان نازانن.

شتێك هەیە کە شایەنی سەرنجە, ئەویش ئەوەیە کەئەوان، سەرباری بوونی گردو بانگەلێکی پڕ لەگیا و فراوان کە کانیاوی سازگارو درەختی سێبەرداری لێیە، هاتوون ژیانی پڕ زەحمەتی نێو زۆنگەکانی چوار دەوری بانەکانیان هەڵبژاردووە, وەکو ئەوەی چێژ لەرووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خۆری ناوچەی هێڵی یەکسان و نوقمبوون لەپیسیدا وەربگرن. لای خوارووی گردۆڵکەیەك کە زۆر لێژبوو, شورایەکی پێکدەهێنا کە لەمرۆمەیموونەکان دەیپاراستن. لەزەوییە بەرزەکانی سکۆتلەندەدا، خێڵەکان کۆشکەکانیان لەسەر لوتکەی بەرزاییەکان دروستدەکرد: لەگەڵ

- کەلبی: ڕەوتێکی فەلسەفییە بەچاوی سووك دەڕوانێتە خوونەریت و رای گشتی و ڕەوشتی باو.



جادووگەرەکاندا لەمەڕ ئەم نەریتە دووام و وەکو نمونەیەك بۆم پێشنیارکردن، بەڵام بێسود بوو. کەچی هێشتیان کووخێك لەسەر گردێك دروستبکەم کە هەوای شەوی زۆر سارد بوو.

پاشایەکی دەسەڵات بێسنوور فەرمانڕەوایی خێڵ دەکات، بەڵام وەکو بزانم بەکردەوە ئەو چوار جادووگەرەی هەڵیبژاردوون و یاریدەیدەدەن فەرمانڕەوایەتیدەکەن. هەموو کوڕێ لەساتی لەدایکبوونیدا دەخرێتە ژێر پشکنینێکی وردەوە، نیشانەگەلێکی دیاریکراو هەن کە بەرزیدەکەنەوە بۆ ئاستی پاشای یاهو، پێیان نەووتم ئەو نیشانانە چین، گەر منداڵەکە ئەو نیشانانەی تێدا بوو ئەوا دەستبەجێ جادووگەرەکان دەیشێوێنن و چاوی دەسووتێنن، دەست و قاچەکانی دەبڕنەوە تاپەیوەندیکردنی بەجیهانەوە لەبەردەم داناییدا نەبێتە قۆرت. پاشا بەدابڕاوی لەئەشکەوتێکدا دەژی کە پێی دەڵێن (کازار)، جگە لەچوار جادووگەرەکە و دوو کۆیلە, کە خزمەتیدەکەن و بە زبڵ دەیڕازێننەوە, هیچکەس بۆی نییە بچێتەژوورێ. خۆگەر شەڕ هەڵگیرسا، جادووگەرەکان لە ئەشکەوتەکە ئەیهێننەدەرێ و، بەمەبەستی بزواندنی ئازایەتی و بەرزکردنەوەی وورەی خێڵ پیشانی خەڵکەکەی دەدەن و تا مەیدانی شەڕ وەکو ئاڵایەك یاخود تەلیسمێ لەسەر شان هەڵیدەگرن.

لە بارێکی ئاوادا، زۆربەی جار بەهۆی بەردەفڕکێی مرۆمەیمونەکانەوە یەکسەر پاشا دەکوژرێت.

شاژن, کە لەئەشکەوتێکی تردا دەژی، ڕێگەی پێ نادرێ پاشا ببینێ. زۆر بەگەرمی پێشوازیکردم, دەمبەپێکەنین و رووخۆش بوو، لاو بوو, جوانترینی خێڵەکەی بوو. چەندین بازنی زیوو عاج و ملوانکەگەلێك کە لەددان دروستکرا بوون رووتییەکانی رازاندبووەوە. لێموردبووەوە، بۆنی پێوە کردم، دەستی لێخشاندم و سەرئەنجام لەبەرچاوی هەموو خزمەتکارەکانی بۆم پاڵکەوت و ئامادەیی خۆی دەربڕی، بەڵام جلوبەرگە

کەهەنوتییەکەمو ڕەوشتوخووم وایان لێکردم ئەم شەرەفە ڕەتبکەمەوە، کە بەخۆشحاڵییەوە دەیبەخشێ بەجادووگەرەکان و ڕاوچیی ئەو کۆیلانەی کاروانەکانیان بەمەملەکەتدا تێپەڕدەبن. شاژن دوو سێ جار دەرزییەکی ئاڵتوونی بەلەشمدا چەقاند. ئەم دەرزیانە نیشانەی بەخششی پاشایین، زۆرێك لەئەندامانی خێڵی یاهو دەرزی بەلەشی خۆیاندا دەچەقێنن تاوا لەخەڵکی تر بگەیەنن کە شاژن ئەو کارەی کردووە. یاهو, لەبەر ئەوەی ناتوانن هیچ شتێ دروستبکەن، چەندە سادەش بێت, بۆیە پێیانوایە ئەو ڕازاندنەوەیەی لەسەرەوە باسمکردو لەناوچەگەلێکی ترەوە دێت, شتگەلێکی سروشتین. کوختەکەمیان بەدرەخت دەزانی، ئەگەرچی زۆرێکیان بینییانم دروستمدەکرد و لەدروستکردنیشیدا یارمەتییان دام. کاتژمێرێکی دەستیو کلاوێکی لەفلین دروستکراوو قیبلەنمایەكو ئنجیلێکم پێبوو. یاهووەکان تەماشای ئەو شتانەیان دەکردو بەدەست هەڵگێڕوداگێڕیان دەکردن و لێیاندەپرسیم لەکوێ دۆزیومنەتەوە. ئەوان زۆربەی جار چەقۆکەمیان لەدەمەتیژەکەیەوە بەدەستەوە دەگرت، بێگومان ئەوان بەشێوازێکی جیاواز لێیاندەڕوانی. نازانم چۆنچۆنی سەیری کورسییان دەکرد. هەروەها لەماڵێکدا کە لەچەند ژوورێ پێکبهاتایە سەریان لێتێکدەچوو، بەلاّم وننەدەبوون، ڕێك وەکو ئەو پشیلەیەی لەژوورەکانی ماڵدا وننابێت بەلاّم ناتوانێت ژوورەکان بناسێتەوە. هەموویان بەڕیشم سەرسامبوون کە ئەو کات زەردباو بوو، یاری و گەمەیان پێدەکرد.

یاهو, نەهەست بەئازار دەکەنو نەبەخۆشی و لەزەت، تەنها لەگۆشتی کاڵو گەنیوو بۆگەن خۆشی دەبینن. نەبوونی لێکدانەوە لەلایان پاڵیان پێوەدەنێت توندوتیژبن.

باسی شاو شاژنم کرد، ئێستا دەچمە سەر باسی جادووگەرەکان. وتم چوار دانەن، کە ئەمەش گەورەترین ژمارەیە هزری ژمێریارییان تێیبگات.



بەپەنجەکانی دەست یەك دوو سێ چوار دەژمێرن، زۆر ئەم کارە دەکەن. ناکۆتا لەپەنجە گەورەدا دەستپێدەکات. تێگەیشتم کە ئەوە حاڵی ئەو خێڵانەیشە کە بەنێو بۆینس ئایرسدا دێنودەچن. هەر چەندە ژمارە چوار دوایین ژمارەیە لەلایان ، بەلاّم ئەوانەی ئاڵوگۆڕیی بازرگانییان لەگەڵدا دەکەن هەرگیز فێڵیان لێناکەن و نایانخەڵەتێنن, چونکە هەموو شتێ لەکردارەکانی ئاڵوێردا بەسەر چەند پشکێکدا دابەشکراوە, هەر پشکێك پێکهاتووە لەبەشێ, یان دووان, یاخود سێ, یان چوار بەش، کە هەر کەس لەتەنیشت خۆیەوە دایدەنێ. ئەم کردارانە ئەگەرچی خاوو خلیچکانەن، بەلاّم هەڵەو فرتوفێڵی تێدا ناکرێت. لەنێو هەموو میللەتی یاهودا تەنیا جادووگەرەکان سەرنجیانڕاکێشام. میللەت توانای ئەوەیان دەدەنە پاڵ کە گوایە جادووگەرەکان کێیان بوێت دەیکەن بەمێرووله یان بەکیسەڵ. کاتێ یەکێکیان تێبینیی باوەڕنەکردنی منی کرد, شارە مێروولەیەکی پیشاندام، وەکو ئەوەی ئەمە بەڵگەی ڕاستیی ئەوە بێت. یاهو یادەوەرییان نییە و بەزەحمەت شتیان بیردەکەوێتەوە. ئەوان لەبارەی ئەو وێرانکارییەوە دەدوێن کە شالاّوی پڵنگەکان قەوماندبوویان، بەلاّم نازانن کە ئایا ئەوە خۆیان بوون ئەو شالاّوەیان بینیووە, یان کەسووکارەکانیان, تەنانەت نازانن ئەوەی دەیگێڕنەوە خەونێکە, یان نا, بەلاّم جادووگەرەکان بیرەوەرییان هەیە, وەلێ کورتماوەیە، دەتوانن دەمی ئێوارە، ئەو شتانە بەبیرخۆیان بهێننەوە کە ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی, یان تەنانەت شەوی پێشوو ڕوویانداوە. هەروەها بەهرەی پێشبینیکردنی ئایندەشیان هەیە. بۆ نموونە بەمتمانەیەکی لەسەرخۆوە ڕایدەگەیەنن: مێشێ بەگەردنمەوە دەنوسێ، یان لەپاش تۆزێکی تر گوێمان لەقیژەی باڵندەیەك دەبێت. سەدان جار ئەم بەهرە نامۆیەم بینیووە. زۆر بیرم لەم مەسەلەیە کردۆتەوە. ئێمە دەزانین کە ڕابوردوو و ئێستاو ئایندە, هەموویان لەیادە پەیامبەرانەی خواوەندیی نەبڕاوەدا هەن. بەلاّم سەیر لەوەدایە مرۆڤ

بتوانێت تا ناکۆتا بۆ دواوە بڕوانێ، نەك بۆ پێشەوە. ئەگەر من بیرەوەرییەکی روونم لەمەڕ ئەو چارۆکەیە هەبێ کە هات بۆ نەرویج و تەمەنم چوار ساڵاندەبوو، جا ئیتر بۆچی لەپێشبینیکردنی کەسێ بۆ رووداوێ کە لەلێواری رووداندایە سەرم سووربمێنێ. گەر فەلسەفییانە بدوێین، ئەوا نهێنی و رازی یاد کەمتر نییە لەرازی پێشبینیکردن بەئایندەوە..

قەدەغەیە خێڵ تەماشای ئەستێرەکان بکات، چونکە ئەم جیاوکە تەنیا بۆ جادووگەرەکان پارێزراوە. هەر جادووگەرێکیش قوتابییەکی هەیە کە هەر لەمناڵییەوە وانەی نهێنییەکانی فێردەکات، کە لەدوای مردنی جادووگەر جێی جادووگەر دەگرێتەوە. جادووگەرەکان هەمیشە چوار کەسن، کە ژمارەیەکەو مۆرکێکی جادوو ییانەی هەیە، چونکە دوایین ژمارەیە کە بیری یاهو پێیگەیشتووە. هەروەها ئەوان بەشێوازی خۆیان باوەڕیان بەدۆزەخ و ئاسمان هەیەو بەرای یاهو هەردووکیان لەژێر زەویدان. لەدۆزەخی وشك و رووناکیدا، نەخۆش و پیرو قوربانییەکانی مرۆمەیمون و پڵنگەکان نیشتەجێن: لەئاسمانیشدا, کە پێیان وایە تاریك و شێدارە, شاو شاژن و جادووگەرەکان و هەموو ئەوانەی لەسەر زەوی بەختیارو دڵڕەق و خوێنڕێژ بوون نیشتەجێدەبن. یاهو خواوەندێ دەپەرستن ناوی (زبل)ە کە زۆرتر لەسەر شێوەی پاشا وێنایدەکەن، بوونەوەرێکی شێواو، کوێر، ئیفلیج و تەواو دەستڕۆیشتوو.. زۆربەی کات شێوەی مێروولە یان مارێك[*] وەردەگرێت.

ئێستا لەپاش ئەو شتانەی باسمکردن، کەس سەرسامنابێ کە من بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەنێویاندا بووم نەمتوانی یەك دانە یاهوش بهێنمە

[*]– لەتێکستە عەرەبییەکەدا نووسراوە ماری(حنش) کە جۆرە مارێکی ناژەهراوییە.



سەر رێگای راست. دەربڕینی ( ئەی ئەو باوکەمان کە)[*] نیگەرانیدەکردن, چونکە مانای باوکایەتییان نەدەزانی. ئەوان لەوە تێناگەن کە کارێك نۆ مانگ لەوەوپێش کردویانە پەیوەندی بەلەدایکبوونی مناڵەوە هەبێ. ئەوان بەهۆکارێکی ئاوا کۆن و ئەقڵنەگیر قایلنابن. هەرچەندە هەموو ژنەکان سێکس دەکەن، بەڵام هەموویان دایکنین.

زمانیان ئاڵۆزەو لەهیچ کامێ لەو زمانانە ناچێت کە دەیزانم. ناتوانین قسە لەسەر بەش و لاکانی ئاخاوتن بکەین، چونکە هیچ ئاخاوتنێ بوونی نییەو هەر وشەیەکی یەك بڕگەیی هاوتای بیرۆکەیەکی گشتییە کە لەبواری باس و هێمای دیاریکراودا دیاریدەکرێت. بۆ نموونە وشەی( nrz)، ئاماژە بۆ بیرۆکەی پەرشوبڵاوی, یان پەڵەدەکات، هەروەها واتای ئاسمانی بەئەستێرە رازاوەش دەبەخشێ, یان پڵنگ، یان هەڵفڕینی باڵندە یان ئاوڵە یاخود پەڵەو لەکە, یان پەرشوبڵاوبوونەوە, تەنانەت هەڵاتن و راکردنی دوای بەزینیش دەبەخشێت. بەڵام (Hr1) ئاماژەیە بۆ شتی پەستێوراوو چڕ, هەروەها بەمانای خێڵ یان قەدی درەختیش دێت، یان بەردێ، یان کۆمەڵە بەردێ, یان کرداری کەڵەکەکردنەکەی، یان کۆبوونەوەی چوار جادووگەرەکە، یان جووتبوون، یان دارستان دێت. خۆئەگەر وشەیەك بەشێوەیەکی جیاواز, یان بەشێوەزارێکی جودا گوترا ئەوا بەتەواوی واتاکەی پێچەوانەدەبێتەوە.

ئەو هێزی دابڕینەی زمانێکی وا دەیسەپێنێ, واملێدەکات لەو باوەڕەدابم کە یاهو سەرباری دڕندەییەکەیان خێڵێکی سادە و سەرەتایی نین، بەڵام زۆر دواکەوتوون. وەکو پاڵپشتێکیش بۆ ئەم گریمانەیەم ئەو نەخش و نیگارانە باسدەکەم کە لەسەر لوتکەی گردۆڵکەکان دۆزیمنەوە, بەجۆرێ سیما و روخسارەکانیان سڕابوونەوە کە چیدی خێڵ ناتوانێت

[*]– نزایەکی مەسیحییەو بەم وشەیە(ئەی ئەو باوکەمان کە...) دەست پێدەکات.

هێماكانی لێكبداتەوە، لەو پیتانە دەچوون كە باپیرانمان هەڵیاندەكەندن، وەكو ئەوەی ئەم خێڵە زمانی نووسینی بیرچووبێتەوەو بەتەنها زمانی قسەكردنی پاراستبێ.

تاكە شێوازی خۆشیی و رابواردنی ئەو خەڵكە، شەڕە پشیلەو لە سێدارەدانە. گەر یەكێ بەئەتككردنی حورمەتی شاژن تۆمەتباربكرێت، پێویست بەقسەی شایەتو دانپیانان ناكات، بەڵكو پاشا فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا دەدا. ئەو داماوە ئەشكەنجەیەكی زۆر دەچێژێ، هەوڵدەدەم لەبیر خۆمیان بەرمەوە، پاشان بەردبارانیدەكەن. شاژن مافی خۆیەتی یەكەم بەردو دوابەرد بهاوێت كە خۆی لەخۆیدا نەریتێكی بێسوودە. جەماوەریش ستایشی كارامەییو جوانیی جەستەی دەكەنو هاواری بۆ دەكەنو گوڵو خوڵو پیسیی بەسەردا دەبارێنن. شاژنیش بەبێئەوەی وشەیەكی لەدەمدەرچێ پێدەكەنێ.

خێڵ نەریتێكی تریشی هەیە كە پەیوەندی بەشاعیرانەوە هەیە. بیرۆكەی دانەدەمیەكو كۆكردنەوەی شەش حەوت وشە كە زۆربەیان ناڕۆشنن بەمێشكی پیاوێكدا گوزەردەكات. كابرا بەپێوە لەنێوەڕاستی بازنەیەكدا, كە جادووگەرەكانو گەل پێكیانهێناوە, رادەوەستێت، گەل لەسەر زەوییەكە پاڵدەكەون، پیاوەكە بەدەنگی بەرز دەیانخوێنێتەوە. گەر هۆنراوەكە كاریگەریی لەسەریان نەبوو, ئەوا هیچ روونادات. بەڵام ئەگەر وشەكانی هەستی گوێگرەكانی بزواند, ئەوا هەمووان وەكو ئەوەی تووشی ترسی پیرۆز بووبێتن, بەبێدەنگی لێیدووردەكەونەوە. هەستدەكەن رۆح دەستی لێوەشاندووە, بۆیە هەموویان، تەنانەت دایكیشی لەدواندنی, یان تەماشاكردنی خۆی دەبوێرێ، چونكە ئەو كەسە چیدی مرۆڤ نییە، بەڵكو خواوەندە، هەموو كەسێ بۆی هەیە بیكوژێ. خۆگەر شاعیر توانی, ئەوا لەبیابانەكانی باكووردا بەدوای پەناگەیەكدا دەگەڕێت.



پێشتر باسمكرد چۆن گەیشتمە ناوچەی یاهو. بێگومان خوێنەر وا دەزانێ كە ئەوان چوار دەوریانداوم ومنیش بەتفەنگەكەم تەقەم بەئاسماندا كردووەو ئەوانیش وایان زانیوە تەقە جۆرێكە لەهەورە بروسكەی جادوویی. بۆ ئەوەی ئەم لێكدانەوەیە بەهێز بكەم، هەمیشە بەبێچەك دەگەڕام.

بەرەبەیانی رۆژێكی بەهاری، لەناكاو مرۆمەیموونەكان هێرشیان هێنایە سەرمان, بە راكردن لەقوللەكەم هاتمە خوارەوە، چەكەكەم بەدەستەوە بوو، دووانم لەو ئاژەڵانە كوشتن, بەڵام ئەوانی تر لەترساندا هەڵاتن. وەكو دەزانین گوللە نابینرێت. بۆ یەكەمجار لەژیانمدا گوێملێبوو هوتافم بۆ دەكێشن، پێموابوو هەر ئەو كاتەیە شاژن پێشوازی لێكردم، بیركردنەوەی یاهو لاوازە، پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە كۆچمكردو رۆیشتم. سەركەشییەكانم لەدارستاندا گرنگ نین. دواجار خۆم لەگوندێكی رەشپێستنشیندا بینیەوە، كشتیاریو جووتیاریو نوێژیان دەزانی، توانیم بەزمانی پوورتوگالی لەگەڵیان بدوێم. نێردراوێكی كاسۆلیكی لێبوو, ئەویش باوكە (فێرناندز) بوو، لەكووخەكەیدا میوانداریكردمو بایەخی پێدام تا حاڵم وای لێهات بتوانم درێژە بەگەشتە سەخت وناخۆشەكەم بدەم. سەرەتا كە باوكە فێرناندزم بینی وا بێشەرمكردن دەمیدەكردەوەو پارووی تێفڕێدەدا, شەرم گرتمیو دەستم بەچاومەوە گرت, پاشان زۆری نەخایاندو دوای چەند رۆژێ راهاتم. ئێستاش بەوپەڕی خۆشییەوە وتووێژە لاهووتییەكانمان لەبیرن. نەمتوانی بیگەڕێنمەوە بۆ باوەڕی راستەقینە بەیەسوع.

ئەم دێڕانە لەگلاسكۆ[] دەنووسم, رووداوەكانی كاتی نیشتەجێبوونم لەنێو یاهودا باسكرد، بەڵام وردەكاریم لەسەر ئەو ترسە سەرەكییە نەكردووە كە تاكو ئێستاش بەتەواوی لێی رزگارنەبوومو هێشتاش هەر

[]– گلاسكۆ: شارێكی سكۆتلەندییە.

www.pertwk.com

دێته خەونم، من ئێستاش وا هەستدەکەم کە ئەوانە چوار دەوریان تەنیوم. بەتەواوی ئەوە دەزانم کە یاهو میللەتێکی دڕندەن، ڕەنگە دڕندەترین میللەتی سەر زەویش بن، بەڵام زوڵمە هەندێ چاکیو باشیان لەبەرچاو نەگرین کە شەفاعەتیان بۆدەکات. یاهو دامودەزگاو پاشایان هەیە و زمانێك بەکاردەهێنن کە تێگەیشتنگەلێکی گشتگیر لەخۆدەگرێت، هەر وەکو عیبرانی و یۆنانیەکان لەو باوەڕەدان کە شیعر سەرچاوەیەکی خودایی هەیە، پێشبینی ئەوەشدەکەن کە پاش مردنی جەستە" ڕۆح لەژیان بەردەوام دەبێت. هەروەها باوەڕیان بەبوونی پاداشتو سزا هەیە, ئەوانیش نوێنەرایەتیی شارستانیەتییەك دەکەن کە ئێمە سەرباری هەموو گوناهەکانمان نوێنەرایەتیدەکەین. پەشیماننیم لەوەی لەگەڵیاندا بەشداری کوشتنی مرۆمەیمونەکانم کردووە. ئەرکی سەرشانمانە ڕزگاریانبکەین، هیواخوازم میریی شکۆدارمان لەبەرامبەر ئەو پێشنیارانەدا کە ئەم ڕاپۆرتە پێشکەشیاندەکات کەمتەرخەمو بێدەربەستنەبێت.

# ئینجیل بەپێی گێڕانەوەی مەرقۆس

ئەم رووداوانە لەکێڵگەی لاکۆلۆڕادۆ[7], لەبەشی باشووری دەوروبەری شاری خونین[8], لەدوایین رۆژەکانی مانگی مارسی 1928 دا روویانداوە. پاڵەوانی رووداوەکە, باڵتازار سپینۆزا[9] خوێندکاری کۆلیژی پزیشکی بوو, کە لەوەسفکردنیدا دەتوانرێت بگوترێت یەکێ بوو لەلاوە ئاساییەکانی بۆینس ئایرس, هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی نەبوو جگە لەمیهرەبانییەکی بێ سنورو توانایەك لەقسەو وتاربێژی دا" ئەم توانایەی لەقوتابخانەی ئینگلیزی رامۆس میخیا[10], خەڵاتێکی زۆری بۆ وەدەستهێنابوو. ئەهلی باس‌و خواس‌و مشتومڕ نەبوو, هەمیشەش مافی بەو کەسە دەدا کە قسەی بۆ دەکرد. لەو یارییانەی کە بەشداری تێدا دەکرد پشتی بەبەخت‌و شانس دەبەست, بەڵام یاریکەرێکی خراپبوو چونکە هیچ چێژێکی لەبردنەوە وەرنەدەگرت. زیرەکیەکەی نەکەوتبووە سەر رێیەکی راست. لەسی‌و سێ ساڵیدا هێشتا بڕوانامەی وەرنەگرتبوو, لەبەرئەوەی لەوانەیەکدا کە زۆریش حەزی لێیبوو, نمرەی دەرچوونی نەهێنابوو. باوکی(وەکو هەموو پیاوانی سەردەمەکەی خۆی) کە باوەڕی بەئایین نەبوو, بە وانەو

7- La Colorado
8- Junin
9- Baltasar Spinoza
10- Ramos Mejia



نووسینەکانی هێربێرت سپنسەر[11] ئاشنایکردبوو, بەڵام جارێکیان بەرلەوەی بەگەشتێك بچێت بۆ مۆنتیڤیدیۆ[12], دایکی بەڵێنی لێوەرگرتبوو کە هەموو شەوێك نزا بخوێنێت‌و خاچ بکێشێت. سپینۆزا هەرگیزاو هەرگیز و بەدرێژایی چەندین ساڵ لەبەڵێنەکەی خۆی لاینەدا.

سپینۆزا ئەوەندەش بێگێچەڵنەبوو, رۆژێکیان, زۆرتر لەڕوی کەمتەرخەمییەوە نەك تووڕەیی, لەگەڵ کۆمەڵە خوێندکارێکی زانکۆدا کە هەوڵیاندەدا هانییدەن تا بەشداریی خۆپیشاندانی زانکۆ بکات دوو سێ مشتەکۆڵەیان سرەواندبووە یەکتری. بەهۆی ئەم خولق‌وخووە بێوەیەی, بیروباوەڕگەلێك, یان باشتر وایە بڵێم کۆمەڵێك بۆچوونی هەبوو کە شایانی توێژینەوە بوون. ئەوەندە گرنگی بەئەرجەنتین نەدەدا, بەڵام ترسی لەوە هەبوو کە خەڵکی شوێنەکانی تری جیهان بەسوورپێستمان بزانن, فەڕەنسای دەپەرست بەڵام رقی لەفەڕەنسییەکان بوو" بایەخێکی ئەوتۆی بەئەمریکاییەکان نەدەدا, بەڵام دانی بەو راستییەدا دەنا کە لەبۆینس ئایرسیش باڵەخانەی بەرزی وەکو باڵەخانەکانی ئەمریکا هەن" بڕوای وابوو کە لەئەسپسواریدا گاوانەکانی دەشت لەگاوانەکانی کوێستان باشترن. کاتێ دانییێلی[13] پوورزای بانگهێشتیکرد تا مانگەکانی هاوین لەلاکۆلۆڕادۆ بەسەر بەرێت, یەکسەر پەسەندیکرد, نەك لەبەرئەوەی زۆر حەزی لەژیانی کێڵگەو باخبوو, بەڵکو لەبەر حەزی دەرونیی خۆی بەڕازیبوون, هەروەها لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوە بەبەڵێ بۆ ئەو ئاسانتر بوو لەهێنانەوەی پاساوگەلێك بۆ رەتکردنەوەی بانگهێشتەکە.

11- Herbert Spencer (1820–1903) فەیلەسوفی ئینگلیزی‌و دامەزرێنەری قوتابخانەی فەلسەفەی گەشەسەندن.

12- Montevdeo
13- Daniel

باڵەخانەی سەرەکی کێڵگەکە گەورەو کەمێکیش وێرانبوو" شوێنی نیشتەجێی سەرکار, کە ناوی گوتریّ[14] بوو, لەنزیك باڵەخانە سەرەکییەکەوە بوو. خێزانی گوتریّ لەسیّ کەس پێکدەهات: باوك, کوڕێك تازە موی لێهاتبوو, کچێکیش کە وا دەرنەدەکەوت کچی ئەو باوکە بێت. هەر سێکیان بالأیانبەرز, لەشپتەو, ئێسکئەستور, قژێکی مەیلەوسووریان هەبوو, سیماو روخساریان نیشانەی خوێنی سوورپێستی تێدا بوو. زۆر کەم قسەیان دەکرد. ژنی سەرکار لەمێژ بوو مردبوو.

لەویّ, دوور لەشار, سپینۆزا کۆمەڵێك شت فێردەبوو کە پێشتر نەیدەزانین, تەنانەت بیریشی لێنەکردبوونەوە– بۆ نموونە ئەوەی کە نابێت ئەسپ لەشوێنی نیشتەجێی خەڵکدا چوارناڵەی پێبکرێت, یان ئەوەی کە نابێت هیچ کاتیّ بەبیّ مەبەستێکی دیاریکراو ئەسپسواری بکرێت. لەپاش ماوەیەکی زۆر توانی جۆری مەلەکان بەدەنگەکانیانا بناسێتەوە.

پاش چەند رۆژێك, دانیێلّ ناچار بوو, بۆ کڕینی مێگەلو مەڕو مالأت بەرەو بۆینس ئایرس بەڕێبکەویّ. ئەم کارە بەلای کەمەوە یەك هەفتەی پێدەچوو. سپینۆزا تاڕادەیەك لەبیستنی باسکردنی سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی کوڕە پوورەکەی لەئەشقبازی لەگەڵ ژنانو بایەخدانی ماندوونەناسانەی بە وردەکاریەکانی مۆدێلی جلوبەرگی پیاوانە تاقەتیچووبوو, وای بەباش زانی کە بەخۆیو کتێبی وانەکانییەوە لەکێڵگەکەدا بمێنێتەوە. بەلأم گەرما تاقەتپڕوکێنبوو, تەنانەت لەشەویشدا ئەم گەرمایە کەمینەدەکرد.

ڕۆژێکیان دەمەو بەیان, هەورەتریشقەیەك لەخەوڕاییەڕاند. با, لەدەرەوە کاژەئوسترالییەکانی بەتوندی دەلەراندنەوە. سپینۆزا بەبیستنی دەنگی

14 - **Gutre**



یەکەمین نمەی گەورە گەورەی باران, سوپاسی خوای کرد. زووبەزوو هەوا ساردیکرد. هەرهەمان رۆژ نیوەڕۆکەی لافاوی رووباری سالادۆ[15] هەڵسا.

ڕۆژی دواتر, کاتیّ باڵتازار سپینۆزا لەهەیوانی خانووەکەوە سەیری کێڵگە بەئاوداپۆشراوەکانی کرد, لەدڵی خۆیدا بیریکردەوە کە بەیەکچواندنی دەشت بەدەریا زۆریش بیّ بناغە نییە –لانی کەم بەیانی ئەو رۆژە بێبناغە نەبوو– هەر چەندە دەبلیو ئەیچ هودسۆن گوتوویەتی کە دەریا بەربلأوتر دێتە پێشچاو لەبەرئەوەی لەعەرشی کەشتییەوە دەریا دەبینین, نەك بەسواری ئەسپەوە, یان لەئاستی چاواندا.

باران خۆشی نەکردەوە, خێزانی گوتریّ بەکۆمەکی سپینۆزای شاری, کە نەدەزانرا یارمەتییان دەدات یان بەردەستیاندەگرێت, توانییان بەشێکی زۆری مێگەلەکە دەرباز بکەن, بەلأم ژمارەیەکی زۆریش هەر نوقمبوون. چوار جادە دەچوونەوە سەر لاکۆلۆرادۆ" هەموویان ئاو داپۆشیبوون. رۆژی سێیەم, کاتیّ کە قلیشێك مەترسیی زۆری هەبوو بۆ سەربانی ماڵەکەی سەرکار, سپینۆزا لەپشتەوەی باڵەخانە سەرەکییەکە, نزیکی ئەنبارەکە, ژوورێکی‌دا بەخێزانی گوتریّ. ئەم کارە ئەوانی لەم نزیکتر کردەوە, لەهۆڵێکی گەورەی نانخواردندا پێکەوە نانیاندەخوارد. هەر زوو دەرکەوت کە پەیوەندیو قسەکردن لەگەڵ ئەوانەدا کارێکی دژوارە. خێزانی گوتریّ کە لەبارەی کاروباری دێهاتەوە ئەم هەموو شارەزاییەیان هەبوو. لەروونکردنەوەی ئەم کاروبارانەدا خۆیان دەدزیەوە. شەوێکیان سپینۆزا لێیپرسین کە ئایا خەڵکی هێشتا شالأوی سوورپێستەکانیان لەو سالأنەدا لەبیرە کە فەرماندەیی هێزەکانی سەر سنور لەخونین جێگیر بوو.

15- **Salado**

**W.H.Hudson** (1922–1841) نووسەری ئینگلیزی. لەدایكو باوکێکی ئەمریکی, لەنزیکی بۆینس ئایرس لەدایکبووە. بەرهەمەکانی زۆرتر تایبەتن بەباسکردنی جوانیەکانی سروشت.

www.pertwk.com

ئەوان گوتیان بەڵێ، بەڵام ئەگەر پرسیارێك لەمەڕ پەڕاندنی سەری چارلزی یەکەمیش بکرایە، هەر هەمان وەڵامیاندەدایەوە. سپینۆزا قسەکەی باوکی بیرکەوتەوە کە دەیگوت ئەو بیرەوەرییانەی کە لەبارەی رۆژگاری پێشووەوە لەلادێ‌و گوندەکاندا دەگێڕدرێتەوە، لەراستیدا هەر یەکەیان مەسەلەیەکە لەفەرامۆشکاری یان نەبوونی ئاگاداریی ورد لەبارەی مێژووەکانەوە. گاوانەکان زۆربەیان بەرواری لەدایکبوونی خۆیان، یان تەنانەت ناوی ئەو کەسەش کە خستوونیەتیەوە نازانن.

وا دەردەکەوت لەهەموو ماڵەکەدا، جگە لەخولێکی (گۆڤاری کشتوکاڵی)، کتێبێك لەمەڕ ڤێتەرنەری، نوسخەیەکی بەنرخی داستانێکی ئۆرۆگوایی بەناوی (تاباریٚ)[17]، یەك دانە لە"مێژووی مێگەلە شاخکورتەکان لەئەرجەنتین" ژمارەیەك داستانی ئارەزوو وروژێن‌و پۆلیسی‌و، رۆمانێکی تازە بەناوی "دۆن سێگوندۆ سۆمبرا[18]" بابەتی خوێندنەوەی تر نەبوو. سپینۆزا، کە هەوڵیدەدا بەجۆرێك لەجۆرەکان مەودای بەتاڵ‌و لەچارنەهاتووی پاش نانخواردن پڕبکاتەوە، یەك دوو بەشێکی رۆمانەکەی بۆ خێزانی گوتریٚ خوێندەوە“ هیچیان نووسین‌و خوێندنەوەیان نەدەزانی. جا بۆ بەدبەختی لەبەرئەوەی سەرکار خۆی گاوان بوو، کارەکانی گاوانێکی تر، واتە پاڵەوانی کتێبەکە، نەیتوانی سەرنجی بەلای خۆیدا رابکێشێت، سەرکار دەیگوت کە کارەکەی ئەو ئەوەندە قورس نەبووە، گاوانەکان لەسەفەردا هەمیشە ئەسپێکی زیادەیان پێیە کە هەرچی پێویستییان هەیە هەڵیدەگرێت، ئەو ئەگەر گاوان نەبوایە

[17]- Tabare

[18]. **Don Segundo Sombra** رۆمانێکی "ڕیکاردۆ گویراڵدیس"ی نووسەری ئەرجەنتینیەو یەکێکە لەبەرهەمە کلاسیکییەکانی ئەدەبیاتی ئەرجەنتین. دۆن سگۆندۆ (پاڵەوانی کتێبەکە) نموونەی گاوانێکی ئەرجەنتینییە.



ئەوا هەرگیز شوێنگەلێکی دووری وەکو لاگونادگومس[19]، شاری براگادۆ[20]، لەوەرگەی خێزانی نونێس[21] لەچاکابوکۆ[22]ی نەدەبینی. گیتارێك لەچێشتخانەکەدا بوو“ کرێکارانی کێڵگە، بەر لەکاتی ئەو رووداوانەی کە من باسیاندەکەم، خوویان وابوو لەدەوری یەك کۆببنەوەودانیشن. یەکێکیان ئامێرەکەی کۆکدەکرد، بەبێئەوەی تەنانەت بیشیژەنێت، ناوی ئەم کۆڕوکۆبوونەوەیاننابوو جەژنی گیتار.

سپینۆزا، کە ریشێکی هێشتبووەوە، لەبەردەم ئاوێنەکەدا دەستیکرد بەوردبوونەوە لەبەژن‌وباڵای خۆی، لەم بیرەی کە چۆن چۆنی، کاتیٚ بۆ بۆینس ئایرس دەگەڕێتەوە، بەگێڕانەوەی چیرۆکی هەڵسانی ئاوی سالادۆ حەوسەڵەیەك بۆ هاوڕێکانی ناهێڵێتەوە، زەردەیەکی هاتیٚ. سەیر ئەوە بوو دڵی بۆ شوێنگەلێك تەنگ بوو بوو کەهیچکاتیٚ بەرلەوە هاتوچۆی نەکردبوون و پاشانیش هەر نەیکرد: گۆشەیەکی شەقامی کابرێرا[23] کە سندووقێکی پۆستی لێبوو“ پەیکەری شێرێکی لەچیمەنتۆ دروستکراو، کە لەسەر دەرگای باڵەخانەیەکی شەقامی خونوی[24]، چەند شەقامێك لەولای گۆڕەپانی ئۆنسە[25]“ مەیخانەیەکی کۆنی زەویکاشیکراو، کە بەتەواوی لەناوەکەی دڵنیانەبوو. ئەوەندە نیگەرانی باوك‌و براکانی نەبوو، بێگومان ئەوان تا ئەو کاتە لەدانیێڵیان بیستبوو کە لافاو–هەر بەڕاستیش– دایبڕیوە.

سپینۆزا، کە هێشتا بەهۆی لافاوەکانەوە نەیدەتوانی لەماڵ بچێتەدەریٚ، لەناو ماڵەکەدا دەستیکردە گەڕان‌و نوسخەیەکی ئینگلیزی

[19]- Laguna de gomez
[20]- Bragado
[21]- Nunez
[22]- Chacabuco
[23]- Cabrera
[24]- Juiny
[25]- Once

ئنجیلی کەوتە بەردەست. لەنێوان لاپەڕە سپییەکانی کۆتایی کتێبەکەدا ناوی راستەقینەی ئەندامانی خێزانی گوتریٚ نووسرابوو، دەستنووسێکیان لەبارەی نەژادی خۆیان بەجێهێشتبوو. ئەوان خەڵکی ئینڤێرنیس بوون" لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا وەکو کرێکاری سادە، گەیشتبوونە کیشوەرە تازەکە و لەگەڵ سوورپێستەکاندا ژنوژنخوازییان ئەنجامدابوو. شەجەرەنامەکە لەدوو سێ ساڵێکی پاش هەزارو هەشت سەدو هەفتادا دەبڕا، واتە ئەو کاتەی ئەوان ئیدی نووسینیان بیرچووبووەوە. لەدوای چەند وەچەیەك بەتەواوی زمانی ئینگلیزییان لەبیرچووبووەوە"، کاتێ سپینۆزا ئەوانی ناسی تەنانەت زمانە ئیسپانییەکەشیان ئەوەندە پاراوو رەوان نەبوو. هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی ئاینییان لەدەستدابوو، بەلاٚم لەخوێنیاندا، نیشانەگەلێکی نادیار لەدەمارگیریی وشکی کالڤینیزمەکانو ئەفسانەی سوورپێستە دەشتنشینەکان مابوونەوە. دوای ماوەیەك، سپینۆزا لەمەڕ ئەم دۆزینەوەیەی خۆی قسەی لەگەڵ کردن، بەلاٚم ئەوان ئەوەندە بایەخیان پێنەدا.

هەروا کە لاپەڕەی کتێبەکەی هەڵدەدایەوە، پەنجەکانی لاپەڕەی یەکەمی ئینجیلی مەرقۆسیان کردەوە. سپینۆزا بڕیاریدا، وەکو راهێنانێك لەوەرگێڕاندا، رەنگیشە بۆ ئەوەی بۆی دەربکەوێت کە ئایا خێزانی گوتریٚ هیچی لێتێدەگەن، یان نا، لەپاش شێوکردن دەقەکەیان بۆ بخوێنێتەوە. لەوەی کە ئەوان چاك گوێیاندەگرتو بەقولاٚیی باسەکەدا رۆچووبوونە خواری" زۆر سەریسوڕما، رەنگە پیتە ئاڵتوونییەکانی سەر بەرگی کتێبەکە کە هەیبەتو درەوشاوەیی بەکتێبەکە بەخشیبوو، ئەم سەرسامییەی ئەوانی دروستکردبێت. سپینۆزا پێیوابوو کە هێشتا بیرو بۆچوونو

– Guthrie شارێکە لەباکوری سکۆتلەندە.

27- Inverness



باوەڕی کۆن لەخوێنیاندا ماوەتەوە. بۆشی دەرکەوت کەبەدرێژایی مێژووی تۆمارکراو، وەچە یەك لەدوای یەکە مرۆییەکان، هەمیشە دوو چیرۆکیان گێڕاوەتەوە– یەکێکیان چیرۆکی ئەو کەشتیە گومبووەی کە لەزەریای سپیی ناوەڕاستدا بەدوای بەهەشتی بەڵێنپێدراودا دەگەڕا، ئەوی تریشیان چیرۆکی ئەو خوداوەندەی کە لەجەلجەتا لەخاچدرا. سپینۆزا بەیادی وانەکانی گوتاربێژیی قوتابخانەی رامۆس مەخیا، لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا هەڵدەستایە سەرپێ.

ئەندامانی خێزانی گوتریٚ ئێستا ئیدی گۆشتی برژاوو ساردینەکانیان بەپەلە قوتدەدا تا لەخوێندنەوەی ئینجیلەکە دوانەکەون. بەرخۆلەیەکی بچکۆلانەی دەستەمۆی کچە کە بەپارچە شریتێکی شین رازاندبوویەوە، لەنێو تەلە دڕکاوییەکاندا گیریخواردو برینداربوو. ئەو سیانە بۆ وەستاندنەوەی خوێنەکە، دەیانویست تاڵی جاڵجاڵۆکە بخەنە سەر برینەکە، بەلاٚم سپینۆزا بەچەند دەنکە کەپسولێك بەرخۆلەکەی چارەسەر کرد. رێزدانانی ئەوان لەدەرمانکردنەکەی ئەو بووە مایەی سەرسوڕمانی. (ئەو لەسەرەتادا متمانەی بەخێزانی گوتریٚ نەبوو، بۆیە ئەو دوو سەدو چل پزوەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، لەتوێی یەکێ لەکتێبەکاندا شاردبوویەوە.) سپینۆزا، ئێستائیتر خاوەنی موڵکێکی نادیار بوو، بەنوێنەرایەتی ئەو موڵکە چەندین فەرمانی شەرمنانەی دەدا، کە یەکسەر جێبەجێدەکران. ئەوان وەك بڵێی بەبێئەو هەست بەونبوونبکەن، حەزیاندەکرد ژوور بەژوور و بەدرێژایی ئەو هەیوانانەی کە چواردەوری ماڵەکەیان دابوو بەدوایەوە بن. کاتێ کتێبەکەی بۆ دەخوێندنەوە، هەستیکرد بەدزییەوە ئەو وردە خواردنانە دەدزن کە ئەو لەسەر مێزەکە فڕێی دابوون. شەوێکیان غافڵگیریکردنو گوێی لێبوو لەچەند وشەیەکی زۆر کورتدا، بەڕێزەوە باسیدەکەن.

www.pertwk.com

کاتێ ئینجیلی مەرقۆسی تەواوکرد، ویستی یەکێ لەو سێ ئینجیلەی تریان بۆ بخوێنێتەوە کە مابوونەوە، بەڵام باوکە داوایلێکرد هەر ئەوەیان بۆ دووبارەبکاتەوە کە خوێندبوویەوە، تا باشتر بتوانن تێیبگەن. سپینۆزا هەستیکرد ئەوانە وەکو منداڵ وان دووبارەکردنەوەیان لەلا خۆشترە تا تازەیی و هەمەچەشنی. ئەو شەوە – ئەمە هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە – خەونی تۆفانی نوحی بینی" دەنگی پیاکێشانی چەکوشێك کە بەر کەشتییەکە دەکەوت بەخەبەریهێنا" و بیریکردەوە کە ڕەنگە دەنگی هەورەتریشقە بووبێت. لەراستیدا ئەو بارانەی کە خۆشیکردبووەوە دوبارە دەستیپێکردبووەوە. سەرمایەکبوو دەتگوت گوێزانە. ئەندامانی خێزانی گوتریێ پێیانگوتبوو کە لافاو زیانی بەسەربانی ئەمبارەکە گەیاندووەو پاشئەوەی دارەڕای سەربانەکەیان چاککردەوە نیشانیدەدەن. خێزانی گوتریێ لەگەڵ ئەودا کە چیدی لەناویاندا نامۆ نەبوو، بەحەزو خۆشییەکی وەهاوە ڕەفتاریاندەکرد، کە گەیشتبووە رادەی مەراییکردن. هیچ یەکێ لەوان حەزی لەقاوە نەبوو، بەلام لەبەر خاتری ئەو هەمیشە کوپێکی بچکۆلەی لێبوو کە بەردەوام شەکریان تێدەکرد.

باوبۆرانی دووەم، شەوی سێشەممە دەستیپێکردبوو. شەوی پێنجشەممە، سپینۆزا بەهۆی لێدانێکی لەسەرخۆوە کە لەدەرگای ژوورەکەی درا کە–بۆ دڵنیایی زیاتر– هەمیشە قفڵیدەدا، خەبەریبووەوە. لەنوێنەکەی هاتەدەرەوەو دەرگاکەی کردەوە: کچەکەی سەرکار بوو، لەتاریکیدا زۆر بەگران دەیتوانی ببینێت، بەڵام بەدەنگی پێیدا زانی کە پێی پەتییە. چەند ساتێ دوای ئەوە، لەناو جێگەدا، تێگەیشت کە دەبێت کچەکە ئەو هەموو ڕێگەیەی لەوبەری باڵاخانەکەوە بەرووتی بڕیبێت. کچە باوەشی پیادا نەکردو هیچی نەگوت، هەر هێندە نەبێت بەهەڵلەرزینەوە لەتەنیشتیەوە راکشا. ئەمە یەکەم جاربوو لەگەڵ پیاوێکدابێ. کچە لەکاتی رۆیشتنیشدا ماچینەکرد" سپینۆزا تێگەیشت کە تەنانەت ناویشی



نازانێت. لەبەر هۆیەك کە نەیدەویست بۆ خۆیشی روون بکاتەوە، بڕیاریدا کە لەکاتی گەڕانەوە بۆ بۆینس ئایرس ئەم ڕووداوە بۆ هیچ کەسێك نەگێڕێتەوە.

ڕۆژی دواتر وەکو ڕۆژی پێشوو دەستیپێکرد، جگە لەوەی باوکەکە لەگەڵ سپینۆزا قسەیکردو لێیپرسی کە ئایا مەسیح خۆی هێشتبووی بیکوژن تا هەموو خەڵکی تری جیهان رزگاریانبێت، یان نا. سپینۆزا کە خۆی باوەڕی بەئایین نەبوو، وەلێ لەئاست ئەوەی کە بۆ ئەوانی خوێندبووەوە خۆی بە بەرپرسیار دەزانی، بۆیە وەلامیدایەوە: "بەڵێ، بۆ رزگار کردنی هەمووان لەدۆزەخ."

ئالەو کاتەدا گوتریێ پرسی: "دۆزەخ چییە؟"

"شوێنێکە لەژێرزەویدا، شوێنێکە کە تیایدا گیانەکان دەسووتێنن و دەسووتێنن."

"ئایا ئەو سەربازە ڕۆمییانەش کە بزمارەکانیان بەچوار پەلی مەسیحدا داکوتی ئەوانیش رزگاریانبوو؟"

سپینۆزا کە زانیارییەکانی لەمەڕ کاروباری ئایینی ئەوەندە نەبوو گوتی: "بەڵێ."

هەموو ئەو ماوەیە، لەوە دەترسا نەکا سەرکار پرسیار لەبارەی ئەوەوە بکات کە شەوی رابوردوو بەسەر کچەکەیدا هاتبوو. دوای نانی نیوەڕۆ، داوایان لێکرد کە دووبارە بەشی دوایینی ئینجیلەکە بخوێنێتەوە.

سپینۆزا، ئەو رۆژە پاشنیوەڕۆکەی، ماوەیەکی زۆر نووست. نووستنێکی سووك، کە لێدانی بەردەوامی چەکوش و دڵەڕاوکێیەکی نادیار لێی تێکدەدا. نزیکی خۆرنشینانێك، هەستا و چووە هەیوانی دەرەوە. وەك بڵێی بەدەنگی بەرز بیر بکاتەوە، گوتی: "ئاوەکان نیشتوونەتەوە. ئیدی ئەوەندە ناخایەنێت."

گوتریێ، وەکو زایەڵە، دووبارەیکردەوە: "ئیدی ئەوەندە ناخایەنێت."

هەرسێکیان بەدوای ئەودا دەهاتن. لەحاڵێکدا کە لەسەر بەردڕێژەکە کڕنوشیان بردبوو, داوای تەبەڕوکیان لێکرد. پاشان سووکایەتییان پێکردو تفیان لێکرد, بەرەو بەشی دواوەی باڵەخانەکە راویاننا. کچەکە دەگریا. سپینۆزا زانی لەودیوی دەرگاکە چی چاوەڕوانیەتی. کە دەرگاکەیان کردەوە, گۆشەیەکی ئاسمانی ساماڵی بینی. مەلێك دەیخوێند. لای وا بوو مەلی بێدارییە. ئەمبارەکە بێسەربانبوو: ئەوان داری سەربانەکەیان داگرتبووە خوارێ تا خاچیان لێدروستبکەن.

# نەمرەكان

چیدی چاوی ئێمە بینینی ئێمەی كوێر نەكرد
"ڕوپێرت برووك[28] "

كێ لەو ڕۆژانەداو لەو هاوینە پاكژەی ساڵی 1923 دا, دەیتوانی پێشبینی ئەوە بكات كە نۆڤلێتی "هەڵبژێردراو"ی كامیلۆ.ن. هوەرگۆ[29] , كە لەلایەن نووسەرەوەو بەخەتی خۆی لەسەر بەرگەكەی پێشكەشكرا بوو (من ئەوەندە باوەڕم بەئوسولێ هەبوو كە بەرلەوەی بكەوێتە بازاڕەوە ڕانانێ بۆ كتێبەكە بكەم), نووسەر لەژێر پەردەی پاڵەوانی چیرۆكەكەدا هەقیقەتێكی پێغەمبەرانەی شاردۆتەوە. وێنەی هوەرگۆ لەچوارچێوەیەكی شێوە هێلكەیی ڕازاوەی بەرگەكەدایە. هەر كاتێ سەیریدەكەم, وادێتە بەرچاوم كە وێنەكە دەیەوێت بكۆكێت, هوەرگۆ یەكێك بوو لەقوربانییانی نەخۆشییەكانی سنگ كە هێنری مژدەدەری هەر بەلاوی كوشت. بەكورتییەكەی, سیل نەیهێشت ئەو نامەیەی بگاتە دەست, كە من لەجۆش و خرۆشەكانی سەخاوەتمدا بۆ ئەوم نووسیبوو.

28- Rupert Brooke
29-Camilo. N. Huergo



ڕستەیەك كە لەسەری سەرەوەی ئەم وتارە پڕ لەئەندێشەیەدا, دانراوە لەرۆمانی ناوبراوەوە وەرمگرتووە, داوام لەدوكتۆر مۆنتینگرۆ[30] ی ئەندامی كۆڕی زانیاری كرد بۆم وەرگێڕێتە سەر زمانی ئیسپانی, بەخوێنەر گەیاندبێت, ئێستا شێوەیەكی چڕكراوەی چیرۆكەكەی هوەرگۆ دەخەمەبەردەست.

گێڕەرەوەی چیرۆكەكە بەمەبەستی بینینی دۆن گویل لێرمۆ بلاك[31] ی خاوەن مەڕوماڵاتی ئینگلیزی, كە جگە لەپەروەردەو بەخێوكردنی مەڕوماڵات, هێزو توانای خۆی بۆ كۆكردنەوەی نوسخە بەناوبانگەو پەراگەندەكانی ئەفلاتون تەرخانكردبوو, كە دوایین تاقیكردنەوەو سەیرترین تاقیكردنەوە بوو لەبواری نەشتەرگەریدا, گەشتێك بەباشوری "چوبوت[32] "دا دەكات. دۆن گویل لێرمۆ لەسەر بنەمای لێكۆڵینەوەكانی ئەنجامگیری ئەوە دەكات كە پێنج هەستەكە تێكدەری پەیبردنن بەهەقیقەت, یان هەقیقەت هەتكدەكەن, ئەگەر بمانتوانیایە خۆمان لەمە ڕزگار بكەین ئەوا جیهانمان بەو شێوەیە دەدی كە هەیە - بێكات و بێكۆتایی. ئەو پێیوایە كە وێنەی نەمری شتەكان لەقووڵایی ڕۆحدان و دەزگا هەستییەكان كە خوڵقێنەر پێی بەخشیوین مایەی زەحمەتێكی تەواون. ئەو هەستانە لەگەڵ ئەو چاویلكە ڕەشانەدا جیاوازییەكیان نییە كە لەحەنای ئەو شتانەی لەدەرەوەی ئێمەدان كوێرماندەكەن و لەهەمان كاتدا ناهێڵن سەرنجبدەینە ئەو شكۆیەی لەناوەوەماندایە.

بلیك لەیەكێ لەكچە دێهاتییەكان كوڕێكی بوو بوو, تا ئەمەخوایە ڕۆژێك ئەم كوڕە ئاشنای ڕاستییەكان ببێت. یەكەمین خولیاكانی ئەم باوكە, بێهەستكردنی كوڕە بوو بەرانبەر بەژیان و ئازادكردنی بوو لەكۆتوپێوەندی

30-Dr. Montenigro
31- Don Guillermo Blake
32- Chubut

www.pertwk.com

هەستەکانی بۆنکردن و چەشتن. بەهەمان شێواز سوودی لەهەموو تواناکان وەردەگرت تا کەسی هەڵبژێردراو لەجەستەی خۆی بێئاگابێت. بۆ سەرجەمی کاروبارەکانیش دەزگاگەلێکی دروستکردبوو کەکاری هەناسەدان، سووڕی خوێن، خواردن، هەرسکردن و دەردانیان ئەنجامدەدا. جێیداخبوو کە ئەم کوڕە تەواو ئازادبووە لەرووبەڕووبوونەوەو پەیوەندیکردن لەگەڵ گرۆی ئادەمیزاددا بێبەشبوو. گێڕەرەوە، بەهۆی کارو ژیانەوە لەوێ دەڕوات. لەپاش دە ساڵێ دەگەڕێتەوە. دۆن گویل لێرمۆ مردووە، کوڕەکەشی هەر بەو شێوەیەی کە دۆن خۆی ویستویەتی، بەدڵ و هەناسەیەکی سروشتییەوە لەژوورێکی چکۆلەی لەدار دروستکراوی تۆزلێنیشتوودا کە پڕ پڕە لەکەلوپەلی جۆراو جۆر ژیان بەسەر دەبات. گێڕەرەوە، کە دەیەوێت بڕوات و ئاوڕ لەدوای خۆیشی نەداتەوە ئاغزەجگەرەکەی فڕێدەداتە سەرزەوی و ژوورۆچکەکەی نوقمی ئاگردەکات و ئێستاشی لەسەر بێت بەتەواوی تێناگات کە ئەمە بەرێکەوتبوو یان بەئەنقەست ئەم کارەی کردووە. بەم شێوەیە چیرۆکەکەی هوەرگۆ کۆتایی پێدێت، چیرۆکێك کە بۆ سەردەمی خۆی سەیرو سەرسووڕهێنبوو بەلام ئێستا مووشەکەکان و ئاسمانەوانان و هەڵسووڕاوانی زانستیی ئێمە لەوە واوەتر هەنگاویاننناوە.

***

لەپاش کورتکردنەوەیەکی خێراو بێبیرلێکردنەوەی ئەم چیرۆکە لەنووسەرێکی مردوو و لەبیرکراوەوە –کە هیچ شتێکی نییە سوودی لێوەربگرم– دەگەڕێمەوە بۆ بنەڕەتی بابەتەکە. یادەوەریی، بەیانیی رۆژێکی شەممەی ساڵی 1964م لەمێشکدا زیندوودەکاتەوە کە بەڵێنی دیدارێکم لەگەڵ دوکتۆر رائول ناربۆندۆ[33] ی پسپۆڕی پایەبڵندی ئەو نەخۆشییانەی کە بەهۆی پیرییەوە سەرهەڵدەدەن، هەبوو. راستییە

33- **Raul Narbondo**



ئازاراوییەکە ئەمەیە کە ئێمە لاوانی پڕ شۆڕو شەوقی کۆن درێژە بەژیان دەدەین، داهۆڵی زەبەلاح لاواز دەبێت، گوێی راست، یان چەپ لەکار دەکەوێت، چین و چروکگەلێکی رەش دروستدەبێت، ددانی ئاشە مەکینەکە دەکەون، کۆکە بنج دادەکوتێت، پێ بەسەر بەردڕێژێکدا هەڵدەخزێت، ستوونی بڕبڕەی پشت دەبێتە دوو لەتەوە، هەر زۆر سادە بیلێین، گەورەی خێزانەکە پەکی دەکەوێت. لەم بارەیەوە گومانی تێدا نەبوو، کاتی ئەوە هاتبوو کە بەمەبەستی پشکنینی گشتی دوکتۆر ناربۆندۆ ببینم، بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە، کە ئەو پسپۆڕیی لەگۆڕینی ئەندامە خراپبووەکاندا هەبوو.

زۆر ناڕەحەتبووم، چونکە ئەو رۆژە پاش نیوەڕۆکەی تیپی لاوانی پالێرمۆ و وەرزشکارانی ئیسپانیا پێشبڕکێیەکی تۆڵەسەندنەوەئامێزیان هەبوو، رەنگە من نەمتوانیایە جێگەی خۆم لەریزی پێشەوە بگرم و هانی ئەو تیپە بدەم کە خۆشمدەوێ، خۆم گەیاندە کلینکەکەی دوکتۆر کە لەشەقامی کورێنتس[34] ی نزیکی پاستۆر بوو. شوێنی کلینکەکە قاتی پانزدەیەمی باڵەخانەی ئامادانتە[35]. بەئەسانسۆر سەرکەوتمە سەری (ئەسانسۆرەکە دەستکردی کۆمپانیای ئەلێکترا[36] بوو.) کاتێ رووبەڕووی تابلۆ برۆنزییەکەی دکتۆر ناربوندۆ بوومەوە، پەنجەمنا بەدوگمەی زەنگەکەدا، پاش ساتەوەختێك، کە تیایدا هەوڵمدەدا ئازایەتیی خۆم بپارێزم، بەنێو دەرگانیوەکراوەکەدا خۆم خزاندە ژوورەوەو چوومە ژووری چاوەڕوانییەوە. لەوێ لەگەڵ دوایین ژمارەکانی "هاودەمی ژنان"و "خومبو[37]" بەتەنها مامەوە، بەهەرجۆرێکبوو چەند سەعاتێکم تێپەڕاندن تا سەعاتەکە زەنگی دوازدەی لێداو لەکورسییە پانوپۆڕەکەم

34- **Corrientes**
35- **Amadant**
36- **Electra**
37- **Jumbo**

کێشامیەدەرەوە. لەحاڵێکدا کە وەك پۆلیسی تاوان حیسابم بۆ هەرجوڵەیەکم دەکرد, یەك دوو هەنگاوم بەرەو ژوورەکەی تەنیشتەوە هەڵهێنا, تەماشایەکی ناوەوەم کرد, دانی پیادەنێم کە ئامادە بووم بەبیستنی بچووکترین دەنگ هێرش ببەم. لەخوارەوە, لەشەقامەکەوە دەنگیهاتوچۆو هۆڕنی ئوتومبیلەکان هاتوهاواری رۆژنامەفرۆشێك, دەنگی گرتنی ئیستۆپێك کە گیانی رێبوارێکی دەکڕییەوە, دەهاتن" بەلام, بێدەنگی باڵی بەسەر چواردەورمدا کێشابوو. بەتاقیگەیەکدا تێپەڕیم کە لەژووری گەنجینەی دەرمانسازان دەچوو, پڕ بوو لەئامێری دلۆپاندن و ئامرازی جۆراو جۆر. بەمەبەستی گەیشتن بەژووری پیاوان, پالم بەدەرگایەکەوە نا کە لەکۆتایی تاقیگەکەدا بوو.

لە ناو ژوورەکەدا, شتێکم بینی سەیر دەهاتە پێشچاوم. ئەم ژووری گەنجینە بچکۆلەیە شێوەکەی خڕ بوو, بۆیەی سپی کرابوو, تاقێکی بچووکی هەبووو بەگڵۆپی شیری روونـاك کرابووەوە, تەنانەت پەنجەرەیەکیشی تیادا نەبوو تا هەستی دڵتەنگی بڕەوێنێتەوە. ژوورەکە چوار کەس, یان چوار تاك قەنەفەی تێدابوو, رەنگیان وەکو رەنگی دیوارەکان, لەدار دروستکرابوون, شێوەشیان شەشپاڵوویی بوو. لەسەر هەر شەش پاڵوویەك شەش پاڵوویەکی بچووکی تر هەبوو کە کلاوڕۆژنەیەکی موشەبەکی هەبووو لەژێر ئەویشدا قڵشتێك وەکو قڵشتی سندووقی پۆست. گەر بەوردی لەکلاوڕۆژنە موشەبەکەکە وردببوویتایەتەوە, بەترسەوە هەستت دەکرد کە لەناوەوەیدا شتێك وەکو جووتێ چاو چاودێریتدەکات. لەدرزەکانەوە جاروبار دەنگی ئاهو هاوارێك بەکۆرس دەهاتە دەرەوە کە تەنها خوا خۆی دەیتوانی سەری لێدەربچێت. شێوازی هەڵچنینی ئەم شەشپاڵووانە بەچەشنێکبوو کە بەشێوەی چوارگۆشەی بەرامبەر یەك دانرابوون, شێوەی ئەمە هەستی جۆرە شوێنێکی لێپرسینەوەیان دەدا بەپیاو. نازانم چەند خولەکی خایاند تا



دکتۆر هاتە ژوورەوەو پێیگوتم: "داوای لێبوردن دەکەم, بوستۆس[38], کە لەچاوەڕوانیدا هێشتمیتەوە. چووببوومە دەرەوە تا پێشوەخت و بەر لە کەسانیتر بلیتی پێشبڕکێی نێوان لاوانی پالێرمۆو وەرزشکارانی ئیسپانیام دەستبکەوێت." ئاماژەی بۆ شەشپاڵووەکان کردو درێژەی پێدا: "با بەسانتیاگۆ سیلبەرمان[39], و بەسکرتێری خانەنشینکراوی دادگەی لودیۆنا[40] و ئەکوایلس مۆلیناری[41] و خاتوو بوگارد[42]ت بناسێنم.

لەناو شتەکانەوە خشپەیەکی سووك هاتەگوێ. بەپەلە دەستم بردە پێشەوەو بەبێئەوەی شانازی دەستگوشینی ئەوانم پێبڕێت, ئابڕوومەندانە دەستم کێشایەوە دواوە, زەردەخەنەیەکی سارد لەسەر لێوەکانم نەخشیانبەستبوو. بەهەر جۆرێکبوو خۆم گەیاندە راڕەوەکەو بەمنگەمنگەوە توانیم بڵێم: "مەی. مەیێکی بەقوەت."

ناربوندۆ بەپەرداخێکی پلەپلەکراوی پڕ لەئاوەوە لەتاقیگەکە هاتە دەرەوەو چەند کەپسولێکی کردەناوی, ئاوەکە قوڵتیدا و چەند بڵقێك لەسەر رووی دەرکەوتن. چ تێکەڵەیەکی دلڕفێن– تامە ترسناکەکەی منی بەئاگاهێنایەوە. پاشان دەرگای ژوورە بچووکەکە قفڵدراو روونکردنەوەکەی ئەو دەستیپێکرد: "ئازیزم بوستۆس, خۆشحالم کە دەبینم نەمرەکانی من بەتەواوی کاریگەرییان لەسەر تۆ داناوە. کێ بە مێشکیا دەهات کە هۆمۆساپین, مەیموونی مرۆڤنمای داروین, بتوانێت, بەکامڵبوونێکی ئاوا بگات؟ دڵنیاتدەکەمەوە کە ماڵەکەی من لە هەموو ئەمریکای باشووردا, تەنیا شوێنێکە کە بەتەواوی بنەما زانستیەکانی دکتۆر ئەریك ستاپلیدۆن[43]ی تیا رەچاودەکرێ. بێگومان بیرتدێ کە مردنی

---

[38]- Bustos
[39]- Santiago Silberman
[40]- luduena
[41]- Aquailes Molinari
[42]- Miss Bugard
[43]- Dr. Eric Stapledon

پڕداخوکەسەری دوکتۆری لەدەستچوو, کە لەزلاندنۆ روویدا, کۆڕە زانستییەکانی دوچاری چ سەرسامییەك کردن. سەرباری ئەمە, شانازی بەخۆمەوە دەکەم کە توانیومە کۆششە سەرەتاییەکانی ئەو بەچەند دەستکارییەکی ئەرجەنتینییەوە, تەواو بکەم. گریمانە, خۆی لەخۆیدا – وەکو سێوەکەی نیوتن – تاڕادەیەك سادەیە. مردنی جەستە, هەمیشە ئاکامی ناتەواویی یەکێ لەدەزگاکانە, جا دەتەوێت ناوی گورچیلەی لێبنێ, یان سی یاخود دڵ, هەرکامێکیان کە پێت خۆشە. بەگۆڕینی پارچەکانی دەزگاکە , کە هەر یەکەیان بۆ خۆی قابیلی فەوتانن, بەدانانی چەند ئەڵتەرناتیڤێکی کانزایی و لاستیکی لەبری ئەوان, ئیدی هیچ پاساوێکبوونی نییە کە مرۆڤ – بۆ نموونە خۆت بوستۆس دۆمێك[44] – نەتوانێت بەنەمری بمێنیتەوە. بەپێچەوانەی هەموو قسە جوانە فەلسەفییەکانەوە دەتوانرێت لەش پتەوبکرێت و جاروبار رابهێنرێ, بەم شێوەیە مێشك درێژە بەژیانی خۆی دەدات. ئامانجی کۆتایی بەدەستهاتووە –مێشك بەبێ ترس لەمردن درێژە بەکاری خۆی دەدات. هەریەك لەنەمرەکانی ئێمە دڵنیان, گرەنتییەکەی ئێمە ئەم دڵنیاییە پتەوتردەکات, کە دەبنە شایەتێکی هەمیشەیی" کە شەوو رۆژ بەسیستەمی کارەبایی شەحن وتازەدەبێتەوە, دوایین باروی ژیانە کە لەنێوان ئەو خانەو بۆڵبرینگانە هاوکاریی یەکتر بکەن. ئەویتری فۆڕمیکا و پۆلاو پلاستیکە. هەناسەدان, خواردن, زاووزێ, جولان و پاڵنان پەیوەستن بەرابوردووەوە. نەمری ئێمە لەجێی خۆیدا دەمێنێتەوە. هەڵبەتە ئەوە راستە کە یەك دوو دەستکاری بچووك پێویستن. دەبێت دەربڕینی زارەکی و گفتوگۆ پێشبخرێن. سەبارەت بەخەرجییەکانیش, پێویستناکات خۆت سەخڵەتبکەیت. لەچەند رێیەکەوە کە لەرێڕەوە یاساییەکەدا مەیسەرە, داواکار داراییەکەی بۆ ئێمە دەگوێزێتەوە, کۆمپانیای ناربوندۆ –من,

[44]- **Bustos Domecq**



کوڕەکەم و وەچەکانی ئەو – تا دنیا دنیایەو هەر بەو جۆرەی کە هەیت, زەمانەتی مانەوەتدەکات, پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەم زەمانەتە کاشە."

ئالێرەدا دۆستانە دەستێکی خستە سەر شانم. هەستمکرد خەریکە ویستەکەی ئەوم بەسەردا زاڵدەبێت. "ها–ها–ها! دەبینم ئاگرەکەتم گەش کردۆتەوە, بوستۆسی ئازیز, بیرم لێکردویتەتەوە. پێویستت بەنزیکەی دوو مانگ هەیە تا کارەکانت بەڕێبخەیت و وەرگرتنەوەی بەشەکانت بە ئێمە بسپێریت. سەبارەت بەخەرجی کارەکەیش, لەبەرئەوەی تۆ هاوڕێمیت, بۆت کەمدەکەمەوە, لەجیاتی هەقدەستی هەمیشەیی خۆمان کە دە هەزار دۆلارە, لەگەڵ تۆ نۆ هەزارو پێنج سەد حیسابدەکەم, بێگومان ئەم پارەیە دەبێت کاش بێت. ئیدی سەروەت و سامانەکەت پەیوەندیی بەخۆتەوە هەیە. خەرجی ماڵ, خزمەت و ئاگاداری دەکرێت. نەشتەرگەریی پزیشکی بەتەواوی بێ ئازارە. مەسەلەکە تەنیا بڕین و جێگۆڕینە. هیچ نیگەرانی ناوێت. لەم ماوەیەدا, تەنیا هەوڵبدە ئارام و بێخەمبیت. ئومێدەوارم خۆت لەخواردنی قورس و جگەرە و خواردنەوە, مەگەر ئەوەی کەدەستکردی خۆتە –یەك دوو پێك ویسکی – خۆت بەدوور بگریت و لەهەموو شتێکیش گرنگتر خۆت لەبێئارامی بەدوور بگریت."

لێیم پرسی: "بۆچی دوو مانگ؟ مانگ و چەند رۆژێك بەسە. هۆشم دێتەوە بەر, یەکێکی تر بۆ شەشپاڵووەکانی ئێوە زیادبووە. خۆ ئێوە ناوونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی منتان لەلایە. پەیوەندی بەیەکەوە دەکەین. ئەوپەڕەکەی تا هەینیی ئایندە دەگەڕێمەوە."

لەبەر دەرگای چوونە دەرەوەدا, ئەو کارتی نەمیرۆڤسکی,نەمیرۆڤسکی و نەمیرۆڤسکی[45], دایە دەستم, کە راوێژکارانی ماف سەبارەت بەوەسێتنامەو وردەکاریەکانیتری خزمەتەکانیان دەیخەنە بەردەستی منەوە,. تا دەرگای چوونە ژوورەوەی میترۆکە بەویقاری تەواوەوە

[45]- **Nemirovski, Nemirovski & Nemirovski**

هەنگاومنا. جا ئەو کات بەراکردن بەپلیکانەکاندا هاتمەخوارەوە. کاتم بەفیڕۆنەدا. هەمان شەو بەبێئەوەی هیچ جێپێیەك جێبهێڵم، شوێنی خۆم گواستەوە بۆ ئوتێلی نیو ئیمپەرشیاڵ[46]، و دەفتەری ئوتێلەکەم بەناوی خەیاڵی ئەکویلێس سیلبەرمان[47] ئیمزا کرد. لێرە لەم ژووری نوستنەدا کە لەکۆتایی ئەم هۆتێلە مامناوەنجییەدایە، لەحاڵێکدا کە ریشێکی دەستکردو چاویلکەیەکی شەمسیم کردۆتە چاوم، سەرقاڵی نووسینەوەی شیکاریی ئەوەم کە روویدا.

[46]- New Impartial
[47]- Aquiles Silberman

www.pertwk.com

# نهێنیی بوونی ئێدوارد فیتز جێراڵد

پیاوێك, بەناوی عومەری کوڕی ئیبراهیم, لەسەدەی یازدەی زایینییدا (بە بۆچوونی خۆی سەدەی پێنجی کۆچی) لەئێران لەدایك دەبێت, قورئان‌و حەدیس لەسەر دەستی (حەسەنی کوڕی صەباح)ی دامەزرێنەری داهاتووی گروپی بەنگکێشەکان یان ئیسماعیلیە, و نیزامولمولك, کە پاشتر دەبێتە وەزیری ئەلپ ئەرسەلان‌و رزگارکەری قەفقاز, فێر دەبێت.

ئەم سێ هاوڕێیە بەگاڵتە, یان هەر بەڕاستی سوێند بۆ یەك دەخۆن کە ئەگەر رۆژێك لەرۆژان بەخت روویکردە یەکێکیان, ئەوا دووانەکەی تریانی لەبیرنەچێتەوە. نیزام لەساڵەکانی کاملبوونی تەمەنیدا دەگاتە پلەی وەزارەت. عومەر بۆ خۆی هیچی ناوێت تەنیا گۆشەیەك نەبێت تا لەسایەی شەوکەتی وەزیرداو لەپێناوی بەردەوامی حکومەتەکەی ئەودا نزا بکات‌و بیر بکاتەوەو لەبیرکاریدا قووڵ ببێتەوە. (حەسەن پلەوپایەیەکی بەرزتری لەنیزام دەوێت‌و بەدەستیشی دەهێنێت, سەرئەنجامیش لایەنگرەکانیی, وەزیر دەدەنە بەرخەنجەرو دەیکوژن) ساڵانە موچەی عومەر لەبەیتولماڵی نەیشاپوور بەدەهەزار دینار دیاریدەکرێت‌و ئەمەش توانا دەداتە عومەر تا هەوڵ‌و کۆششی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەکانی تەرخان بکات. عومەر بورجخوێندنەوە رەتدەکاتەوە بەڵام روودەکاتە ئەستێرەناسی, لەراستکردنەوەی تەقویمێکدا کە جێگەی سەرنجی سوڵتان دەبێ بەشداریدەکات‌و نامیلکەیەکی بەناوبانگیش لەزانستی جەبردا دەنوسێت



کە رێگاچارەیەکی ژمارەیی زۆر بۆ هاوکێشە پلە یەك‌و پلە دووەکان, هەروەها رێگاچارەی ئەندازەیی, لەرێگەی شیتەڵکردنی داتاشراوەکانەوە, بۆ هاوکێشە پلە سێیەکان, لەخۆ دەگرێت. نهێنی ژمارەکان‌و ئەستێرەکان بێزاری ناکەن" لەگۆشەی کتێبخانەکەیدا دەقەکانی ئەفلاتین دەخوێنێتەوە, ئەفلاتین کە لەزمانی ئیسلامیدا, بەئەفلاتۆنی میسری یان بەمامۆستای یۆنانی دەخوێنرێتەوە, هەروەها پەنجا وقسوور نامەی عیرفانی‌و رافزی چەشنی ئیخوان ئەلسەفا, کە دەڵێت جیهان دروستبووی یەکبوون‌و گەڕانەوە بۆ یەکبوون, دەخوێنێتەوە... ئەو, وەکو ئیمامی فارابی حیسابدەکرێت, کە لەو باوەڕەدا بوو شێوەکانی بوونەوەر بوونێکی جیایان لەشتەکان نییە, هەروەك ئیمامی ئەبو عەلی سینا کە جیهانی بەشتێکی هەمیشەیی دەزانی. یەکێ لەگێڕانەوەکان باس لەوەدەکات کە ئەو باوەڕی بەدووناودوونی گیان لەجەستەی مرۆڤەوە بۆ جەستەی ئاژەڵ هەیە, یان وا خۆی دەردەخات کە بڕوای بەمە هەیە, لەشوێنێکدا لەگەڵ ولاخێکدا قسەدەکات, وەکچۆن فیساگۆرس لەگەڵ سەگدا قسەیدەکرد. ئەو باوەڕی بەئایین نییە بەڵام زۆر باش دەتوانێت بەشێوازی بڕوادارە زۆر جدییەکان وردترین ئایاتی قورئانی لێکبداتەوە, لەبەر ئەوەی هەموو پیاوێکی هۆشیار زانایەکی خوداییشە و دیسان لەو روەوە کە بۆ بوون بەزانای ئیلاهیات باوەڕ پێویست نییە. عومەری کوڕی ئیبراهیمی خەیام لەماوەی نێوان ئەستێرەناسی‌و جەبردا شیعرگەلێك دادەنێت کە نیوە بەیتی یەکەم‌و دووەم‌و چوارەمی هاوسەروا دەبن. درێژترین دەستنوسێ کە ماوەتەوە پێنج سەد دانە لەم چوارینانە دەداتە پاڵ ئەو, ئەم ژمارە کەمەش زیان لەناوبانگی ئەو دەدات, لەبەرئەوەی لەئێران (وەك چۆن لەئیسپانیای سەردەمی لۆپێ‌و کاڵدرۆن)دا دەبوایە شاعیر بەرهەمی زۆری هەبوایە. خەیام لەساڵی 517ی کۆچیدا سەرقاڵی خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەیەك دەبێ بەناوی (وحدت و کثرت)" جۆرێك بێئۆقرەیی, یان فاڵێکیخراپ لەکار

رایدەگرێت. لەجێی خۆی هەڵدەستێت, لاپەڕەیەك كە جارێكی تر چاوی پێناكەوێتەوە دەستنیشاندەكات‌و روودەكاتە خوا, ئەو خوایەی كە رەنگە هەبێت, رەنیشكە نەبێت, ئەو خوایەی كە ئەو لەلاپەڕە سەختودژوارەكانی نامیلكەی جەبرەكەی خۆیدا داوای كۆمەكی لێكردووە. هەمان رۆژ, لەكاتی خۆرئاوابووندا, خۆری تەمەنی ئەویش ئاوادەبێت. هەر لەو رۆژانەداو لەدوورگەیەكی باكووری خۆرئاوادا كە بۆ نەخشەكێشەرانی ئیسلامی نەزانراوە, پادشای ساكسۆن كە پادشای نەرویجی شكاندووە, خۆیشی بەدەستی شازادەیەكی نۆرمانی تێكدەشكێت.

حەوت سەدە بەباق‌و بریقەكان, بەئاشووب‌و لێدان‌و برینەكان" تێپەڕ دەبێت, لەئینگلتەرەش, پیاوێك بەناوی ئێدوارد فێتز جێراڵد, دێتە دنیاوە, كە توانای مێشكی لەتوانای مێشكی عومەر كەمترە, بەڵام رەنگە شۆرو شەوق‌و بەهەستبوونی لەو زیاتر بووبێ. فێتز جراڵد دەزانێ كە چارەنووسی راستەقینەی ئەو لەئەدەبیاتدایەو بەسەرسەختییەوە دوای ئەم چارەنووسە دەكەوێت. چەندین جار دۆن كیشۆتە دەخوێنێتەوە, كە بەبۆچوونی ئەو گەورەترین كتێبی جیهانە (حەزناكات سەبارەت بەشكسپیرو ڤێرژیلی باش ئاشنا بێبەزەییبێت), حەزی ئەو فەرهەنگێكیش دەگرێتەوە كە واتای وشەكانی تیادا دەدۆزێتەوە. لەم مەسەلەیەوە تێدەگات كە هەر كەسێ تۆزێك بەهرەی مۆسیقا لەبوونیدا هەبێت دەتوانێت بەدرێژایی ژیانی, ئەگەر ئەستێرەكان رازیبن, دە دوازدە جارێك شیعر بهۆنێتەوە, بەڵام نایەوێت ئەم بەهرە بچكۆلەیە بەشێوەیەكی نابەجێ بەكاربهێنرێت, لەگەڵ (تنێسن, كارلایل, دیكنز, ساكری) دا هاوڕێیەتی هەیە بەڵام سەرباری ئەدەب‌و بێفیزییەكەی بەهیچ جۆرێك خۆی لەوان بەكەمتر نازانێت. جێراڵد, وتووێژێكی جوان‌و سەرنجڕاكێشی بەناوی



یوفرانوەر وچەند گێڕانەوەیەكی مامناوەندیی لەمەڕ كارەكانی كاڵدرۆن و مەرگەساتە گەورە یۆنانییەكانی بڵاوكردۆتەوە. حەزی لەخوێندنەوەی ئیسپانی نامێنێ, روودەكاتە فارسی‌و دەستدەكات بەوەرگێڕانی (لۆژیكی باڵندە), كە داستانێكی عیرفانییە, مەلەكان بەدوای پاشاكەی خۆیاندا, سیمرغ, لەشەقەی باڵ دەدەن و حەوت دەریا دەبڕن" تا سەرئەنجام دەگەنە كۆشكەكەی‌و بۆیان دەردەكەوێت كە خۆیان سیمرغن, هەموویان سیمرغن‌و هەر یەكەشیان بۆ خۆی سیمرغە. لەدەوروبەری ساڵی 1854دا نوسخەیەكی دەستنووسی شیعرەكانی عومەر بەخواستن وەردەگرێت. لەكۆكردنەوەی شیعرەكاندا جگە لەرێكخستنی ئەلفبێیەك هیچ رێكخستنێك لەبەرچاو نەگیراوە" فێتز جێراڵد یەك دوانێك لەچوارینەكان وەردەگێڕێتە سەر زمانی لاتینی. ئیمكانی گۆڕینی ئەو شیعرانە بۆ شیعرێكی یەكلەدواییەكی رێكوپێك كە بەوێنەگەلی شاعیرانەی بەرەبەیان‌و گوڵ‌و بولبول دەستپێبكات, و بەچەند وێنەیەكی شەو و گۆڕ كۆتاییبێت لەبەرچاودەگرێت. فێتز جێراڵد, ئەو پیرەمێردە گۆشەگیرویەكلابینە, ژیانی خۆی بۆ ئەم ئامانجە نەشیاو و دوورە دەستە تەرخاندەكات. لەساڵی 1859دا, یەكەمین نوسخەی چوارینەكان بڵاودەكاتەوەو لەدوای ئەوەیشەوە نوسخەكانی تر بەگۆڕانكاری‌و پوختەكردنێكی زیاترەوە بڵاودەكاتەوە. موعجیزەیەك رودەدات: لەپەیوەندیی پیرۆزی ئەستێرەناسی ئێرانیدا كە خۆی خستۆتە مەترسییەوەو پێی ناوەتە سنوری شیعرەوە, لەگەڵ ئینگلیزێكی سەرگەرداندا كە لەدەقە ئیسپانیی‌و فارسییەكاندا قووڵ دەبێتەوە, بەبێئەوەی بەتەواوی لێیان تێبگات, شاعیرێكی نائاسایی دێتە

- لێكۆڵینەوەیەك لەمەڕ شێوازەكانی پەروەردەو فێركردن, نووسینی ئێدوارد فێتز جێراڵد.

- (1600–1681) شانۆنامەنووس‌و شاعیری گەورەی ئیسپانی.

ئاراوە کە لەهیچ کامێ لەو دوانە ناچێت. سوینبێرن□□ دەنوسێت کە فێتز جێراڵد " لەنێو شاعیرە مەزنەکانی ئینگلیزدا پلەوپایەیەکی نەمری بەعومەری کوڕی خەیام بەخشیوە", "چستەرتون□□"یش کە زۆر بەئاگایە لەتێکەڵاویی رۆمانسیزمو کلاسیزم لەم بەرهەمە نائاساییەدا, دەڵێت ئەم بەرهەمە لەهەمان کاتدا "ئاوازێکی فریودەرو پەیامێکی هەمیشەیی" هەیە. هەندێ لەرەخنەگران ئەم وەرگێڕانەی فیتز جراڵد بەشیعری ئینگلیزی بەڵام بەتاموبۆی ئێرانییەوەی لەقەڵەم دەدەن" راستە فێتز جێراڵد لەوەرگێڕانەکەدا دەستی بۆ داهێنانگەلێك بردوە, هەندێ وشەی گۆڕیونو لەخۆیەوە شتی بۆ زیادکردووە, بەڵام لەبەرچاوی خوێنەران, چوارینەکان هەم بەرهەمێکی ئێرانینو هەم دێرینن.

ئەم مەسەلە تایبەتە گومانێك دروستدەکات کە خەسڵەتێکی ناسروشتی هەیە, وەکو دەزانین عومەر باوەڕدار بوو بەبۆچوونە ئەفلاتۆنیو فیسارگۆسییەکەی گواستنەوەی رۆحەکان بۆ لەشگەلی هەمەچەشن, لەپاش تێپەڕینی چەند سەدەیەك, رەنگە لەئینگلتەرە گیانی عومەر دوونادوونی کردبێت, تا بەزمانێکی جێرمەنی وازلێهێنراو کە پڕە لەوشەی لاتینی, کارە ئەدەبییەکانی خۆی ئەنجامبدات, کە لەنەیشاپوور حسابات بواری ئەنجامدانی ئەم کارەی پێ نەدابوو. ئیسحاق لۆریا□□, ناسراو بە(شێر) سەلماندی کە گیانی پیاوێکی مردو دەتوانێت بەمەبەستی زاڵبوون یان فێرکردن, بچێتە لاشەی پیاوێکی ترەوە. رەنگە لەدەوروبەری ساڵی

□□- ئەدیب و شاعیری ئینگلیزی (1837–1909).

□□- وتارنووسی ئینگلیزی (1872–1934).

□□- ئیسحاقی کوڕی سلێمان لۆریا, عارفێکی جولەکەیەو دامەزرێنەری شێوازی نوێی شیکردنەوەی هێمایانەی تەورات (قەواڵەی لۆریایی)ە پەیڕەوانی بە(شێری پیرۆز) یان دادەنا.



1857دا گیانی عومەر خەیام چووبێتە جەستەی فێتز جێراڵدەوە. لەتوێی چوارینەکاندا ئەوە دەخوێنینەوە کە مێژووی جیهان جگە لەئەندێشەو ویستی خودا بەولاوە شتێکی تر نییە, کە مەوزوعیەت بەدەستدەهێنێتو خودا لێیدەڕوانێت" ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە (کە ناوە هونەرییەکەی یەکێتیی بوونە) رێگەمان دەدا ئەو باوەڕەمان هەبێت کە رەنگە فێتز جێراڵد سەرلەنوێ شاعیری ئێرانی خەڵقکردبێتەوە, لەبەرئەوەی هەردووکیان لەناوەڕۆکدا, خودا بوون, یان چەند سیمایەکی کاتیی خودا بووبن.

بۆچوونێکی شیاوی تر, کە لەڕووی سەیریەوە هیچی ئەوتۆی لەم بۆچوونە میتافیزیکیایە کەمتر نییە, بریاری چارەنووسی یارمەتیدەرە. جاروبار هەورەکان, شێوەی کێووچیایەك یان چەند شێرێ بەخۆیان دەدەن" دەتوانرێت بەراوردبکرێت کە شۆڕوشەوقی ئێدوارد فێتز جێراڵد و دەستنووسێك لەسەر کاغەزێکی کۆنی زەرد, یان بەمەرەکەبی ئەرخەوانی, کە لەیەکێ لەقاوشەکانی کتێبخانەی بۆدلینی شاری ئۆکسفۆرد فەرامۆشکراوە, بەڕای زۆرێك لەئێمە شێوەی شیعر بەخۆوە بگرن.

هەر جۆرە هاوکارییەك لەنێوان ئەم دووانەدا جێگەی گومانە, ئەمەیان, واتە هاوکاری ئینگلیزێكو ئێرانییەك, بگرە گوماناویتر بوو, چونکە ئەم دووانە زۆر جیاواز بوون, رەنگیشە ئەگەر لەژیاندا بەیەکتربگەیشتنایە هاوڕێیەتیی یەکتریان نەکردایە" ئەمە مردنو گۆڕینی رۆژگار بوو ئەم مەسەلەیە روویدا کە یەکێك کەسێکی تر بناسێتو هەردووکیان ببنە یەك شاعیر.

# رووبەڕووبوونەوە

ئەوانەی رۆژنامەکانی بەیانیان دەخوێننەوە, لەدەوروبەری خۆیان رادەکەن, یان بۆ ئەوەیە کە بۆ ئەو رۆژەی لەبەردەمیاندایە توێشەبەرەیەك قسەی بێسودو سواو هەڵبگرن, لەم رووەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ئیتر کەسێ رووداوە بەناوبانگەکەی مانکۆ ئوریاتی[53] و دونکان[54] , کە ماوەیەك زۆر بەتوندی هەراوهوریای نایەوە, ناهێنێتەوە یاد, یان ئەگەر بیهێنێتەوە یاد ئەوا بیرەوەرییەکەی تێکەڵە لەگەڵ خەوندا. لەمە تێپەڕین, ئەم رووداوە لەدەوروبەری ساڵی1910دا روویدا, ساڵێك کە ساڵی ئەستێرە کلکدارەکەو سەدەمین ساڵوەگەڕی شەڕی سەربەخۆیی بوو, لەو مێژووەوە تا ئێستا زۆر شتمان هەبوون لەدەستمانداون. هەردوو لایەنی رووداوەکە ئێستا مردوون و شایەتەکانی مەسەلەکەش بەجدی سوێندیانخواردووە کە قسەنەکەن. منیش دەستم بەرزکردەوە سوێندبخۆمو بایەخی ئەم رێوڕەسمەم بەوپەڕی جدییەتی رۆمانسیانەی نۆ یان دە ساڵەییم هەستپێکرد. نازانم ئەوانی تر تێبینیی ئەوەیان کرد کە من بەڵێنێکی ئاوامدا, ناشزانم ئەوانیتر لەبەرامبەر بەڵێنەکەیاندا ئەمەکدارمانەوە, یان نا. بەهەر حاڵ چیرۆکەکە بەهەموو ئەو ئاڵوگۆڕە ئاڵۆزانەوەی کە کات و نووسینە باش و خراپەکان هێناویانەتە ئاراوە, بەمجۆرەیە:

---

[53]- **Maneco uriate**
[54]- **Dunkan**

لافینور[55]ی ئامۆزام ئەو شەوە منی بۆ میوانداریی کەباب‌وشەرابێك بۆ ماڵێکی هاوینەهەوارئاسا بەناوی لورلەوە برد, کە هی یەکیٚ لەهاوڕێکانی بوو. بەوردی ناتوانم شوێنەکەی بهێنمەوە یادم, دەتوانی هەر یەك لەو شارە بچووکانەی باکوور بگریت کە بێدەنگ‌و پرسێبەرن‌و کەوتوونەتە دامێنی گردۆڵکەکانی کەناری روبارەکەو هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لەگەڵ بۆینس ئایرس‌و باخ‌و چیمەنەکانی چواردەوریدا نییە. گەشتی شەمەندەفەر ئەوەندە درێژەیکێشا کە بێکۆتایی دەهاتە پێشچاوم, بەلاٚم کات لەلای منداڵان –وەکو هەمووان دەزانن– بەهێواشی تێپەڕ دەبێت. کاتیٚ لەدەرگا گەورەکەی ڤیلاکە چووینە ژووریٚ شەو داهاتبوو. هەستمکرد هەموو رەگەزە سەرەتایی‌و کۆنەکان لەویٚ کۆبونەتەوە: بۆنی ئەو گۆشتەی دەبرژێنراو رەنگی قاوەیی ئاڵتونیی دەگرت, درەختەکان, سەگەکان, تەلاٚشەکان‌و ئەو ئاگرەی کە پیاوەکانی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوە.

ژمارەی میوانەکان دە دوازدە کەسێکبوون“ هەموو بەتەمەن بوون. دواتر تێگەیشتم کە گەورەترینیان نەگەیشتبووە سی ساڵ. هەر زوو دەرکەوت کە ئەوانە لەبارەی ئەسپی پێشبڕکیٚ, بەرگدرووی باوی ئەو رۆژە, ئوتومبێل‌و ژنانی شارەزاو بەنرخەوە زانیارییەکی تەواووفراوانیان هەیە– قسەوباسێك کە ئێستاشی لەسەر بێت کەم‌وزۆر بۆ من نامۆیە. هیچ کەسێك لەبەرامبەر وەلانانی شەرمنییەکەی من نەهاتە پێشەوە, کەس سەرنجی نەدایە من. ئەو مەڕەی کە بەدەستی یەکیٚ لەخزمەتکارەکانەوە بەهێمنی‌و لێزانییەوە ئامادەدەکرا, ماوەیەکی درێژ ئێمەی لەتەلارە گەورەکەی نانخواردندا هێشتەوە. لەم سەرو ئەو سەر قسەوباس لەسەر تەمەنی شەرابەکان دەستی پێکرد. گیتارێکی لێبوو, ئەگەر بەتەواوی لەیادمبیٚ, کوڕە مامەکەم دوو سیٚ دانە لەئاوازەکانی ئەلیاس رێگولێسی لێدا کە

55- **Lafinur**



سەبارەت بە چەند گاوانێکی[56] لەبیرکراوی دەوروبەری ئۆرۆگوای بوو, هەروەها لەگەڵیا چەند پارچەشیعرێکی بەزمانی ناوچەیی‌و بەشێوازی رەسەنی ئەو رۆژانە خوێندنەوە کە دەربارەی شەڕەچەقۆ بوون لەماڵێکی بەدناوی شەقامی خونین[57]. قاوەو جگەرەیان هێنا. کەس باسی رۆشتنی نەکرد. (وەکو لۆگۆنس[58]ی شاعیر) دەڵێت لەپڕ هەستمکرد کە زۆر درەنگە. نەمدەوێرا تەماشای سەعات بکەم. بۆ پەردەدادانەوە بەسەر دوورەپەرێزیە منداڵانەکەم لەنێو گەورەترەکاندا, بەبێئەوەی بەڕاستی حەزم لێبێت, یەك دوو پێکم هەڵدا. ئوریارتە بەدەنگی بەرز, پێشنیاری دەستێك یاریی پۆکەری دوو کەسیی بۆ دونکان کرد. کەسێك ناڕەزایی لەبەرامبەر ئەم جۆرە یارییە بەرتەسککراوەدا دەربڕی‌و پێشنیاریکرد کە یارییەکە چوار کەسی بێت. دونکان قایلبوو, بەلاٚم ئوریارتیٚ, بەناشرینییەکەوە کە تێنەگەیشتم‌و هەوڵیشم نەدا بزانم لەبەر چی, لەسەر پێشنیاری یەکەم پێیداگرت. جگە لەیاریی درۆ, کە مەبەست لەیارییەکە تێپەڕاندنی کاتە بەنوکتەو قسەی قۆڕەوە– فاڵگرتنەوە بێکۆتاییەکانی کاتی تەنیایی– هیچ کاتیٚ چێژم لەیاریی کاغەز وەرنەگرتووە. بێئەوەی کەسێك ئاگای لێبێت چوومە دەرەوە. ماڵێکی کۆن‌و پڕ کون‌وکەلەبەرو بچووك, نائاشناو تاریك(تەنیا هۆڵی نانخواردن رووناك بوو) بۆ کوڕێژگەیەك لەولاٚتێکی تازە بۆ گەشتیارێك سەرنجڕاکێشتر بوو. هەنگاو هەنگاو, ژوورەکان گەڕام“ ژوورێکی بلیارد, راڕەوێکی دوورو درێژی شووشەیی ئەڵماسئاسا, دوو سیٚ دانە کورسیی بێشکەیی‌و پەنجەرەیەك کە دەتوانرا کەپرێکی لێوە

56- **Gaucho** گاوان, رامکەرانی ئەسپ, جوامێر, چەقۆوەشێن, هەموو ئەمانە بەیەکەوە–وەرگێڕی فارسی.

57- **Junin**

58- **Lugones** ی شاعیری ئەرجەنتینی سەرەتای سەدەی بیست– وەرگێڕی فارسی.

ببینرێت, لەیادما ماوە. لەتاریکیدا ڕێمونکرد" ناوی خاوەنماڵەکە, پاش ئەم هەموو ساڵە وەك لەیادمبێت, دەشێت ئاسەڤێدۆ[59] یان ئاسەباڵ[60] بووبێت, سەرئەنجام بەهەر جۆرێکبوو دۆزیمیەوە. نازانم لەرووی میهرەبانییەوە بوو یان هەر بۆ خۆنواندن, ئەو خۆنواندنەی کە تایبەتی کۆمەڵە کۆنەکانە, بردمیە بەردەم سنووقێکی شووشەیی. لەگەڵ داگیرساندنی چراکەدا شەوقی پۆڵام بینی. کۆمەڵە چەقۆییەکی تیا بوو, لەسەردەمی جەنگاوەرە ناودارەکاندا بەکارهێنرابوون. پێیوتم کە لەباکوور لەنزیك پێرگامینۆ[61] پارچە زەوییەکی هەیە, ئەم چەقۆیانەی لەکاتی ئەو گەشتە بەردەوامانەیداو لەو شارانەی هاتوونەتە ڕێگەی بەدەستیهێناون. دەرگای سنوقە شووشەبەندەکەی کردەوە, بەبێئەوەی سەیری ئەو نوسینانە بکات کە بەلەزگە لەسەری چەسپکرابوون, دەستی کرد بەوەی لەمەڕ هەریەکەیان زانیاریم بداتێ. زانیارییەکان, جگە لەمێژووەکان و ناوی شوێنەکان هەموویان یەك شت بوون. لێم پرسی کە ئایا لەنێو ئەم چەکانەدا چەقۆکەی خوان مۆرێرای[62] تیایە. خوان مۆرێرا لەو سەردەمەدا نمونەی جۆرە گاوانێك بوو, هەر بەوجۆرەی کە دواتر مارتین فیرۆ[63] و دۆن سێگۆندۆ سۆمبرا[64]یش وابوون. ناچار دانی پێدا نا کە چەقۆکەی ئەوی نییە, گوتیشی چەقۆیەکی وەکو ئەوەی ئەوم بەمشتویەکی U ییەوە پیشاندەدات. دەنگەدەنگێکی تووڕەئامێز قسەکانی پێبڕی, یەکسەر

[59]- Acevedo
[60]- Acebal
[61]- Pergamino
[62]- Juan moreira
[63]- Martin Fierro
[64]- Don segundo sombra پاڵەوانی کتێبێکە بەهەمان ناوەوە, بەرهەمی ریکاردۆ گویرالدیس.



دەرگای سنووقە ئاوێنەبەندەکەی داخستەوەوە و ڕۆیشت, منیش بەدوایدا ڕۆیشتم.

ئۆریارتێ بەدەنگی بەرز هاواری دەکردو دەیگوت کە بەرامبەرەکەی ویستوویەتی گزیبکات. هەموو بەدەوری دوو یاریکەرەکەدا راوەستابوون. بیرمە کە دونکان لەهەمووان بالاّی بەرزتر بوو شانە خڕکەڵەکانی لێدەرکەین قەلاّفەتێکی جوانی هەبوو" روخسارێکی بێهەست و رەنگی قژی ئەوەندە کاڵ بوو بەلای سپیدا دەیڕوانی. مانکۆ ئۆریارتێ رەشتاڵەو توڕە بوو, رەنگە خوێنی سوورپێستیی هەبووبێ, لەسەرو لێوییەوە سمێڵێکی تەنك و بژ روابوو. دیاربوو هەموویان مەست بوون" نازانم ئەو دوو سێ بوتڵەی لەسەر زەوی کەوتبوون, یان بینینی فیلمە زۆرو زەوەندە سینەماییەکان ئەم تەسەورە هەڵەیەیان بۆ پێشهێناوم. ئوریارتێ دەستی لەجوێندان هەڵنەگرت هەتا دەهاتیش جوێنەکانی ناشرینتر دەبوون. دونکان وا خۆی پیشاندەدا کە گوێی لێنییە, بەلاّم سەرئەنجام خۆی بۆ نەگیرا" لەجێگەکەی هەڵسا و مشتەکۆڵەیەکی تێسرەواند. ئوریارتێ کە تەختی زەوییەکە بووبوو بەدەنگێکی بەرز گوتی ناتوانێت ئەم بێئەدەبییە قبوڵبکات و بێوەلاّم وازی لێبێنێت, بۆیە داوای لێکرد بۆی بچێتە مەیدان.

دونکان قبوڵینەکرد, وەك بڵێی روونکردنەوە بدات, ئەوەشی بۆ زیادکرد: "ئاخر من لەتۆ دەترسم." دەنگی پێکەنینی هەمووان بەرز بووەوە.

ئوریارتێ بەرزەپێ ڕاپەڕی و وەلاّمی دایەوە: (دەمەوێت هەر ئێستا داخی دڵی خۆمت پێبڕێژم.)

کەسێك–خوا لەم گوناهەی خۆشبێت– گوتی سەبارەت بەمەسەلەی چەك و چۆڵ هیچ کەم و کوڕیەك نییە, هەموو شتێك هەیە.

نازانم کێ بوو چوو دەرگای سنوقە شووشەبەندەکەی کردەوە. مانکۆ ئوریارتێ درێژترین و پڕ سام ترین کێردی هەڵبژارد, ئەمە هەمان ئەو

چەقۆیە بوو کە مشتوییەکی شێوە (u) ی هەبوو“ دونکان هەروا لەڕوی لاموبالاتیییەوە کێردێکی دەسك تەختەی هەڵگرت کە وێنەی درەختێکی بچکۆلە لەسەر دەمەکەی کێشرابوو. کەسێکی تر گوتی مانکۆ بەهەڵبژاردنی کێردیٚ کە هێندەی شمشێرێك درێژە رۆحیەتی خۆی دەرخستووە. کە دەستی مانکۆ دەستی بەلەرزین کرد کەس سەری سوڕنەما“ ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو“ ئەوە بوو دەستی دونکانیش کەوتە لەرزین.

داب و نەریت وایە شەڕکەرەکان ریٚز بۆ ئەو ماڵە دابنێن کە تیایدا میوانن و بۆ شەڕکردن بچنە دەرەوەی. بەهەستێکی تێکەڵ لەجدی و گاڵتەکردن پێکەوە, هەموو چووینە دەرەوەو کەوتینە هەوای شێیاوی شەوانەوە. من مەست نەبووم–بەلای کەمەوە مەستی شەراب نەبووم– بەلاٚم سەرم پڕپڕ بوو لەگۆبەن و گێچەڵ, زۆر حەزمدەکرد کەسێك بکوژرێت, تا دواتر بتوانم لەو بارەیەوە قسە بهۆنمەوەو هەمیشەش لەیادمابێت. رەنگە لەوکاتەدا ئەوانیتریش ئەوەندە لەمن پێگەیشتووتر نەبووبێتن. هەروەها هەستمدەکرد رووداوێکی بەهێز ئێمە رادەکێشێتە ناو خۆیەوەو نوقممانەدەکات. کەس بچووکترین باوەڕی بەو تۆمەتانە نەبوو کە مانکۆ دابوویە پاڵ دونکان“ هەمووان ئەمەیان بەبەرئەنجامی ئەو رقەبەرییە کۆنە دەزانی کە بەهۆی شەرابەوە خەستبووبووەوە.

بە نێو کۆمەڵە درەختێکدا رێگەی خۆمان کردەوەو کۆڵیتە پوشینەکانمان بەجێهێشتن. ئوریارتیٚ و دونکان دەڕۆیشتنە پێشەوەو حەزەریان لەیەکتر دەکرد. هەمووان بەدەوری شوێنێکی کراوەی چیمەنپۆشدا ریز بووین. دونکان, لەویٚ لەبەر تریفەی مانگە شەودا راوەستابوو“ بەدەنگێك کە تۆزێك فەرمانئامێزانە بوو گوتی: "ئێرە شوێنێکی گونجاوە."



هەردوو پیاوەکە لەناوەڕاستی بازنەکەدا وەستابوون, دەتگوت نازانن کە دەبێت چی بکەن. دەنگێك بەرزبووەوە: "چەکەکان دابنێنە سەر زەوی و بەمشتەکۆڵە شەڕبکەن."

بەلاٚم هەر دوو پیاوەکە تازە دەستیان بەشەڕکردبوو. هەوەڵ ناشییانە دەجەنگین, وەك ئەمەی لەبریندارکردنی یەکتری بترسن, چاویان بڕیبووە تیغەکانی یەکتر, بەلاٚم دواتر چاویان بەیەکترییەوە دوورا. ئوریارتیٚ رقەکەی خستبووە لاوە, دونکانیش بێدەربەستی و کەبریائەکەی. مەترسی, بەجۆرێك ئەوانی گۆڕی بوو“ کە چیدی دوو کوڕە لاوی گەنجنەبوون, دوو پیاو بوون کە دەجەنگین, هەمیشە وا تەسەورم کردبوو کە جەنگ تۆفانیٚ لەئاسن و پۆلاٚیە. بەلاٚم ئێستا دەمبینی, کەم و زۆر دەتوانم موتابەعەی بکەم, دەتگوت دەستێك یاری شەترەنجە. هەڵبەتە, سالاٚنێك کە بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕ بوون, یان ئەوەی من بینیم سڕیویانەتەوە, یان زیادەڕۆییان تیاکردووە. نازانم چەندی خایاند“ رووداوگەلێك هەن کە لەدەرەوەی پێوەری ئاسایی کاتەوەن.

بۆنشۆیان لەبەردا نەبوو تا وەکو زریٚ بەکاریانبهێنن, بۆیە بازوویان دەکردە قەڵغان. هەر زوو قۆڵی کراسەکانیان پارچەپارچە بوون و لەخوێندا رەشبوون. بیرمکردەوە کە سەبارەت بەشارەزایی ئەوان لەم جۆرە شەڕە چەقۆیەدا بەهەڵەدا چووبووم. هەر لەسەرەتاوە تێگەیشتم کە بەشێوەی جۆراوجۆر چەقۆدەوەشێنن. کێردەکانیان وەك یەك نەبوون. دونکان بۆ قەرەبووکردنەوەی کورتیی کێردەکەی هەوڵیدەدا لەبەرامبەرەکەی نزیکبێتەوە“ ئوریارتیٚ بۆ دواوە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە تا بتوانێت بەئاسانی دەست دابێنێتەوە. هەمان ئەو دەنگەی کە منی بانگهێشتکردبوو بۆ سەیری سنووقە ئاوێنەبەندەکە, هاواری کرد: "ڕایانوەستێنن, خەریکن یەکتری دەکوژن."

www.pertwk.com

بەلأم کەسیٚ جورئەتی نەبوو بێتە ناوەوە. ئوریارتیٚ بەپشتدا کەوت، دونکـان شـالأوی بـۆ بـرد. دەسـتەویەخەی یـەکتربووبوون. کێردەکـەی ئوریارتیٚ بەدوای دەموچاوی دونکاندا دەگەڕا، لەپڕ کێردەکە کورتتر هاتە پێشچاوان، چونکە چەقیبووە سنگی کابرای بالأبەرزتر. دونکان درێژ درێژ لەسەر چیمەنەکە کەوت. لەو ساتەدا بەدەنگێکی زۆر نزم گوتی: "چەند سەیرە. ئەڵێی خەودەبینم؟"

چاوانی لێکنـەنا، نـەجولأ، مـن بـۆ یەکـەمین جـار کوشـتنی پیـاوێکم بەدەستی پیاوێکی تر بینی.

مانکۆ ئوریارتیٚ بەسەر تەرمەکەدا چەمایەوە، بەدەنگی بەرز دەگریاو داوای لێخۆشـبوونی دەکـرد. ئـەو کـارەی کـە هـەر ئێـستا کردبـووی لەتەسەوری ئەو بەدەربوو. زۆرتر پەشیمانبوو لەوەی کارێکی زۆر بێمانای کردووە.

چیدی نەمویست سەیربکەم. ئەوەی ئەوەندە ئارەزووی بینینیم هەبوو روویـدابووو خـستبوومیە لـەرزین. لافینـۆر دواتـر پێیگـوتم کـە دەرکێـشانەوەی کێردەکـە زۆر زەحمـەتبووە. بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم مەسەلەیە لەناو خۆیاندا راوێژیان بەیەك کردووە. بڕیار وا بوو تا دەکرێت کـەمترین درۆ بکـەن، بڵـێن کـە ئـەم شـەڕە شەڕەچـەقۆ نـەبووە، بـەڵکو شەڕەشمشێر بووە. چوار کەسیان داوایانکرد بکرێن بەشایەت. یەکیٚ لەم چوار کەسە ئاسەبالٚ بوو. لەبۆینس ئایرس هەموو کێشەیەك چارەو تەگبیری خۆی هەیە“ چونکە، مرۆڤ هەمیشە چەند دۆستێکی هەیە.

لەسەر مێزی ماهاگوونی کە ئەو دووانە یارییان کردبوو، دەستێك کاغەزی ئینگلیزیو کۆمەڵێك ئەسکەناسی وردە بەشێوەیەك بەسەریەکدا کەوتبوون کەهیچ کەسیٚ نەیدەویست سەیریان بکات، یان دەستکارییان بکات.



لە ماوەی ئەو سالأنەی بەسەر ئەم رووداوەدا تێپەڕبوون، زۆرجار دەگەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە بۆ هاوڕێیەك بگێڕمەوە، بەلأم هەمیشە هەستمدەکرد پاراستنی نهێنییەکە چێژبەخشترە لەدرکاندنی. کەچی سەرباری هەموو ئەم شتانە، رۆژێکیان، دەوروبەری ساڵی 1929 بوو، بەرێکەوت گفتوگۆیەکی کتوپڕ خستمیە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە ئەو بێدەنگییە دوورودرێژەم بشکێنم. دۆن خوسیٚ ئۆلاڤۆ[65]، ئەفسەری خانەنشینی پۆلیس سەرقاڵی گێڕانەوەی چیرۆکگەلێکبوو دەربارەی پیاوانی توندوتیژی ناوچەی ریتیرۆ، کەدەکەوێتە کەناری روبارەکە کە لەچەقۆکێشیدا دەستێکی بالأیان هەبوو. لەتوێی قسەدا ئاماژەی بەوە دا کاتیٚ خڵتەوپڵتەکانی ئەم کۆمەڵە دەچوون بۆ پیاوکوشتن، هیچ گوێیاننەداوەتە یاساکانی کوشتارو زۆرانبازی، بەپێچەوانەی هەموو ئەو شەڕەخەنجەرانەی کە لەناو گۆڕەپاندا بینیوتانە، شەڕ بەکێرد زۆر دەگمەن بوو. گوتم من یەکیٚ لەو شەڕانەم بەچاوی خۆم دیوە، ئەوەی بەر لەبیست ساڵ روویدا بوو، بۆم گێڕایەوە.

بە وردبوونەوەیەکەوە کە تایبەتی پیشەکەی بوو، گوێی لێگرتمو پاشان گوتی: "دڵنیایت کە ئوریارتیٚو ئەو یەکەی تر بەر لەو جارە هیچ جارێکی تر شەڕە چەقۆیان نەکردبوو؟ دەشێت هونەری ئەم شەڕەچەقۆیەیان لەکێڵگەکانی باوکیاندا فێربووبێتن."

گوتم: "بڕوا ناکەم وا بێت، هەموو ئەو کەسانەی ئەو شەوە لەوێبوون یەکتریان باش دەناسی، دەتوانم دڵنیات بکەمەوە هەمووان سەریان لەو لێزانیانە سوڕمابوو کە ئەو دوانە لەشەڕەکەدا پیشانیاندا."

ئۆلاڤیٚ وەك بڵێی زۆر بەقووڵی بیربکاتەوە، بەشێوازە هەمیشەییەکەی خۆی هێواش هێواش درێژەیدایە: "یەکیٚ لەکێردەکان مشتۆکەی بەشێوەی U بوو. دوو دانە لەم جۆرە چەقۆیە زۆر ناودار بوون– چەقۆکەی مۆرێراو

[65]- Don Jose Olavo

www.pertwk.com

ئەوکەی خوان ئاڵمادا[66]. ئاڵمادا خەڵکی باشوور بوو. لەتاپالکوین[67] دەژیا."

هەستمکرد شتێك لەیادەوەریمدا زیندوو دەبێتەوە, ئۆلاڤە درێژەی دایە: "ئێوە ئامارەتان بەچەقۆیەکی مشتوتەختەشدا, کە نەخشی درەختێکی بچووك لەسەر دەمەکەی بوو, لەم جۆرە هەزارەها دانە هەیە, بەلاّم یەکێك بوو.."

بۆ ساتێك بێدەنگ ما, پاشان گوتی: "سنیۆر ئاسەڤودۆ موڵکێکی گەورەی لەنزیکی پڕگامینۆ هەبوو. یەکێکی تر لەم شەقاوە بەناوبانگانە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بوو– ناوی خوان ئاڵمانزا[68] بوو. ئەم کێشەیە پەیوەستە بەسەرەتاکانی ئەم سەدەیەوە. کاتیٚ کە چواردەساڵاٚن بوو بەیەکیٚ لەم کێردانەو بۆ یەکەمین جار لەژیانیا کەسێکی کوشت. لەو رۆژە بەدواوە بۆ شانس و نگین لکا بەم کێردەوە. خوان ئاڵمانزاو خوان ئاڵماندا ساڵەهای ساڵ رق و کینەیان لەیەکترهەڵگرتبوو و لەوەی خەڵکی ئەم دووانەیان لێتێکەلاٚو دەبوو زۆر نارەحەت بوون. ماوەیەکی دوورودرێژ وێڵ و سەرگەردان بەدوای یەکتریدا گەڕان, بەلاٚم هەرگیز رێکەوتی یەکترییان نەکرد. خوان ئاڵمانزا لەیەکیٚ لەساختەکاری و بەیەکاهەڵپژانەکانی هەڵبژاردن" یان شتێکی لەو جۆرەدا گوللەیەکی وێڵ کوشتی. وابزانم ئەو یەکەی تریان بەمردنی سروشتی و لەنەخۆشخانەیەکی لاس فلۆرەس[69] مرد.

ئیتر شتێك نەوترا. هەر یەك لەئێمە خۆی و ئەنجامگیرییەکەی بەتەنیا مانەوە. نۆ یان دە پیاو هیچ کامیٚ لەوانە ئێستا نەماون, ئەوەی چاوانی من دەیبینی چاوانی ئەوانیش بینییان– لێدانی لەپڕ و تەرمە بەجێماوەکەی

[66]- Juan Almada
[67]- Tapalquen
[68]- Juan Almanza
[69]-Las flores



ژێر ئاسمانی شەوانە– بەلاّم رەنگە ئەوەی کە ئێمە بەراستی دەمانبینی کۆتایی چیرۆکێکی کۆنتری تر بێت. ئەوەم بەمێشکدا هات کە ئایا مانکو ئوریارتیٚ بوو دونکانی کوشت یان تۆ بڵێی بەشێوەیەکی نائاسایی, ئەوە پیاوان نەبووبن بەڵکو چەکەکان بووبن" کە لەگەڵ یەکدا شەڕیانکردبیٚ. ئێستاش لەبیرمە کاتیٚ ئوریارتیٚ چەقۆکەی وەرگرت چۆنچۆنی دەستی لەرزی, هەمان حاڵەت بەسەر دونکانیشدا هات, وەك بڵێی چەقۆکان لەپاش خەوێکی دوورو درێژ لەتەنیشت یەکەوە لەنێو سنوقە ئاوێنەبەندەکە بێدار دەبوونەوە. تەنانەت پاش ئەوەی کە گاوانەکانی خاوەنیان مردبوون و بووبوونە خۆڵ, چەقۆکان– چەقۆکان نەك پیاوەکان کە ئامرازی دەستی ئەوان بوون– دەیانزانی چۆنچۆنی بجەنگێن. ئەو شەوەش باش جەنگین.

شت لەمرۆڤ زیاتر دەمێنێتەوە" بەچی مەعلوم ئەم چەقۆیانە دیسان بەریەك ناکەونەوە, کیٚ ئەزانێت! رەنگە چیرۆکەکە هەر لێرەدا کۆتاییبێت.

www.pertwk.com

# کۆتایی دویل

ئێستا چەندین ساڵ بەسەر ئەو رۆژەدا تێپەڕ دەبێت کە کارلۆس ریلێس[70]، فرێند ریلێس، رۆماننووسی ئۆرۆگوایی، چیرۆکی ئەو ئێوارە هاوینیەی ئادرۆگوای[71] بۆ گێڕامەوە. ئەمێستاو لەپاش ئەم هەموو ساڵە، بەسەرهاتی دوورو درێژی شەڕی خوێناوی‌و کۆتاییە تۆقێنەرەکەی ئەو چیرۆکە لەبیری مندا، تێکەڵ بەچپەچپی مەلان و بۆنی خۆشی دارکالیپتۆسەکان بووە.

ئاسایی دانیشتین‌و باسمان لەمێژووی بەیەك پەیوەستی ولآتەکانمان" واتە ئەرجەنتین‌و ئۆرۆگوامان کرد. ریلێس گوتی رەنگە ناوی خوان پاتریسیۆ نۆلانت[72] بیستبێت کە وەکو پیاوێکی ئازاو قۆشمەو فێڵباز ناویدەرکرد بوو. بەدرۆ بەبەڵێ وەلآمیمدایەوە. هەرچەندە نۆلان لەدوایین دەیەی سەدەی رابوردوودا مردبوو، کەچی خەڵك هێشتا وەکو ئاشنایەك باسیاندەکرد. سەرباری هەموو ئەمانە، وەکو هەمیشە روودەدات، نۆلان چەند دوژمنێکیشی هەبوون. ریلێس باسی یەکێ لەگاڵتەو قۆشمەییەکانی ئەوی بۆ کردم. رووداوەکە کەمێك بەر لەشەڕی مانانتیالێس[73] روویدابوو.

---

[70]- **Carlos Reyles**
[71]- **Adrogue**
[72]- **Juan Patricio nolan**
[73]- **Manantiales**

دوو گاوانی خەڵکی سێرڕۆلارگۆ[74]، کە ناویان مانوێڵ کاردۆسۆ[75] و کارمن سلڤێرا[76] بوو، پاڵەوانی سەرەکی ئەو ڕووداوە بوون.

ئەم دوانە، بۆچی و چۆن و لەسەرچی بوو بەشەڕیان و ڕقیان لەیەك هەستا، نازانم. پیاو لەکوێ دەتوانێت لەپاش تێپەڕینی سەدەیەك چیرۆکێکی لەبیرچووەوەی دوو پیاو لەژێر تۆزو خۆڵی ئەم هەموو ساڵە دەربکێشێتە دەرێ! ئەو دوو پیاوەی کە تەنیا شتێك لەبارەیانەوە لەبیرەوەریدا ماوەتەوە شەڕی کۆتاییانە. یەکێ لەسەردەستەی کرێکارانی باوکی ریلێس، کە ناوی لادرێچا[77] بوو، سمێڵێکی وەکو سمێڵی بەوری هەبوو، لەگێڕانەوە زارەکییەکانەوە بەشەکانی ئەم چیرۆکەی کۆکردبووەوە کە من بەگومانێکی زۆرەوە لێرەدا تۆماریاندەکەم، لەبەر ئەوەی هەم بیرەوەری و هەم بیرچوونەوە دەتوانن داهێنەری چەندین ڕووداوی تازەونوێبن.

مانوێڵ کاردۆسۆ و کارمن سلڤێرا، هەر یەکەو چەند هەکتار زەوییەکیان هەبوو کە لەتەنیشت یەکەوە بوون. ڕەگ و ڕیشەی ڕق وەکو ڕەگ و ڕیشەی ئارەزووەکانی تر، ڕەمزاوییە، بەڵام باسی ناکۆکی لەسەر چەند گایەکی نیشانە نەکراو، یان پێشبڕکێیەکی ئەسپسواری گشتی دەکرا، کە تیایدا سلڤێرا کە لەبەرامبەرەکەی بەهێزتر بوو، ئەسپەکەی کاردۆسۆی بۆ دەرەوەی گۆڕەپانی پێشبڕکێکە ڕاونابووە دەرەوە. چەند مانگێ دواتر لەمەیخانەی گەڕەکدا یارییەکی کاغەزی دوو کەسی دوورودرێژ کرا. لەپاش هەر دەستێك یاری، سلڤێرا پیرۆزبایی لێزانیی بەرامبەرەکەی دەکرد، بەڵام سەرئەنجام دوایین فلسی پارەکەی کاردۆسۆی بردەوە. کاتێ سلڤێرا ئەو پارەیەی بردبوویەوە دەیخستە تووێی

74- Cerro Largo
75- Manuel Cardoso
76- Carmen Silveira
77- Laderecha



پشتوێنەکەیەوە" سوپاسی کاردۆسی کرد کە وانەیەکی لێوە فێربووبوو. وابزانم ئا لەو کاتەدا خەریك بوو بکەونە گیان و وێزەی یەکتری. یاری سەروخواری خۆی هەبوو. لەو ڕۆژگارانەو ئالەو شوێنە توندوتیژانەدا پیاوان بۆ سافکردنی حەق و حسابیان دەستەویەخە تا مردن شەڕیاندەکرد. بەڵام تەماشاکەران کە ژمارەی ئەوانیش دیسان کەم بوو" لێکیان جیادەکردنەوە. گرێی تایبەتی چیرۆکەکە لێرەدایە" مانوێڵ کاردۆسۆ و کارمن سلڤێرا بێگومان چەندین جار لەناو یاڵ و گردەکاندا، چ لەکاتی بەیانی و چ لەدەمی ئێوارەدا ڕوویان بەڕوی یەکدا تەقیەوە، بەڵام تا دوایین سات بەکردەوە ڕوبەڕوی یەك نەوەستانەوە. ڕەنگە ژیانی سووك و ڕیسواو دوبارە بووەوەی ئەم دووانە جگە لەم ڕقەیان هیچ شتێکی تری بەدیاری بۆ نەهێنابووبن، هەر بۆیە ئەم ڕقەیان ئەوەندە لا ئازیز بوو پەروەردەیان دەکرد. درێژەی نەدەینێ، بەبێئەوەی بەخۆیان بزانن هەر یەکەیان بووە کۆیلەی ئەوی تریان.

جا ئیتر من نازانم ئەو ڕووداوەی کە دەمەوێت بیگێڕمەوە هۆیە، یان ئەنجامە. کاردۆسۆ، زۆر تر لەبەر بێزاری و بێتاقەتی خۆی نەك لەبەر ئەشق دڵی بەست بەکچێکەوە کەناوی لاسێرڤیلیانا[78] بوو کە لەو نزیکانەدا دەژیا. سلڤێرا بەم مەسەلەیەی زانی، بەشێوازی تایبەتی خۆی کەوتە دوای کچەو هێنایە ژوورەکەی خۆیەوە. چەند مانگێك دوای ئەوە، کاتێ لە کچە بێزارو وەڕسبوو، کردیەدەرەوە. کچەش، کە سەرتاپای بووبووە ڕق و کینە، پەنایبردە بەر کاردۆسۆ. کاردۆسۆش شەوێکی لەگەڵدا گوزەراندو ڕۆژی دواتر جل وبەرگ و شڕکەوپڕکەکەی فڕێ دایە دەرەوەو دەریکرد. ئاشکرایە پاشماوەی پیاوێکی تری نەدەویست.

78- La Servilania

www.pertwk.com

هەر لەهەمان دەوروبەردا، کەمێك پێش یان پاش ڕووداوەکەی لاسێرڤیلیانا، ڕووداوی سەگی ڕانەکەی سلڤێرا ڕوویدا. سلڤێرا ئەم ئاژەڵەی زۆر خۆشدەویست و ناوینابوو سی‌وسیٚ[79] کە ئاماژە بوو بۆ سی‌وسیٚ بنیاتنەرەکەی ئۆرۆگوای. سلڤێرا کە سەگەکەی بەمردوویی لەئاوی جۆگەکەدا دۆزییەوە یەکسەر زانی کیٚ زەهرخواردووی کردووە.

زستانی 1870 لەنێوان کۆلۆرادۆکان[80]، یان سوورەکان، و بلانکۆ ئاپارسیۆکان[81]، یان سپییەکاندا، شەڕدەستیپێکرد. شۆڕش کاردۆسۆو سلڤێرای لەهەمان مەیخانەی کەناری ڕێگەکەدا غافڵگیر کرد کە یاری کاغەز تیایدا دەستی پێکردبوو. بەرازیلیەکی دووڕەگ کە سەرۆکایەتی فەوجێك لە شەڕکەرە گاوانەکانی دەکرد، ئامادەبووانی کۆکردەوەو لەتوێی قسەکانیدا پێیگوتن وڵات پێویستی بەوان هەیەو گوشاری دەوڵەت لەوەی تێپەڕاندووە بەرگەی بگیرێت. هەر یەکەو نیشانەیەکی سپی دانیٚ کە تایبەتی بلانکۆکان بوو، لەکۆتایی وتاربێژییەکەیدا کە کەس هیچی لێتێنەگەیشت، هەموویانی ئامادەو چەکدار کرد، خەڵکەکە تەنانەت نەیانتوانی خواحافیزی لەخێزانەکانیشیان بکەن.

مانوێلٚ کاردۆسۆو کارمن سلڤێرا بەچارەنووسی خۆیان قایلبوون، ژیانی سەربازی لەژیانی گاوانی گرانتر نەبوو. ئەوان بەخەوتن لەهەوای کراوەو لەسەر ئەو زینانەی لەپێستی مەڕ دروستکرابوون ڕاهاتبوون و سەبارەت بەکوشتنی مرۆڤیش ئەوەندە ڕقیان لێینەدەبووەوە، چونکە لەپیشەی پێشووی خۆیاندا ئاژەڵگەلێکی زۆرو زەوەندیان سەربڕیبوو. دەنگی ئاوزەنگی و چەك‌وچۆڵ یەکێکە لەو شتانەی کە لەکاتی هێرشی سوارەی نیزامیدا دەبیستریٚت. پیاو لەبەرئەوەی لەسەرەتای شەڕدا برینی

79- **Treintay Tres**
80- **Colorados**
81- **Aparicio s` Blanco**



پێوە نییە پێیوایە هەرگیز بریندار نابێت. لەبیرچوونەوە کاردۆسۆو سلڤێرای لەکۆتی ترس و بەزەیی ئازاد کرد بوو، هەر چەندە ئەمانە یەك جار لەهێرش بردندا بەشدارییان کرد بەڵام ترس‌ولەرز هەموو گیانیانی داگرتبوو. هیچ کاتیٚ هەستیان بەنامۆیی نەدەکرد. نیشتیمانپەروەری هیچ مانایەکی نەبوو لایان، سەرباری ئەو نیشانانەی کە بەسەر کڵاوەکانیانەوە بوو، بەڵام ئەم دەستەو ئەو تاقم هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەلایان. لەکاتی هێرشەکان و پاشەکشێکاندا، فێربوون کە چۆنچۆنی نێزە بەکار بهێنن، تێگەیشتبوون بوون بەهاوەڵی یەکتری ڕێگەیان لێناگرێت کە هەروا ڕقیان لەیەکتریبێت. شان بەشانی یەکتر شەڕیان کرد، بەڵام قسەیەکیان لەگەڵ یەکتردا نەکرد.

لە پاییزی ساڵی 1871 دا کۆتایی کارەکەیان گەیشتە بەرەوە. شەڕ، کە سەعاتێك زیاتر درێژەی نەخایاند، لەخاڵێکدا ڕوویدا کە ئێستاشی لەسەر بێت ناویان نەزانی. (ئەم جۆرە شوێنانە پاشتر مێژوونووسەکان ناوی لێدەنێن) شەوی بەر لەشەڕەکە، کاردۆسۆ بەسکەخشیٚ خۆی گەیاندە چادری ئەو ئەفسەرەی لەخۆی بەرزتر بوو، بەشەرمەوە تکای لێکرد کە لەبارێکدا ئەگەر ڕۆژی دواتر سپییەکان سەرکەوتن یەکیٚ لەسوورەکانی بۆ هەڵبگرێت، چونکە تا ئەو ڕۆژە کەسی سەرنەبڕیبوو، دەیویست بزانیٚ ئەم کارە چ چێژێکی هەیە. ئەفسەرەکەش بەڵێنیدا کە ئەگەر پیاوانە شەڕ بکات ئەوا تکاکەی جێبەجیٚ دەبێت.

ژمارەی سپییەکان لەژمارەی دوژمن زۆرتر بوو، بەڵام سوورەکان کەل‌وپەلگەلێکی باشتریان هەبوو، هێرشیان بردە سەر قەڵاکەی ئەوان. لەپاش دوو هێرشی سەرنەکەوتوو سپییەکان نەیانتوانی بگەنە سەر قەڵاکەو ئەفسەرە فەرماندەکەیان، کە بەسەختی برینداربووبوو، خۆی بەدەستەوەداو لەهەمان سات و لەهەمان شوێن و لەسەر داوای خۆی بەچەقۆ کوژرا.

پیاوەکان چەکەکانیان فڕێدا. کاپتن پاتریسیۆ نۆلان کە فەرماندەیی سوورەکانی لەئەستۆ بوو, وەکو چاوەڕواندەکرا ڕێوڕەسمی لەسێدارەدانی دیلەکانی بەتەشریفاتی تەواوەوە ڕێکخست. ئەو کە خۆی خەڵکی سێرڕلارگۆ بوو بەسەرهاتی دوژمنایەتی و کۆنە قینی نێوان سلڤێراو کاردۆسۆی بەباشی دەزانی" ناردی بەدوایانداو پێیوتن: "من باش دەزانم ئێوە چارەی یەکترتان ناویٚو ماوەیەکی درێژە چاوەڕوانی یەکلاییکردنەوەی هەق و حسابن لەگەڵ یەکتریدا, هەواڵێکی خۆشم پێیە بۆتان, بەر لەخۆرئاوا بوون ئەم شوێنە دەدرێتە ئێوە تا بیسەلمێنن کامتان پیاوترن. فەرمانەدەم بەپێوە قوڕگتان ببڕن, ئەو کاتەیش ئێوە بەیەکەوە پێشبڕکێیەکی دووکەسی بکەن. خوا دەزانێت کێ دەیباتەوە." ئەو سەربازانەی ئەوانیان هێنا بوو گەڕاندیاننەوە.

زۆری نەخایاند ئەم هەواڵە بەهەموو لەشکرەکەدا بڵاو بووەوە. نۆلان بڕیاریدابوو کە پێشبڕکێکە دوای چەند کارێکی تر ئەنجامبدرێت, بەڵام دیلەکان نوێنەرێکیان ناردە لای, تا پێی بڵێت ئەوانیش حەز دەکەن تەماشای پێشبڕکێکە بکەن و گرەوی لەسەر بکەن. نۆلان کە پیاوێکی تێگەیشتوو بوو, قەناعەتی کرد و ڕێگەیدان. گرەوەکان دەستیان پێکرد" لەسەر پارە, لەسەر پاژنەی ئاسنین, هەروەها لەسەر شمشێرو ئەسپ گرەویاندەکرد. پاشان هەموو ئەو پارەو شتانەی هی براوەکان بوون دەدرانە بێوەژنەکانیان, یان کەسە نزیکەکانیان. گەرمایەکی بێ وێنە بوو. بۆئەوەی کەس لەخەوی پاش نیوەڕۆ بێبەشنەبێ, هەموو شتێکیان تا سەعات چواری عەسر دواخست. نۆلان بەشێوازی ئەمریکای باشوور سەعاتێکی تریش ئەوانی خستە چاوەڕوانییەوە. ڕەنگە لەگەڵ ئەفسەرەکانیدا لەپەیوەند بەنەخشە جەنگییەکانەوە گفتوگۆی کردبێت. ئەو ئەفسەرەی لەبەر دەستیا خزمەتیدەکرد, بەردەوام بەکترییەك چای متەوە دەرو ژووری بوو.



لەم لاو ئەو لای جادە خۆڵەکەی بەرامبەری چادرەکان دوو ڕیز دیل, کە بۆ دڵنیایی و ئاسودەیی زیاتر لەپشتەوە دەستیان بەسترابووەوە, چوار مشقی لەسەر زەوی دانیشێنرابوون. چەند دانەیەکیان بۆ ئەوەی مێشکیان هێور بکەنەوە بەبەردەوامی جوێنیاندەدا, نەفەرێك یەك لەسەر یەك ڕستەی یەکەمی نزاکەی مەسیحی دووبارە دەکردەوە, هەموویان گێژو بێهەست بووبوون. بێگومان ئەوان نەیاندەتوانی سەبیلێ بکێشن. ئێستا ئیدی زۆر بایەخیان بەپێشبڕکێکە نەدەدا, بەڵام هەموویان تەماشایاندەکرد. یەکێکیان بەداخ و کەسەرەوە گوتی: "منیش سەردەبڕن."

ئەوەی پەنا دەستی گوتی: "بیگومان دەیبڕن بەڵام لەگەڵ سەرجەمی خەڵکی خوادا."

کابرای یەکەمیان بەبەرپەرچدانەوەوە وەڵامیدایەوە: "تۆش هەمان بارودۆخت هەیە."

سەرۆکی دەستەیەکی پاسەوانی بەشمشێرەکەی هێڵێکی لەسەر جادەگڵەکە کێشا. دەست و مەچەکی سلڤێراو کاردۆسۆیان کردبووەوە تا بتوانن ئازادانە رابکەن. نێوانیان نزیکی پێنج مەتر مەودای بوو. هەردووکیان لەسەر قەراخی هێڵەکە وەستان. یەك دووانێ لەئەفسەرەکان داوایان لێدەکردن شەرمەزاریان نەکەن, چونکە ئەوان هەموو باوەڕیان بەوان هەبوو, هەروەها ئەو پارەیەی کە لەسەری گرەویان کردبوو پڕ بەکووپەیەکی گەورە بوو.

بەشی سلڤێرا ئەمە بوو کە نۆلانی دوورەگ جەلادی بێت, هەڵبەتە باب و باپیرانی ئەم دوورەگە کۆیلەی بنەماڵەی کاپتن بوون بۆیە ئەویش هەمان نازناوی بنەماڵەی هەبوو. کاردۆسۆش جەلادی ڕەسمیی سوورەکانی بۆ قوڕگبڕینی خۆی هەڵبژارد, کە پیاوێکی خەڵکی کورینتس[82] بوو"

---

[82]-Corrientes

سالأنێکی زۆر بوو جەلاد بوو, و لەسەر ئەوە راهاتبوو کە بۆ سووکنایی دەستی بەشانی قوربانییەکەیدا بهێنێت و بڵێت: "ئازایەتیت هەبێ برادەر, ژنان لەکاتی منداڵبووندا بەرگەی لەمەش زیاتر دەگرن."

دوو پیاوە چاوەڕوانەکە شانیان بۆ پێشەوە چەمابووەوە, و سەیری یەکتریان نەدەکرد. نۆلان ئاماژەی بۆ دەستپێکردنی پێشبڕکێکە دا.

دووڕەگە, لەبەرئەوەی خۆی بەچەقی سەرنجڕاکێشیی هەمووان دەزانی لێوانڕێژبوو لە بەخۆنازین, هەر بۆ خۆشیی لەگوێوە بۆ گوێ قوڕگی سلڤێرای هەڵدڕی, کابرای خەڵکی کورینتسیش کاری ئاسایی خۆی ئەنجامداو درزێکی باریکی کردە گەرووی کاردۆسۆوە, فوارەی خوێن لەگەردنی پیاوەکانەوە جۆگەی بەست. بەر لەوەی بەدەمدا بکەونە سەر زەوی, هەر یەکە بەپەلە چەند هەنگاوێکیان هەڵهێنایەوە. کاردۆسۆ, کە کەوت" دەستی خۆی درێژ کرد. رەنگە هەر لەبنەڕەتەوە ئاگای لەو مەسەلەیە نەبووبێت کە خۆی پێشبڕکێکەی بردبووەوە.

www.pertwk.com

# بەسەرهاتی ڕۆزندۆ خواریێز

کاتژمێر لە11ی شەو نزیکدەبۆوە، خۆم کرد بەو مەیخانەیەدا کە کەوتبووە سەر گۆشەی هەردوو شەقامی بولیڤار و ڤەنزویلاوە. پیاوێك لەگۆشەکەی لای خۆیەوە ئاماژەی بۆ کردم نزیکببمەوە. توندو تیژی و دڵڕەقی لەسیمای دەباری بۆیە یەکسەر بەقسەیمکرد. لەسەر مێزێکی بچووك دانیشتبوو، نازانم بۆچی وام هەستکرد کە ماوەیەکی زۆر بەسەر دانیشتنە بێجووڵەکەی بەدیار پێکە خاڵییەکەیەوە تێپەڕبووە. قەوو باڵای بەرز نەبوو، کورتیش نەبوو, روخساری پیشەگەرێکی خانەدانی هەبوو کە لەگوندەوە هاتبێ. سمێڵە خۆڵەمێشییەکانی تەنکبوون، وەکو سەرجەمی خەڵکی بۆینس ئایرس سەرما بردەڵە بوو, بۆیە"بۆنشو"[83]کەی دانە کەندبوو. بانگهێشتیکردم شتێکی لەگەڵدا بخۆمەوە.. دانیشتمو وتووێژەکە دەستییپێکرد. ئەمە لەدەوروبەری ساڵی 1930دا روویداوە.

کابرا پێیوتم:

–تۆ، جگە لەناوەکەم، هیچ شتێکم لەبارەوە نازانی، بەڵام بەڕێز, من تۆ دەناسم، من رۆزندۆ خوارێزم. بێگومان باریدسی خوالێخۆشبوو لەبارەمەوە قسەی بۆ کردوویت.. ئای ئەو پیرە بەزمی هەبوو! حەزی لەدرۆ بوو نەك لەبەر ئەوەی خەڵکی توشی کێشە بکاتو بیانخەڵەتێنێ بەڵکو بۆ ئەوەی

[83]- بۆنشۆ جۆرە پاڵتۆیەکی ئەمریکای لاتینە, لە چەرم دروست دەکرێت, کۆنێك لە ناوەڕاستەکەیدایە تا لێیەوە سەری لێبهێنرێتە دەرەوە.



بیانخاتە پێکەنین. ئێستاش وەکو هیچکارێکمان نییە بیکەین, ئەوەت بۆ دەگێڕمەوە کە ئەو شەوەی کۆرا لیرۆی تیا کوژرا، بەڕاستی روویداو، تۆش لەرۆمانەکەتدا نووسیوتە، من بەهای ئەمە نازانم, بەڵام تەنیا هێندەم لێتدەوێ کە راستیی مەسەلەکە بزانیت.

وەکو ئەوەی هزری خۆی کۆبکاتەوە, ساتێك وەستاو پاشان دەستی پێکردەوە:

–هەندێ شت پلە بەپلە و بەتێپەڕبوونی کات نەبێت, هۆکاری رودانیان تێ ناگەین. ئەوەی ئەو شەوە بەسەرماهات رەگێکی دووری هەیە. لەگەڕەکی ماڵدۆنادۆ کە دەکەوێتە پشت فلورستاوەو شوێنی کۆکردنەوەو خۆڵڕشتنبوو، گەورە بووم. هەمیشە بیرم لەوە کردۆتەوە کە نابێت بەر بە چوونە پێشەوەی رەوڕەوەی پەرەسەندن بگیرێت. گرنگ، مرۆڤ شوێنی لەدایکبوونی خۆی هەڵنابژێرێت.. هەوڵم نەداوە بزانم باوکم کێیە, دایکم کلیمنتینا خوارێز ئافرەتێکی چاکبوو، بژێوی خۆی بەهۆی کارەکەیەوە پەیدا دەکرد, کە ئوتوکردنی جلوبەرگبوو. پێموایە خەڵکی ناوچەی ئێنترێریۆس یان ئۆرۆگوای بوو. بەهەرحاڵ، هەمیشە باسی کەسوکارەکەی دەکرد کە لەئۆرۆگوای بوون. زۆر خێرا، هەروەکو گیای دەشتودەر, گەورە بووم. بەهۆی پارچە دارێکەوە کە لەگەڵ منداڵانی تردا یاریم پێدەکرد فێری شەڕو کوشتار بووم، هێشتا نەمدەزانی کە یاریی تۆپی پێ وەرزشی ئینگلیزەکانە.

ئێوارەیەکیان لەمەیخانەکە، کەسێك کە گارمندیایان پێدەگوت قوشقی کردم و داوای لێکردم شەڕەچەقۆی لەگەڵدا بکەم، سەرخۆشبوو، بۆیە خۆم وا پیشاندا کە گوێم لێینەبووە، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر داواکەی، رۆیشتینە دەرەوە, هێشتا لەسەر شۆستەکە بووین کە لای بەلای ئامادەبوواندا کردەوە و گوتی:

–دڵنیابن، پاش تۆزێکی تر دەگەڕێمەوە.

کێردێکم لەگەڵ خۆما هێناو بەهێواشی بەرەو لای چەمەکە ڕۆیشتین, هەر یەکەمان بەتیلەی چاو تەماشای ئەوی ترمان دەکرد. ئەو چەند ساڵێك لەمن گەورەتربوو. پێشتر چەندین جار زۆرانمان گرتبوو، هەستمکرد ئەمجارەیان لەناومدەبات. شانبەشانی یەك بەڕێدا دەڕۆیشتین، ئەو لەلای چەپی ڕێگاکەوەو منیش لەلای ڕاستەوە.. گارمندیا قاچی لەشیشەئاسنێکی کۆن گیراو هێشتا بەتەواوی نەکەوتبووە سەرزەوی کە یەکسەر هەڵمکوتایە سەری و بەچەقۆ دەموچاویم بریندار کرد, پاشان ڕووبەڕووی یەك ڕاوەستاینەوە و پەلاماری یەکمان دا و بۆ دوایین جار چەقۆیەکم لێدا. تاکۆتاییەکەی تێبینی ئەوەم نەکردبوو کە ئەویش منی بریندار کردبێت, لەچەندین لاوە ڕوشاندبوومی, ئا لەو شەوەدا بوو پەیم بەوە برد کەکارێکی زۆر سەختوگران نییە مرۆڤێك بکوژین, یان بکوژرێین. بۆئەوەی کات بەفیڕۆنەدەم تەرمەکەم لەپشت کوورەی خشتەکانەوە شاردەوەو زۆر نامەردانە مستیلە نقێمە نایابەکەی پەنجەیم دەرهانی کەهیچ کاتێ لەپەنجەی دانەکەندبوو, کردمە پەنجەم و بەبڕوا بەخۆبوونەوە کلاوەکەمم کردەوە سەرم و گەڕامەوە بۆ مەیخانەکە. زۆر لەسەرخۆ خۆمکرد بەژورداو وتم:

-چاکە. وەك دەبینن من گەڕامەوە.

داوای پێکێکم کرد، چوونکە هەستمکرد پێویستم پێیەتی. ئالەو کاتەدا، کەسێك لەو پەڵەخوێنە ئاگاداریکردمەوە کە بەجلەکانمەوە بوو. ئەو شەوە چەند ئەمدیو و ئەودیوم کرد تا دەمەوبەیان خەوم لێنەکەوت. پاش نیوەڕۆ دوو سەرباز هاتن‌و گرتیانم, دایکم- خوا لێی خۆشبێت- قیژەو هاواری بەرزبووەوە. وەکو تاوانبارێك دامیانە پێش خۆیان, دووشەو و ڕۆژم لەزیندانەکەدا بردەسەر, جگە لەلویس ئیرالا کە هاوڕێیەکی دڵسۆز بوو کەس نەهات بۆ سەردانم، بەلاّم ڕێگەیان نەدابوو



چاوی پێمبکەوێت. بەیانییەکیان مفەوەزی پۆلیسەکە ناردبووی بەشوێنمدا. لەسەر کورسی‌یەك دانیشتبوو، لێموردبۆوەو وتی:

-کەواتە تۆ گارمندیات کوشتووە؟

وەڵامم دایەوە:

-بەقسەکەی تۆبێت,...

-پێویستە بڵێی جەنابی مفەوەز.. فرۆفێڵ لەگەڵ مندا سوودی نییە... ئەمە دانپیانانی شایەتەکانەو مستیلەکەیشی لای تۆ دۆزراوەتەوە.. دەی ئالێرەدا دانپیانانەکەتمان بۆ ئیمزابکە.

پەڕەموچەکەی لەشووشەی مەرەکەبەکەدا نوقمکرد و بۆی ڕاگرتم, بەلاّم وەلاّمیمدایەوە:

-با بیربکەمەوە، جەنابی مفەوەز.

-بیست و چوار سەعات بوارتئەدەم تا لە زیندانەکەتدا بەتێرو تەسەلی بیر بکەیتەوە. نامەوێ پەلەت لێبکەم. ئەگەر ئەقڵت بڕیار نەدات ئەوا بزانە کەماوەیەك لەسایەی شەقامی لاس هیراس دەبەیتەسەر.

بێگومان هیچ لەقسەکانی تێنەدەگەیشتم.

-ئەگەر ددان بەتاوانەکەتدا بنێی ئەوا پاش چەند ڕۆژێك ئازاد دەکرێیت و پاشان لێرە دووردەخەمەوە. دۆن نیکۆلاس باریدس بەڵێنیداوە کارەکەت بۆ ڕێکبخات.

10 ڕۆژ لەبەندیدا مامەوە. سەرئەنجام بیریانکەوتمەوە. ئیمزای هەموو ئەو شتانەمکرد کە لێیان دەویستم. پۆلیسێك تا شەقامی کابرێرا لەگەڵما هات.

چاوم بەچەند ئەسپێك کەوت بەپەڕژینەکەوە بەسترابوونەوە, لەناودەرگاکەشدا کۆمەڵێکی زۆرم بینی وەکو ئەوەی لەئەنجوومەنی

www.pertwk.com

هەڵبژاردندا بن. دواجار دۆن نیکۆلاس کە خەریکی متە[84] خواردنەوە بوو، لەبوونم ئاگادار بۆوە. بەهێمنییەکی تەواوەوە پێیوتم دەمنێرێت بۆ مۆرۆن، کە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنبوون بۆ هەڵبژاردنەکان. بەڕێز (لافرێر)ی راسپارد کە بمخاتە ژێر تاقیکردنەوەوە, لاوێکی رەشپۆش نامەکەی نووسی، کە وا دەناسرا شیعر بەسەر گەل و خەڵکی رەشۆکدا هەڵدەبەستێت، هەروەها پێموترا کە ئەم باسوبابەتانە هیچ گرنگیوبایەخێکیان لای جەماوەرە پێشکەوتووەکە نییە. سوپاسم کردو هاتمەدەرەوە. ئەم جارەیان هیچ پۆلیسێکم لەگەڵدا نەبوو. بەم جۆرە لەم کێشەیە رزگارم بوو. رەحمەت و چاودێریی خودایی باش فریاماندەکەوێت. لەپاش ئەوەی کە لە سەرەتادا کوشتنەکەی گارمندیا کێشەو چەرمەسەری بۆ دەنامەوە وا ئێستا بۆتە سەرچاوەی سوودو قازانج، بێگومان لەچنگی پۆلیسدا بووم. خۆگەر خزمەتی حیزبم نەکردایە ئەوا لە زینداندیان توند دەکردم، بەڵام ئێستا بوومەتە کەسێکی دلێرو ئازا و متمانە بەخۆ.

لافیرێر ئاگاداری کردمەوە کە دەبێت بەراست ودروستی لەگەڵیا برۆمەپێشەوە. هەروەها پێیوتم کەدەتوانم ببمە پاسەوانی تایبەتی.. ئەوەم کرد کە داوای لێکردم. لە مۆرۆن متمانەی سەرکردەکانم بەدەستهێنا، بەهەمان شێوەش لەو گەڕەکەی لێی نیشتەجێبووم متمانەی ئەوانیشم بەدەست هێنا, بەم شێوەیە لە هەڵبژاردنەکان و کۆبوونەوەکانی پایتەخت و ناوچەکاندا رۆڵێکی چالاکم هەبوو. پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەو کاتە بەشێوەی زۆری بەخۆوە بینی، کەمن لێرەدا ئەرکی گوێگرتن لە گێرانەوەیت لەکۆڵ دەکەمەوە. ئێستاش و ئەوساش تاقەتی رادیکاڵەکانم نەبوو کە خۆیان بەکلکی "ئالیم"[85]ەوە هەڵواسیبوو. هەموو رێزیاندەگرتم.. ژنێك و

84- متە: جۆرە چایەکە.

85- لیاندرۆ ئالیم: سەرۆکی پارتی رادیکاڵی ئەو سەردەمەیە.



ئەسپێکی رەسەنی سووورباویان بۆ پەیداکردم، سەردانی قومارخانەکانم کردو مەیم خواردەوە.

ئێمەی بەساڵاچوو زۆر قسە دەکەین، بەڵام ئێستا تازە خەریکم دەگەمە ئەوەی کە دەمەوێت پێتی بڵێم.. نازانم لەبارەی لویس ئیرالاوە قسەم بۆ کردبی" یان نا. لویس هاوڕێیەکی بێوێنە بوو، ئەو پیاوە بەساڵاچووە رۆژێك لە کارەکەی دوانەدەکەوت، زۆری خۆشدەویستم، بەدرێژایی تەمەنی تێکەڵی هیچ دەستەیەك نەبووبوو, بەڵکو لە رێی پیشەکەیەوە کە دارتاشی بوو، دەژیا، لوتی نەدەژەنییە ئیشی کەس و, رێگەشی بەکەس نەدەدا لە کارەکانیدا خۆی هەڵقورتێنێ. بەیانییەکیان هاتەلام و پێیووتم:

–بێگومان پێیانوتوویت کە (لاکازلدا) جێیهێشتووم, رۆڤینۆ ئەگیلیرا لێی فڕاندووم.

لە مۆرۆن ئەو مەسەلەیەم بیستبوو, بۆیە وەڵاممدایەوە.

–بەڵێ. ئاگام لەوەیە، لە بنەماڵەی ئەگیلیرا رۆڤینۆدا لە هەموویان باشترێکە.

–باشبووە یان خراپ، ئێستا کێشەی لەگەڵ مندایە.

تۆزێك بیرمکردەوەو پاشان پێم گوت:

–کەس ناتوانێت هیچ شتێ لە هیچ کەسێ بڕفێنێت. خۆگەر لاکازلدا بەجێیهێشتوویت ئەوە لەبەرئەوەیە کە رۆڤینۆی خۆشدەوێت و، تۆش چیدی هیچ شتێ ناگەیەنی لەلای.

–بەڵام ئەی خەڵکی؟ ئەی خەڵکی چیم پێدەڵێن؟ پێمدەڵێن ترسنۆك؟

–ئامۆژگاریتدەکەم, لەبەر قسەی خەڵك, و بەهۆی ژنێکەوە کە چیدی خۆشیناوێیت کێشەوگرفت مەخوڵقێنە.

–من هیچ بایەخێکی پێنادەم. هەر پیاوێکیش لە (5) خولەك زیاتر بیر لە ژنێك بکاتەوە پیاو نییە، لاکازلدا زۆر نامەردبوو. دوایین شەو کە پێکەوە بەسەرمانبرد پێیوتم کە پیر دەنوێنم.

–ڕاستیی پێ وتوویت.

–ڕاستی هەست بریندارده‌کات. بەڵام ئەوەی ئێستا لام گرنگە ڕۆڤینۆیە.

–وریابە. لە شەڕا ڕۆڤینۆم بینیوە, پاڵەوانە.

–پێتوایە من دەترسم؟

–دەزانم ناترسیت, بەڵام وردتر بیربکەرەوە. یان ئەوەتە دەیکوژیت و لە بەندیخانە توند دەکرێیت، یان دەکوژرێیت و فڕێدەدرێیتە گۆڕەوە.

–ڕەنگە. پێم بڵێ گەر تۆ لەم هەڵوێستەدا بوویتایە چیتدەکرد؟

–نازانم، خۆ ژیانی من ژیانێکی نمونەیی نییە.. من بۆ ئەوەی نەخرێمە زیندانەوە رازی بووم ببمە کرێگرتەیەکی هەڵبژاردن.

–بەڵام من نابمە کرێگرتەی هیچشتێك. هەق و حیسابێك هەیە دەبێت کۆتایی پێ بێنم, ئەمە هەموو مەسەلەکەیە.

–کەواتە لەپێناوی شتێکی نادیارو ژنێکدا کەچیدی خۆشیناوێیت" کێشەوگرفت بۆ خۆت دەنێیتەوە.

چیدی نەیتوانی گوێم لێبگرێت و، ڕۆیشت, ڕۆژی دواتر زانیمان لەیەکێ لەمەیخانەکانی مۆرۆندا چووەبەگژ ڕۆڤینۆدا, ڕۆڤینۆش کوشتوویەتی..

بەپیر مردنەوە چوو, کوشتنێکی شایستە بەپیاوانیش کوژرا. ئامۆژگاریی هاوڕێیانەمکرد, بەڵام هەستم بەگوناه کرد..

پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك بەسەر پرسەکەیدا، ڕۆیشتم سەیری شەڕە کەڵەشێر، حەزم لەم جۆرە نمایشە نەبوو، بێزم لە دیمەنی ئەم یەکشەممەیە هاتەوە، ئەم ئاژەڵانە چییانە وا بەم شێوەیە شەڕیانە؟

–لە ئێوارەی چیرۆکەکەمدا، ئێوارەی کۆتایی چیرۆکەکەم. لەگەڵ هەندێ هاوڕێدا بەڵێنمان بەیەك دابوو بچین بۆ ئاهەنگی سەما لە (باردا). ئەمە چەند ساڵێ بەر لە ئێستا روویداوە، کەچی ئێستاش ئاودامانە



گوڵگوڵییەکەی ئەو کچەم هەرلەبیرە کەبەیەکەوە سەمامانکرد. ئاهەنگەکە لە چۆڵەوانییەکدا بەڕێوەچوو. بەر لەنیوەشەو، خەڵکانێك کە لەناوچەگەلێکی دوورەوە هاتبوون گەیشتنە ئاهەنگەکە. یەکێکیان ناوی کۆرا لیرۆ بوو، ڕووبەڕووی هەموو ئامادەبوان بۆوەو بەناهەق لەو شەوەدا کوژرا. لە بەژن و باڵادا زۆر لەیەکدەچووین. لێم نزیك بۆوە و دەستی کردە مجامەلەکردنم، گوتی لە باکورەوە هاتووەو دەنگوباسی منی پێ گەیشتووە. لێگەڕام بەئارەزووی خۆی بدوێت. بەڵام دوودڵی, وردەوردە دەڕژایە ناخمەوە. لەکاتێکدا کە قسەیدەکرد پەیتاپەیتا قومی لە پێکەکەی دەدا. رەنگە بۆ ئەوەی بووبێت تا ئازایەتی خۆی کۆبکاتەوە، تا ئەوەبوو داوای لێکردم لەگەڵیدا بجەنگێم، لەوکاتەدا ئەو شتە روویدا کە ئێستاشی لەسەربێت کەس تێنەگەیشت. لەمێشکی ئەم گاڵتەپێکەرەدا خۆم بینی, وەکو ئەوەی لەبەردەم ئاوێنەیەکدا بم, تەریقبوومەوە, نەترسام, ئەگەر بترساماية دەچووم شەڕم لەگەڵدا دەکرد. هەروا بەهێمنی مامەوە. بەڵام ئەو, دەموچاوی لەدەموچاوم نزیککردەوەو بەشێوازێك کە هەمووان گوێیان لێببێت هاواریکرد:

–دەتەوێت پێت بڵێم تۆ ترسنۆکی؟!

وەلامیمدایەوە:

–رەنگە، لەوە ناترسم بەترسنۆك دانرێم. دەتوانیت ئەوەش زیاد بکەیت کە پێتگوتووم کوڕی سەگ و تفت کردۆتە روخساریشم. ها.. ئێستا هێوربوویتەوە؟

هاوڕێ کچکەم چەقۆکەمی لە گیرفانی ساقۆکەمدا دەرهێناو خستیە ناو دەستم.. لەکاتێکدا پریشکی رق و تورەیی لەچاوی دەباری گوتی:

–ڕۆزندۆ، لە وبڕوایەدام پێویستت پێیببێت.

www.pertwk.com

لێگەڕام چەقۆکە بکەوێتەخوارەوە و لەسەرخۆ شوێنەکەم بەجێهێشت، خەڵکەکە بەسەر سوڕمانەوە ڕێیان بۆ کردمەوە. لام گرنگ نەبوو بیر لەچی دەکەنەوە.

بۆ ئەوەی لەو ژیانە ڕزگارم بێت، چووم بۆ ئۆرگوای و بوومە شۆفێری گالیسکە، لەو کاتەوەی گەڕاومەتەوە لێرە نیشتەجێبووم. چوونکە گەڕەکی سان تەلمۆ هەمیشە گەڕەکێکی هێمنبووە.

www.pertwk.com

## خوان مورانیا[86]

ساڵهای ساڵه بهههمووان دهڵێم لهو بهشهی بۆینس ئایرسدا گهوره بووم كه بهپالێرمۆ[87] ناسراوه. كهمه كهمه تێگهیشتم كه ئهمه جۆره خۆههڵكێشانێكی ئهدهبیی رووته" راستییهكهی من له ماڵوباخێكی نێو قهڵایهكی مكۆمو پتهوی دهرگا ئاسنینو له نێو كتێبخانهكهی باوكمو باپیرمدا گهوره بووم" نهك له پالێرمۆی چهقۆكێشانو وهكو دهڵێن گیتارژهنینه شاراوهكانی نێو گۆشهو كهناری شهقامهكانو قووڵایی كووچهو كۆڵانه زۆر تهنگهبهرهكان. ساڵی 1930 وتارێكی لێكۆڵینهوهئامێزم لهمهڕ یهكێ له دراوسێكانمان نووسی, ئهڤاریستۆ كاررییێگۆ[88], كه شاعیرو ستایشكهری ناوچه ههژارنشینهكانی دهورووبهری شار بوو. كهمێك پاش ئهوه, رێكهوت منی رووبهڕووی ئهمیلیۆتراپانی[88] كردهوه. له شهمهندهفهری مۆرۆندا[90] بووم, تراپانی كه لای پهنجهرهوه دانیشتبوو, بهناوی خۆمهوه بانگیكردم. بۆ چهند ساتێك نهمتوانی ئهوم بیربكهوێتهوه, چهندین ساڵ بهسهر ئهو رۆژگارهدا تێپهڕیبوون كه پێكهوه

86- Juan murania
87- Palermo
88- Evarisro Carriego
88- Emilio Trapani
90- Moron



له قوتابخانهیهكی شهقامی تامێز[91] هاوپۆل بووین. رهنگه رۆبێرتۆ گۆبڵ[92] كه یهكێكی تر بوو له هاوپۆلهكان, ئهوی بهبیر بێتهوه.

منو تراپانی هیچكاتێك چارهی یهكتریمان نهدهویست. تێپهڕینی كات, هاوكات لهگهڵ گوێ پێنهدانی دوولایهنهمان ئێمهی له یهكتری جیاكردبووهوه. ئێستا وهبیرمدێتهوه, ئهمه ئهو بوو تهواوی وشه باوهكانی ئهو سهردهمهی فێركردم. بهشێوهی دوو هاوگهشت كه بهرێكهوت بووبنه هاوهڵی یهكتر دهستمانكرد بهیهكێ لهو وتووێژه بێبایهخانهی كه یهكێك له پێویستییهكانی ههڵدانهوهی گۆڕی پێشینانهو دهبێته مایهی ئاشكرا بوونی مردنی یهكێكی تر لههاوپۆلهكان, كه ئیدی له ناوێك زیاتر نیه. پاشی ئهوه تراپانی بێپێشهكی گوتی: (كهسێك كتێبی كاررییێگۆی تۆی بهخواستن دامێ, ههمان ئهو كتێبهی كه تیایدا بهردهوام سهبارهت بهنهزانهكان قسه دهكهیت. راست بڵێ بۆرخس, تۆ لهبارهی مرۆی ناكهسبهچه, واته ئهوانهی له لێفهی باوكی خۆیاندا گهوره نهبوون, هیچ دهزانیت؟) بهجۆره سهرسامییهكهوه چاوی تێبڕیم.

وهڵامدایهوه: "لهرێگهی لێكۆڵینهوهوه"

بێئهوهی مۆڵهت بدات قسهكهم تهواو بكهم گوتی: "زۆر باشه, ناوی لێكۆڵینهوهی لێبنێ, من خۆم هیچ پێویستییهكم بهلێكۆڵینهوه نییه – من ئاگاداری سیر تا پیازی ئهو خهڵكهم", له پاش ساتێك بێدهنگی, وهكو ئهوهی بیهوێت نهێنییهكم بۆ ئاشكرا بكات, گوتی: "خوان مورانیا مێردی پوورم بوو."

له نێو ههموو ئهو پیاوانهی له دهیهی كۆتایی سهدهی رابوردوودا لهگۆشهو كهنارهكانی پالێرمۆ, بهشهقاوهیی و چهقۆكێشی ناسرابوون, ناوبانگی مورانیا له ههموویان زیاترو بهربڵاوتر بوو. تراپانی درێژهی

91- Thames
92- Roberto Gobol

پێدا: "پووری من, فلۆرێنتینا[93] , ژنی ئەو بوو. رەنگە ئەم چیرۆکە بەلاتەوە سەرنجڕاکێشبێت."

شێوازی هونەررورازاندنەوەی ئەدەبی و یەك دوو رستەی تا رادەیەك درێژی, خستیانمە گومانی ئەوەوە کە: ئەمە یەکەمجار نییە ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە.

***

تراپانی گوتی: دایکم, ئێستا و ئەوساش نەیتوانی ئەم پێشهاتە قبوڵبکات کە خوشکەکەی لەگەڵ پیاوێکی وەکو مورانیادا پەیوەندیبەستبێت, کە بەڕای ئەو جگە لە بوونەوەرێکی دڕندەی زەبەلاح بەولاوە شتێکی تر نەبوو, لەکاتێکدا لە چاوی پوورە فلۆرێنتینادا ئەم پیاوە پیاوێکی چالاك بوو. چەندین چیرۆکی زۆروزەوەند لەمەڕ دواسەرئەنجامی مێردەکەی پوورم لە گۆڕیدابوون. هەندێك دەیانگوت: شەوێك کە زۆر مەست بووە, لە سەر پێچە تیژەکەی شەقامی "کۆرۆنێل"[94] لە گالیسکەکەی کەوتۆتە خوارەوەو مێشکی بەسەر شۆستەکەدا پەرش و بلاو بۆتەوە. کەسانی تر دەیانوت پۆلیس بەدوایەوە بووەو ئەویش بۆ ئۆرۆگوای هەلاتووە. دایکم, هیچ کاتێك تاقەتی مێردە پوورەکەمی نەبوو, هەرگیز بۆی باسنەکردم چی روویداوە. من, ئەو دەمانە کوڕێکی بچووکبووم و هیچ بیرەوەرییەکم لە بارەیەوە نییە.

لە دەوروبەری سەدەمین ساڵوەگەڕی راگەیاندنی سەربەخۆییدا, ئێمە لە خانوویەکی باریك و درێژکۆلەی کۆلانی "ڕاسێل[95]" دا دەژیاین. دەرگای پشتەوەی ماڵەکە, لەو سەری باڵەخانەکەدا بووو هەمیشەش قفڵی لێدەدرا, بەسەر شەقامی (سان سلڤادۆر)[96] دا دەکرایەوە. پوورم کە تەمەنێکی هەبوو, کەمێکیش گێل بوو, لەگەڵ ئێمە دەژیا و ژوورێکی لە هەورەبانەکەدا هەبوو. ئێسقانی درێژ, بەلاّم وەکو چیلکە باریکبوو, بالاّی بەرز بوو, یاخود وا دەهاتە بەرچاوی من. زۆر کەم لەگەڵ کەسانی تردا قسەی دەکرد. لە ترسی ئەوەی نەکا سەرمای ببێت هەرگیز نەدەچووە دەرەوە, حەزیشی نەدەکرد ئێمە بچینە ژوورەکەی. دەرودراوسێ دەیانوت مردنی -یان ونبوونی- مورانیا مێشکی تێکداوە. هەمیشە ئەوم بەجلی رەشەوە لەبەرچاوە. سەرباریش دوچاری ئەو خووە بووبوو لەگەڵ خۆیدا قسەیدەکرد.

ماڵەکەمان هی پیاوێك بوو ناوی (لوکسی)[97] بوو, خاوەنی سەرتاشخانەیەك بوو لە شەقامی "باراکاس[98]" ی بەری باشووری شار. دایکم, کە لەماڵەوە خەیاتیدەکرد و گوڵی دەچنی, دوچاری کێشەی دارایی بوو, چەند قسەیەکی لە چەشنی (حوکمی دادگا)و (فەرمانی چۆڵکردن)م دەبیست بەچپە و لە ژێر لێوەوە دەوتران, بێئەوەی بتوانم ماناکەیان تێبگەم. دایکم بەڕاستی پەرێشانبوو بوو, پوورم, تەواو سەرسەختانە دوبارەیدەکردەوە کە خوان هەروا بێدەنگ دانانیشێت تا ئەم گرینگۆ ئیتالییە ئێمە دەربکات. بەسەرهاتێکی دەگێڕایەوە - ئێمە هەموو لەبەرمانبوو- بەسەرهاتی یەکێ لەو شەقاوە فشەکەرانەی بەری باشوور کە جورئەتی بەخۆی دابوو گومان لە ئازایەتیی مێردەکەی بکات. کاتێ مورانیا ئەمەی بیستبووەوە, بەرەو ئەو لایەی شار چوو بوو, کون بەکون بەدوای کابرادا گەڕابوو, بەیەك لێدانی چەقۆ حیسابی خۆی لەگەڵیا یەکلاییکردبووەوە و لاشەکەیشی فڕێدابووە ریاچولۆوە[99] . نازانم ئەم

---

[93]- **Florentina**
[94]- **Coronel**
[95]- **Russell**
[96]- **San Salvador**

[97]- **Mr. Luchessi**
[98]- **Barracas**
[99]- **Riachuelo**

www.pertwk.com

چیرۆکە راستە یان نا“ گرنگ ئەوەیە ئەم چیرۆکە گێڕدراوەتەوەو قبووڵیشکراوە.

خۆم دەهێنایە بەرچاوم کە لە زەوییە بەیارەکانی شەقامی "سێرڕانۆ"[100] دا دەخەوم، یان لەبەر دەرگای ماڵاندا سواڵدەکەم، یاخود بەسەبەتەیەك قۆخەوە ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵان دەکەم. دەستفرۆشیی ناو شەقامەکان ختووکەی دەدام، چونکە لە چوونە قوتابخانە رزگاریاندەکردم. نازانم چەرمەسەرییەکان چەند درێژەیانکێشا. باوکی رەحمەتیتان جارێکیان پێیوتم کە ناتوانرێت کات بەرۆژان بژمێردرێت، وەك چۆن پارە بەدۆلارو بەسەنت دەژمێرن، لەبەرئەوەی دۆلارەکان هەموویان وەکویەکوان، بەلاّم هەر رۆژە تەنانەت هەر سەعاتە لەگەڵ رۆژو سەعاتەکانی تردا جیاوازیان هەیە. ئەو کات بەتەواوی لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم، بەلاّم وشەکانی لە مێشکمدا مانەوە.

–شەوێکیان خەوێکم بینی سەرئەنجام بەکابوس کۆتاییهات. خەوم بەخوانی مێردی پوورمەوە بینی. قەت ئەوم نەناسیبوو، بەلاّم پێموابوو کە پیاوێکی بەخۆوەی وەك سوورپێستەکانە، سمێڵێکی تەنك‌و قژێکی درێژی هەبوو. من‌و ئەو هەردووکمان، پێکەوە بەرەو بەلای باشوور دەڕۆشتین، رێیەکەمان بەناو بەردی کانزایی‌و بنچکە دڕکدا رەتدەبوو، ئەم بەردەکانزایی‌و بێشانە لە هەمان کاتدا جادەیەکی پاکیش بوون. لەم خەونەدا، خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندا بوو. خوانی مێردی پوورم بەرگی رەشی لەبەرکردبوو. لە قەراغ تەیمانی جادەیەکی کوێستانی تەنگدا راوەستا. دەستیبرد بۆ ژێر چاکەتەکەی، لای دڵییەوە– نەك وەك کەسێك بیەوێت چەقۆکەی دەربێنێت بەڵکو وەکو کەسێك بیەوێت دەستی بشارێتەوە. بەدەنگێکی غەمبارەوە پێیگوتم: "من زۆر گۆڕاوم." دەستی

[100]- Serrano



هێنایە دەرەوە و ئەوەی کە دیم چنگەپەنجەی داڵەکەرخۆرەیەك بوو. بەدەم هات‌وهاوارەوە لە تاریکی شەودا لە خەو راپەڕیم.

ڕۆژی دواتر دایکم پێیگوتم لەگەڵی بچم بۆ ماڵی لوکسی. دەزانم، دەیویست داوای مۆڵەتێکی زیاتری لێبکات، رەنگە بۆ ئەوە منی لەگەڵ خۆیدا بردبێت تا خاوەنماڵەکە بەبینینی من لە بێچارەیی ئەو ئاگادار بێتەوە. لەم بارەیەوە قسەیەکی لە گەڵ خوشکی نەکرد، چونکە ئەو هەرگیز رێگەی نەدەدا دایکم ئاوا خۆی سووك بکات. بەرلەوە، تەنانەت پێشم نەچووبووە باراکاسەوە“ وام دەهاتە پێشچاو لەوێ زۆر زیاتر لەوەی بۆی دەچووم دانیشتووان‌و هاموشۆ هەبێت و زۆر کەمتریش زەویی بەیار. لەسەری پێچەکەوە چەند پاسەوان‌و کۆمەڵە خەڵکێکمان لەبەردەم ئەو ماڵەدا بینی کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕاین. دراوسێیەك کە لەم کۆمەڵەوە بۆ ئەو کۆمەڵ دەچوو، دەیگوت سەعات سێی پاش نیوەشەو لەدەنگی ئەو مشتەکۆڵانە خەبەریبۆتەوە کە بەدەرگایەکدا کێشراون. دەنگی کردنەوەی دەرگاکەی گوێ لێبووەو هەستی کردووە کەسێك چۆتەژوورەوە. کەس دەرگاکەی دانەخستۆتەوە، هەر کە ئاسمان روناك بۆتەوە لاشەی نیوە رووتی لوکسییان لە دالآنی ماڵەکەدا دۆزیوەتەوە. چەندین چەقۆیان لێدابوو. لۆکسی بەتەنیا دەژیاو ئێستاشی لەسەر بێت پیاوکوژەکە نەدۆزرایەوە. بەڕواڵەت هیچ شتێك نەدزرابوو. لەو کاتەدا، کەسێك گوتی کوژراوەکە چاوی زۆر کزبووە. کەسێکی تر بەدەنگێك، کە گرنگ خۆی دەنواند گوتی: "ئەجەلی هاتبوو." ئەم حوکمەو ئاوازی دەنگەکەی کاریانتێکردم“ پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێك تێگەیشتم“ هەرکاتێ یەکێك دەمرێت هەمیشە کەسێك هەیە ئەم قسەیە بکات.

لە رێوڕەسمی پرسەکەیدا قاوەیان دەگێڕا، منیش کووپێکم بەرکەوت. لە نێو تابووتەکەدا لە جیاتی مردووەکە پەیکەرێکی مۆمیاکراوی تیابوو. ئەم مەسەلەیەم بەدایکم وت“ یەکێ لە کرێکارە مردوونێژەکان پێکەنی‌و

بۆی روونکردمەوە کە پەیکەرە رەشپۆشەکە هەمان بەڕێز لۆکسیە. ئەفسوونلێکراوانە چاوم تێبڕیبوو. دایکم ناچار بەزۆر لەوێ دووریخستمەوە.

تا چەند مانگێ دوای ئەوە باس هەر باسی ئەوەبوو, کەس باسی هیچ شتێکی تری نەدەکرد. لەو رۆژانەدا تاوان ئەوەندە کەمبوون بەپەنجەی دەست دەژمێردران. تەنیا کەسێك کە لە هەموو بۆینس ئایرسدا شوێن ئەم مەسەلەیە نەکەوت پوورە فلۆرێنتینا بوو. بەردەوامو بەسەرسەختییەکی تایبەتەوە کە تایبەتی بەسالاچووان بوو, دەیگوت: "پێموتن, خوان هیچ کاتێ ناهێڵێت ئەم گرینگۆیە ئێمە بکاتە دەرەوە."

ڕۆژێکیان باران بەرێژنە دەباری. جا لەبەرئەوەی ئەو رۆژە نەمتوانی بچم بۆ قوتابخانە, دەستمکرد بەگەڕانو پشکنینی کونو کەلەبەریماڵەوە. بەپێپلیکانەکاندا سەرکەوتمو گەیشتمە هەورەبانەکە. پوورم لەوێ دانیشتبوو, دەستانی لەسەر یەك دانابوو"دڵنیا بووم کە تەنانەت بیریش ناکاتەوە. ژوورەکە بۆنی شێی لێدەهات. لە سوچێکدا قەرەوێڵە قاچ بەرزە ئاسنەکەی دانرا بوو تەسبیحەکەشی بەیەکێ لە شیشەکانیدا هەڵواسرا بوو, لەگۆشەیەکی تردا سندووقێکی لەداردروستکراوی لێبوو, شوێنی هەڵگرتنی جلوبەرگەکانی بوو. وێنەیەکی حەزرەتی مەریەم بەیەکێ لەدیوارە سپییەگڵەکاندا هەڵواسرابوو. لەسەر ئەو مێزەی لەکەناری قەرەوێڵەکەدا بوو, مۆمدانێك دانرابوو, پوورم بێئەوەی چاوانی بکاتەوە بەدەنگی بەرز گوتی: "دەزانم چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە, دایکت ناردوویتی. دایکت دەڵێی نایەوێت باوەڕ بکات کە ئەوە خوان بوو هەموومانی رزگار کرد."

بەسەرسوڕمانەوە پرسیم: "خوان؟ خوان دە ساڵ لەمەوبەر مردووە."

وتی: "خوان لێرەیە, دەتەوێت بیبینیت؟" چەکمەجەیەك لە چەکمەجەکانی مێزەکەی پەنای قەرەوێڵەکەی کردەوەو کێردێکی دەرهێنا, ئەوجا بەدەنگێکی نەرمو لەسەرخۆ درێژەی بەقسەکردنەکەی دا: "ئەو لێرەیە. دەمزانی کە هەرگیز جێماننناهێڵێت. تاکو ئێستاو لە هەموو دنیادا پیاوێکی وەك ئەو نەبووە. نەیهێشت ئەو گرینگۆیە قسەکەی بباتە سەر."

لەو کاتەدا بوو کە هەموو شتێك تێگەیشتم. ئەو ژنە داماوە شێتە لوکسی کوشتبوو. رق, شێتی, رەنگیشە – ئەوین ئەوی بۆ ئەم کارە هاندابێ, لە نیوەشەودا بێئەوەی کەس ئاگای لێبێت لە دەرگاکەی پشتەوە چووبووە دەرەوە, گەڕەك بەگەڕەکی دابووە بەر, ئەو خانووەی کە لەدووی دەگەڕا دۆزیبوویەوە, بەو دەستە پانوئێسقانییانەی خۆی کێردەکەی داهێنا بووەوە. مورانیا – ئەو پیاوەمردووەی کە هەنوکەش ئەو دەیپەرست" ئەو کێردە بوو.

ئێستاش نەمزانی کە ئایا پوورم ئەم چیرۆکەی بۆ دایکم گێڕاوەتەوە یان نا. پوورم کەمێك بەر لە چۆڵکردنی ماڵەکە مرد.

***

لێرەدا تراپانی –کە چیدی چاوم پێینەکەوتەوە– چیرۆکەکەی کۆتایی پێهێنا. لەو کاتەوە تا ئێستا زۆر بیرم لەو ژنە بەدبەختەو پیاوەکەی کردۆتەوە. خوان مورانیا لە کۆڵانە ئاشناکانی منالیمدا پیاسەیدەکردو رەنگە چەندین جار بێئەوەی بزانم ئەوم دیبێت. ئەو پیاوێك بوو کە دەیزانی پیاوان بۆ زانینی چ شتێك دێن, پیاوێ بوو تامی مردنی چەشتو پاشان بوو بەکێردێك, ئێستاش بیرەوەریی ئەو کێردێکە, و بەیانیی بیردەچێتەوە, بیرچوونەوەیەك کە چاوەڕوانی هەموومانە.

# جادووگەری پەسەندنەکراو

لە شاری سانتیاگۆ قەشەیەك دەژیا, زۆر حەزی لە فێربوونی هونەری جادووگەری بوو. کاتێ بیستی کە زانیارییەکانی "دۆن ئیلیان"ی خەڵکی شاری تۆڵدۆ لە بواری هونەری جادووگەریدا لە خەڵکانی تر زیاترن، بەمەبەستی بینینی چوو بۆ تۆڵدۆ.

بەیانیی هەمان رۆژ کە چووە ناو تۆڵدۆوە یەکەوڕاست چوو بۆ ماڵی دۆن ئیلیان، بینی لە پاشخانی ماڵەکەیدا سەرقاڵی کتێب خوێندنەوەیە، دۆن ئیلیان بەگەرمی پێشوازی لێکرد، و داوای لێکرد کە قسەکردن لەمەڕ هۆی راستەقینەی ئەم دیدارە، بۆ دوای نانی نیوەڕۆ هەڵبگرێت. جا کە نانی نیوەڕۆ خورا، قەشە هۆی هاتنەکەی خۆی بەدۆن ئیلیان گوت و لێیپاڕایەوە کە فێری هونەری جادووگەری بکات. دۆن ئیلیان گوتی هەر لە سەرەتاوە زانیویەتی میوانەکەی قەشەیەو پلەو پایەیەکی باشی هەیەو ئایندەیەکی پرشنگداریش چاوەڕوانیەتی، بەڵام ئەگەر هەموو زانیارییەکانی خۆی فێری قەشە بکات، ئەوا رەنگە رۆژێك بێت کە ئەو, وەکو, نەریتی هەمیشەیی پیاوانی خاوەن پلەو پایە لە قەرەبووکردنەوەی ئەو خزمەتەو دانەوەی ئەو پیاوەتییە سەرپێچی بکات. قەشە سوێندی خوارد کە هیچ کاتێ پیاوەتییەکانی دۆن ئیلیان فەرامۆش نەکات و هەمیشەش دەستەو نەزەر لە خزمەتی فەرمانەکانیدا بێت. کە بەم رێککەوتنە گەیشتن، دۆن ئیلیان روونیکردەوە شێوازەکانی جادو لە شوێنێکی زۆر چۆڵدا نەبێت ناتوانرێت وەربگیرێن، بۆیە دەستی قەشەی

گرتو بردیە ژوورەکەی تەنیشتیان. دەرگایەکی ئاسنی گەورەی شێوە بازنەیی لەتەختی ژوورەکەدا بوو. دۆن ئیلیان بەر لەڕۆیشتنی فەرمانی بەکارەکەرەکەیدا شۆربایەك بۆ ئێوارە ئامادە بکات بەڵام تا خۆی نەڵێت نەیخاتە سەر ئاگر.

دۆن ئیلیانو میوانەکەی، دەرگا ئاسنینەکەیان بەرز کردەوەو بەپێپلیکانەیەکی پێچاو پێچو کووڕدا چوونە خوارێ، تاجێیەك کە قەشە پێیوا بوو وان لە ژێر گوزەرگەی روباری تاگوس. کۆتایی پلیکانەکە ژوورێك بوو، کتێبخانەیەكو سنوقێکی پڕ لە کەلوپەلی جادووگەری تێدابوو. هەریەکەیان کتێبێکیان هەڵگرتو پەڕەکانیان هەڵدەدانەوە لە پڕ دوو پیاو دەرکەوتنو نامەیەکیان بۆ قەشە هێنا. نامەکە لە ئەسقوفی سانتیاگۆوە بوو کە مامیشی بوو، ئەسقوف لە نامەکەدا گوتبووی زۆر نەخۆشە، گەر قەشە دەیەوێت جارێکی تر بەزیندوێتی بیبینێتەوە ئەوا دەبێت پیێ هەڵبگریێو دوانەکەوێت. ئەم هەواڵە لە دوو لاوە بۆ قەشە مایەی نیگەرانی بوو، یەك نیگەرانی نەخۆشییەکەی مامی بوو، دوویش لەبەرئەوەی ناچار بوو لەبەر ئەمە لێکۆڵینەوەکەی خۆی بەنیوەناچڵی بەجێبهێڵێت. سەرئەنجام هاتە سەر ئەو رایەی بمێنێتەوە، پۆزشنامەیەکی نووسیو ناردی بۆ ئەسقوف.

سێ رۆژ تێپەڕی، چەند پیاوێ لەڕێوەگەیشتن، بەرگی رەشیان لەبەردابوو، چەند نامەیەکی تازەشیان بۆ قەشە هێنابوو. لەنامەکاندا نووسرابوو کە ئەسقوف مردووەو بڕیارە جێنشینێکی بۆ هەڵبژێرن، ئومێد دەکرا کە بەیاریدەی خودا ئەو بۆ ئەم پایەیە هەڵببژێردرێت. لە نامەکاندا پێیگوترا بوو لەهەر شوێنێك کە هەیە بمێنێتەوە“ واباشو شایستەبوو لە کاتی هەڵبژاردنەکەدا خۆی ئامادەنەبێت.

دە رۆژ تێپەڕی، دوو خاوەن پلەوپایەی شیکپۆش گەیشتن، خۆیان دا بەسەر قاچیداو دەستیان ماچکردو بەئەسقوف بانگیانکرد. دۆن ئیلیان کە



ئەوەی دی بەخۆشییەکی زۆرەوە روویکردە مەترانی تازەو وتی سوپاسی خوادەکات کە هەواڵێکی ئاوا خۆش گەیشتۆتە ماڵەکەی. ئەو کات داوای جێگەوپلەی قەشەییەکەی بۆ کوڕەکەی کرد, کە ئێستا ئیدی بەتاڵبوو. ئەسقوف وەڵامیدایەوە کە ئەو جێگەیەی بۆ براکەی خۆی داناوە، سەبارەت بەکوڕەیش لەناو کلێسادا کارێکی بۆ دەدۆزێتەوە“ داواشیکرد هەرسێکیان بەرەو سانتیاگۆ بکەونەڕێ.

بەرەو شاری سانتیاگۆ کەوتنە رێ، لەوێ بەوپەڕی شکۆدارییەوە پێشوازییان لێکرا. شەش مانگ تێپەڕی، چەند پەیکێ لەلای پاپاوە گەیشتن، هەواڵیان هێنا کە ئەو کراوەتە ئەسقوفی مەزنی شاری تۆڵۆزو هەڵبژاردنی جێنشینیش خراوەتە ئەستۆی ئەو. دۆن ئیلیان کە ئەوەی بیست، بەڵێنە کۆنەکەی خستەوە بیری ئەسقوفو داوای جێگە بەتاڵەکەی بۆ کوڕەکەی کرد. ئەسقوفی مەزن پێیگوت کە دەمێکە پایەی مەترانیەکەی بۆ مامەکەی تری داناوە، بەڵام لەبەرئەوەی گفتیداوە لەگەڵ دۆن ئیلیاندا چاکی بنوێنێت، بەباشی دەزانێ کە دۆن ئیلیانو کوڕەکەیشی بەهاوەڵیی ئەم بەرەو تۆڵۆز بکەونەڕێ. دۆن ئیلیان جگە لە رازیبوون هیچ چارەیەکی تری نەبوو.

هەرسێکیان بەرەو تۆڵۆز کەوتنەڕێ، پێشوازییەکی پڕ شکۆیان لێکراو رێوڕەسمی نزاخوێندن لەکلێسادا بەڕێوەچوو. دوو ساڵ تێپەڕی، چەند تەتەرێك لای پاپاوە گەیشتنو قەشەیان لە بەرزبوونەوەی بۆ پلەی کاردینالی ئاگادارکردەوە، هەڵبژاردنی جێنشینیشیان خستە ئەستۆی ئەوەوە. دۆن ئیلیان کە بەم هەواڵەی زانی بەڵێنە کۆنەکەی بەبیری کاردینالْ هێنایەوە. کاردینالْ گوتی پایەی ئەسقوفی مەزنی بۆ خاڵی داناوە، کە پیاوێکی چاکە، بەڵام ئەگەر دۆن ئیلیانو کوڕەکەی لەگەڵی بچن بۆ رۆما ئەوا بێگومان هەلومەرجێکی باش دێتە پێش، دۆن ئیلیان ناڕەزایی دەربڕی، بەڵام سەرئەنجام ناچار بوو رازیببێت.

هەرسێکیان بەرەو رۆما کەوتنە رێ، لەوێ پێشوازییەکی شایستەیان لێکرا، دیسان رێوڕەسمی نزا خوێندن لە کلێسادا بەرپاکراو دەستەو

کۆمەڵـە ئاینییـەکان کەوتنـە ڕێ. چـوار سـاڵ تێپـەڕی، پاپـا مـردو هـەر هەموویان کاردیناڵەکەی ئێمەیان بۆ پاپایی هەڵبژارد. دۆن بەبیستنی ئەم هەواڵـە، پێـی خـاوەن مـەقامی پـیرۆزی ماچـکردو بەڵێنـە کۆنەکـەی خـۆی وەبیرهێنایـەوە، و داوای لێکـرد ئـەو جێگـە کاردیناڵیـەی کـە بەبـەتاڵی مابووەوە، بەکوڕەکـەی بسپێرێت. پاپـا بـەدۆن ئیلیـانی گـوت کـە ئیـدی لـە داواکارییـە دووبـارەو سـواوەکانیی مانـدووبووەو ئەگـەر درێـژە بـەم خۆناشیرینکردنانە بدات ئەوا دەیخاتە زیندانەوە، چونکە باش دەزانێت کە دۆن ئیلیان جگە لەجادووگەرێك هیچ شتێکی تر نییەو لە تۆڵدۆ مامۆستای هونەری جادووگەری بووە.

دۆن ئیلیانی بێچارە هەر هێندە توانی بڵێت کە نیازی ئیسپانیای هەیە، جـا داوای خـواردنی لـەپاپا کـرد تـا ئـەو گەشـتە درێـژە دەرياييـەی پـێ بەسـەربەرێ. پاپـا جـارێکی تـریش رووشـکێنیکرد، دۆن ئیلیـانیش (کـە روخساری بەشێوەیەکی سەیر گۆڕا بوو) بەدەنگێك کە هیچ لەرزینێکی تیا نەبوو گوتی: "ئەمێستا، ئەو شۆربایەی کە فەرمانمدا بۆ ئێوارە لێیبنێن، لێیبنێن."

ژنە کارەکەرەکە هاتە پێشەوەو دۆن ئیلیان فەرمانیدا شۆرباکە بخەنە سـەر ئـاگر. هاوکـات لەگـەڵ ئـەم قـسانەدا پاپـاش خـۆی لـە ژووری ژێرزەمینەکـەدا بینییـەوە، هـەر هـەمان قەشـەکەی سـانتیاگۆ بـوو. وا شـەرمەزاربووبوو نەیـدەزانی چـی بڵێـت. دۆن ئیلیـان گـوتی ئـەم تاقیکردنەوەیـەی بەسـبووە، لـە شـۆرباکە بەشـی قەشـەی نـەدا، بـۆ بەڕێکردنیشی تابەردەرگا لەگەڵی چوو، لەگەڵ ماڵئـاوایی کردنـدا بەوپـەڕی ئەدەبـەوە ئـارەزووی خواسـت کـە قەشـە بەسـەلامەتی بگاتـە شـوێنی مەبەستی.

www.pertwk.com

# ئاوێنەیەك لە مەرەكەب

لە سەرتاسەری مێژوودا و لە نێو حوكمڕانانی سودانیدا، كەس هێندەی یاقوبی دەردەدار بەستەمكار نەناسراوە، ئەو یاقوبەی كە دەستدرێژیی باجگرە میسرییەكانی بۆ سەر گیان و ماڵی میللەتەكەی خۆی واڵا كردو لە چواردەیەمین ڕۆژی مانگی (بێرمهات)[101] ی ساڵی (1842) لە ژوورێكی كۆشكدا مرد. هەندێ كەس لەو باوەڕەدان كە (عبدالرحمن المصمودی)ی جادووگەر (كە دەكرێت ناوەكەی بۆ بەندەی خودای بەخشندە وەربگێڕدرێت) ئەوی بەخەنجەر, یان بەژەهر كوشتووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆرتر وا پێدەچێت كە بەمردنی سروشتی مردبێت، چونكە بەدەردەدار بەناوبانگبوو. كاپتن ریچارد. ئێف. بورتۆن[102] ساڵی (1853) لەگەڵ جادووگەردا قسەیكردووە و جادووگەر چیرۆكێكی بۆ گێڕاوەتەوە كە من لێرەدا سەرلەنوێ دەیگێڕمەوە:

ئەوە ڕاستە، كە لە ئاكامی پیلانگێڕیی ئیبراهیمی برام و بەپشتیوانیی ناپاكانەو بێهودانەی سەرۆكە ڕەشپێستەكانی كوردوڤان، كە ناپاكییان لێكرد، من لە قەڵاكەی یاقوبی دەردەداردا بەدیل گیرام. براكەم لەسەر

---

-101 مانگی حەوتەمی ڕۆژژمێری كۆنی میسرییە (وەرگێڕی فارسی).

-102 Captin richard. F. burton وەرگێڕی ئینگلیزی هەزارو یەك شەوە و گوڵستانی سەعدی و زۆر تێكستی فارسی و عەرەبی و هندی ترە (وەرگێڕی فارسی).



فەرشی ڕەنگ خوێنینی دادپەروەریدا بەشمشێر كوژرا، بەڵام من خۆمدا بەسەر پێیە دزێوەكانی دەردەداردا و پێموت كە جادووگەرم و ئەگەر خوێنم نەڕێژێت و نەمكوژێت ئەوا شكڵ و شێوەو تارماییگەلێكی پیشاندەدەم كە لە شكڵ و شێوەو تارمایی چرای ئەفسووناویش سەرسووڕهێنەرتر بێت. ئەو زۆردارە بۆ سەلماندنی ئەو قسە و پڕوپاگەندانەم داوای بەڵگەیەكی دەستەجێی لێكردم. منیش داوای قەڵەمقامیشێك و كاغەزێكی گەورەو ئوچێك و دواردێك و مەرەكەبدانێكی لە قۆچی ئاژەڵدروستكراو و ئاگردانێكی پڕ لە پشكۆ و سكڵی گەشاوەو كەمێك تۆوی گژنیژ و عەیارەیەك ڕۆنم كرد. كاغەزەكەم بڕی و كردم بەشەش پارچەی باریك باریك، لەسەر پێنج دانەیان هەندێك ویردو نزام نووسی، لەسەر دوایین دانەشیان ئەم وشانەم نووسی كە هی قورئانی پیرۆزن: "و كشفنا عنك غطائك فبصرك الیوم الحدید[103]" دواجار چوارگۆشەیەكی ئەفسووناویم لەسەر لەپی دەستی ڕاستی یاقوب كێشا، پێموت لەپی دەستی چاڵ بكات، مەرەكەبەكەم ڕشتە لەپی دەستییەوە تا چاڵەكەی لەپی پڕبووەوە لێم پرسی كە ئایا وێنەی خۆی بەڕوونی لە مەرەكەبەكەدا دەبینێت، ئەویش وەڵامیدایەوە كە دەیبینێ. پێموت سەری بەرزنەكاتەوە. ڕۆن و تۆوە گژنیژەكەم ڕۆكردنە ناو ئاگردانەكەو وێردو نزاكانم بەسەر پشكۆ سوورەوەبووەكاندا سووتاندن. پاشان لێمپرسی دەیەوێت چ وێنەیەك ببینێ, نەختێ بیریكردەوەو گوتی: "ئەسپی دەشتی، باشترین ئەسپێ كە لە كەنارەكانی بیاباندا دەلەوەڕێ". سەیریكرد مێرگوزارێكی كپوسەوزی بینی، ساتێ دواتر ئەسپێ نزیكبووەوە، وەك پڵنگ چاپووك و پەڵەیەكی سپی بەناوچەوانییەوە بوو. داوای ڕەوەئەسپێكی لێكردم بەهەمان ئەندازە

---

-103 ئایەتی 22 لە سوورەتی" ق"، ئێستا پەردەمان لەسەر چاوانی تۆ لاداوە و هەموو شتێ وە كو خۆی دەبینیت و چاوانت تیژن).

www.pertwk.com

جوانبێت، له بەری ئاسۆدا هەورێ تەپوتۆزی بینی, پاش ئەوه رەوەئەسپەکەی بینی. لەم ساتەدا بوو کە زانیم لە مردن رزگارمبووە.

لەو رۆژە بەدواوە لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین تاڵەتیشك لە ئاسمانی خۆرهەڵاتدا, دوو سەرباز دەهاتن, دەیانگرتم و دەیانبردم بۆ شوێنی پشوودانی دەردەدار، لەوێ پێشوەخت بخووردو ئاگردان و مەرەکەب ئامادەکرابوو. ئا بەم شێوەیە ئەو داوایلێدەکردم و منیش هەموو شتە بینراوەکانی ئەم جیهانەم نیشانی ئەو دەدا، ئەم پیاوە کە ئێستاشی لەسەربێت رقم لێیەتی" لە لەپی دەستیدا هەموو ئەو شتانەی بینی کە مردووەکان بینیویانە، هەروەها هەموو ئەو شتانەیش کە زیندووەکان دەیبینن: شاران، هەرێمەکان، ئەو ئیمپراتۆرییانەی گۆی زەوییان دابەشکردووە، ئەو گەنج وخەزنانەی لە ناویدا شاراونەتەوە، ئەو کەشتییانەی کە لە دەریاکانیاندا دێن‌ودەچن" کەلوپەلی بێشوماری جەنگ و مۆسیقاو نەشتەرگەری، ژنانی جوان، ئەستێرە و هەسارەکان، ئەو رەنگانەی کە بێدینەکان بۆ کێشانی وێنە ناشیرینەکانیان بەکاریاندەهێنن، خوێ و گژوگیاگەلێك کە نهێنی و تایبەتمەندیگەلێکیان تیادان" هەروەها فریشتە زیوینەکان کە تاکە خۆراکیان سوپاس و ستایشی خواوەندە" بەخشین و پێشکەشکردنی خەڵات لە قوتابخانەکاندا، پەیکەری مەل و باڵندەو پاشایان کە لە ناو هەرەمەکاندا حەشاردراون , سێبەری ئەو گایەی کە جیهانی لەسەر پشتەو ئەو ماسییەی لەژێر گاکەدایە، هەروەها زەوییە دێم و رەقەڵانەکانی خودای بەخشندەی بینی. شتگەلێکی بینی کە باسکردنیان ئەستەمە" وەك ئەو شەقامانەی کە بەرۆشنایی لامپی گازی رووناککراونەتەوە، هەروەها ئەو نەهەنگەی کە بەبیستنی دەنگی مرۆڤێك دەمرێت.

جارێکیان فەرمانیدا ئەو شارەی پیشانبدەم کە ئەورووپای پێدەڵێن. رێگەمدا چوارڕیانە سەرەکییەکانی ببینێت، پێموایە لەوێدا بوو، لەو



قەرەباڵغییە گەورەیەدا –خەڵکەکە هەموو بەرگی رەشیان پۆشیبوو، هەندێك چاویلکەیان لە چاوابوو, بۆ یەکەمین جار چاویکەوت بەپیاوێك کە رووبەندی پۆشیبوو.

لەو رۆژەوە هەر شتێکمان دەبینی ئەو پیاوەی تیابوو، جارێك بەبەرگی سودانییەوە جارێکیش بەبەرگی سەربازییەوە، بەڵام هەمیشە رووبەندی پۆشیبوو. هیچکاتێ وننەدەبوو, بەڵام ئێمە نەماندەوێرا ناسنامەکەی ئاشکرا بکەین. وێنەکانی ئاوێنە مەرەکەبییەکە، کە لە سەرەتادا تیژتێپەڕ, یان چەسپاو بوون، دواتر ئاڵۆزتربووبوون، بێوەستان فەرمانەکانی منیان جێبەجێدەکرد, ئەو زۆردارە دەیتوانی هەموویان بەروونی ببینێ. ترسناکی زۆری دیمەنەکان هەردووکمانی دەترساندو ماتیدەکردین. هەرچیمان دەبینی دیمەنی سزادان و خنکاندن و ئەتککردن بوون, واتە چێژی تایبەتی جەلادان و زۆرداران.

بەم شێوەیە، گەیشتینە سپێدەی چواردەیەمین رۆژی مانگی بێرمهات. مەرەکەب رژێنرایە نێو دەستی زۆردارو رۆن و تۆوە گژنیژەکەش کرا بەسەر ئاگردانەکەداو نزاو نووشتەکانیش لەسەر ئاگرەکە سووتێنران. تەنیا هەردووکمان بووین. دەردەدار فەرمانی پێدام دیمەنی سزادانێکی پیشانبدەم کە هەم راستی بێت و هەم ئیستیئنافیش نەکرێتەوە، چونکە ئەو رۆژە تینوی بینینی دیمەنی لە سێدارەدانێك بوو. هێشتم سەربازەکان بەخۆیان‌و تەپڵەکانیانەوە، هەروەها فەرشی مل پەڕاندنەکە و ئەو خۆشبەختانەی تەنیا تەماشاکەر بوون، لەگەڵ جەلادێك کە شمشێری دادپەروەری بەدەستیەوە هەڵدەسووراند، ببینێ. یاقوب کە چاوی بەجەلادەکە کەوت بەسەرسوڕمانەوە پێی گوتم: "ئەوە ئەبو قیرە، ئەو کەسەی دادپەروەریی بەسەر ئیبراهیمی براتدا جێبەجێکرد، هەر ئەوەندە بتوانم بێکۆمەکی تۆ ئەم وێنانە ببینم ئیدی ژیانی تۆ کۆتاییدێت. "داوای لێکردم کە پیاوە حوکمدراوەکە بهێنمە پێشەوە. کە ئەم فرمانە ئەنجامدرا

دەردەدار بینـی ئـەو پیـاوەی کـە دەبێـت لـە سـێدارە بـدرێت هـەمان پیـاوە رووبەندپۆشەکەیە, بۆیە رەنگ بەروویەوە نەما. فەرمانی پێکردم کە پێش ئەوەی دادپەروەری جێبەجێبکرێت رووبەندی ئەو پیاوە لابەرم. لەگەڵ ئەم قسەیەی کرد خۆمدا بەسەر دەستوپێیداو بەپاڕانەوەوە گوتم: "ئەی پاشای وەخت، ئەی گەوهەر و نەقاوەتی سەردەم، لەبەر ئەوەی ئەم یەکە لەوانی تر ناچێت بۆیە نە ناوی خۆی, نە ناوی باب و باپیرانی و نە ناوی ئەو شارەی تێیدا لەدایکبووە، نازانم. من غیرەتی گۆڕینی ئەم وێنەیەم نییە, چونکە لەوە دەترسم بەم کارە تاوانێك بکەمو ببمە مایەی رەخنەولێپرسینەوە.

دەردەدار زەردەیـەك گرتـی، کاتێك کـە لەخەندەکـەی بـووەوە سـوێندی خـوارد کـە ئەگـەر تاوانێك لـە کارەکـەدا هـەبێت ئـەوا ئـەو تاوانـە دەخاتـە ئەستۆی خۆی. بەشمشێرەکەی و بەقورئان سوێندی خوارد. جا ئەوکات داوام کـرد زیندانییەکـە رووتببێتـەوە. بەپێـستی گـا ببەسـترێتەوە و رووبەندەکە لەسەر دەموچاوی دابدڕن. ئەم کارانە ئەنجامدران. سەرئەنجام چـاوە ترسـاوەکانی یـاقوب توانییـان ئـەم دەموچـاوە ببیـنن دەموچـاوی خـۆی– تـرس و شـێتی سـەرتاپای بـوونی ئـەویان داگیرکـرد. دەسـتە لەرزیوەکانی ئەوم بەدەستەکانی خۆم, کە نەدەلەرزین گرتن و فەرمانم پێدا بەردەوامبێت و سەیری مەراسیمی مردنی خۆی بکات. وەها کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئاوێنەکەوە نە هەوڵیدەدا چاوانی وەربگێڕێت، نە مەرەکەبەکە بڕێـژێت. کاتـێ کـە لـە وێنەکـەدا شمـشێرەکە داهاتـە خـوارەوە بـۆ سـەری تاوانبارەکە، یاقوب لە ناخەوە هاوارێکی لێبەرزبووەوە کە بەزەیی دڵمی نەبزواند, بەدەمدا کەوتە سەر زەوی و مرد.

سوپاس و ستایش بۆ ئەو کەسەی کە هەمیشە چاودێریدەکات و کلیلی بەخشینی بێسنوورو سزادانی بێکۆتاییش لە دەسەڵاتی ئەودایە.

www.pertwk.com

## کۆشکی پەیکەرەکان

هیچ زانیارییەکی راستو دروست لەبارەی نووسەری راستەقینەی ئەم چیرۆکە لە بەردەستدا نییە، کە لەسەرچاوەیەکی عەرەبییەوە وەرگیراوە. هەر لەو بەڵگانەوە کە خودی چیرۆکەکە دەیاندا بەدەستەوە، دەتوانرێت ئەنجامگیریی ئەوە بکرێت کە نووسەر موسوڵمانێکی ئیسپانی بووە:

لە سەردەمەکانی پێشوودا و لە هەرێمی ئەندەلوس، شارێك هەبوو ناوی لێبتیت[104] یان سیوتا[105], یاخود خاین[106] بوو" ئەم شارە پایتەختی پادشایان بوو. لەو شارەدا قەڵایەکی قایم و پتەو هەبوو کە دەروازەگەلێکی یەکلەدواییەکی هەبوون, نە بۆ چوونە ناوەوە بوون" نە بۆ هاتنە دەرەوەش، ئەم دەروازانە هەمیشە داخرابوون. هەر جارێ پاشایەك دەمرد، پاشایەکی تازە لەدوای ئەوەوە لەسەر تەختی دەسەڵات دادەنیشت، پاشای تازە بەدەستی خۆی قفڵێکی تازەی لە هەر یەکێ لە دەروازەکان دەدا، تا ژمارەی قفڵەکانی هەر دەروازەیەك گەیشتە بیست و چوار قفڵ، هەر قفڵەی هی پاشایەك بوو.

لەو رۆژە بەدواوە، فەرمانڕەوایەتی بوو بەنەسیبی پیاوێکی بەدکار, کە لە نەوەی پاشایان نەبوو، ئەم پیاوە بەدکارە تەخت و تاجی بەزۆر داگیرکردبوو" لە بری ئەوەی قفڵێکی تر بۆ سەر دەروازەکان زیاد بکات،

104- **Lebtit**
105- **Ceuta**
106- **Jaen**



بڕیاریدا هەر بیست و چوار قفڵەکە بکاتەوە، تاببینێ و بزانێ چ شتێك لە نێو قەڵاکەدا حەشاردراوە، میرانوگزیران بەتکاوە داوایان لێکرد کاری وا نەکات، گورزە کلیلە ئاسنینەکانیان لێشاردەوە و پێیانوت زیادکردنی قفڵێك ئاسانترە لە شکاندنی بیست و چوار قفڵ، بەڵام پاشا بەشێوەیەکی سەیر پێیداگرتو گوتی: "دەمەوێت چاوێك بەو شتانەدا بخشێنم کە لەناو قەڵاکەدا هەن." ئینجا ئەوان، هەرچییان لە دەستهات لە پەیکەرە مەسیحیەکانەوە بیگرە تازێڕو زیو دایان پێی. کەچی پاشا دەستی هەڵنەگرت، بەدەستی راستی خۆی "دەك دەستی راستی لە ئاگری هەتاهەتاییدا بسووتێت!" قفڵەکانی شکاند.

لەناوەوەی قەڵاکەدا پەیکەرگەلێکیان دۆزییەوە کە هی چەند عەرەبێ بوون. لە کانزاو تەختە دروستکرابوون– هەموویان بەسواری ئەسپو وشتری تیژڕەو، بەچەفتە و عەگالەوە کە بەسەر شانیاندا هاتبووە خوارێ و شمشێری بەکەمەرا هەڵواسراو و نێزەبەدەستەوە وەستابوون. گشتیان لە شێوەی پەیکەردا بوون و سێبەریان لەسەر زەوی دیاربوو. لۆقی ئەسپەکان دەتگوت ئێستەنائێستە دەکشێنەدواوە" نەدەگەیشتنە زەوی. سەیرە" ئەو ئەسپە زەبەلاحانە ساتمەیان نەدەکرد و نەدەکەوتن. بەبینینی ئەم پەیکەرانە، کە لێهاتووانە دروست کرابوون ترسێکی گەورە کەوتە دڵی پاشاوە، رێکوپێکی و بێ جووڵەییان ترسەکەی زیاتر کرد، چونکە هەموویان روویان بەرەو لایەك بوو -کە بەری خۆرئاوابوو– نەقسەیەکیان لێدەبیستراو نە دەنگی شەیپوورێ, ئەمە ئەوە بوو کە لە کۆشکی یەکەمدا بوو. لە کۆشکی دووەمدا مێزێکیان بینی کە بۆ سلێمانی کوڕی داود جیاکرابووەوە -ڕەحمەتی خوایان لێبێت– ئەو مێزە لە پارچە زمڕودێك تاشرابوو، وەکو هەموانیش دەزانن زمڕود رەنگەکەی سەوزە، سیفەتە نادیارەکانیشی سەلمێنراون و روونکردنەوەیان ناوێ، چونکە تۆف و رەهێڵەکان دەنیشێنێتەوە، پارێزەری تەقوای خاوەنەکەیەتی، سکچوون و

گیانی پیس لەش دەردەکات، لەدوعاو نزادا ئەنجامی خوازراو بەدڵی خۆت مسۆگەردەکات و مەسەلەی منداڵبوونی ژنان ئاساندەکات.

لە کۆشکی سێیەمدا، دوو کتێب دۆزرانەوە. یەکێکیان رەش بوو، بەکارهێنانی کانزاکان و تەلیسمەکان و پەیوەندی نێوان ئەستێرەکان و رۆژەکان, شێوەی ئامادەکردنی ژەهرو دژی ژەهری فێردەکرد. ئەوی تریان سپی، ئەگەرچی پیتەکانی هەموو روون و ئاشکرابوو، بەڵام هیچکەسێ نەیدەتوانی واتای وانەکانی ئەو کتێبە لێکبداتەوە. لە کۆشکی چوارەمدا نەخشەیەکی جیهانیان دۆزییەوە کە هەموو هەرێم و شارو دەریاو قەڵا و مەملەکەتەکانی, بەناوی راستەقینەی خۆیان و بەئەندازەی رێکودروستەوە, لەسەر دیاریکرابوو.

لە کۆشکی پێنجەمدا، ئاوێنەیەکی خڕیان دۆزییەوە، کە بۆ سلێمانی کوڕی داود–رەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێت– دروستکرابوو، ئاوێنەیەك کە هێندە بەنرخبوو مەزەندە نەدەکرا، چونکە لە تێکەڵەی چەند کانزایەك دروستکرابوو، هەر کەسێك تەماشایدەکرد دەیتوانی دەموچاوی بابوباپیرانی تادەگەیشتنەوە سەر یەکەم مرۆڤ "ئادەم" هەروەها دەموچاوی نەوەکانی خۆی, یەك بەدوای یەکدا تا ئەوانەیان کە گوێیان لە سوری ئیسرافیل دەبێت، ببینن. کۆشکی شەشەم پڕبوو لەجۆرە ئەکسیرێ کە دڵۆپێکی بەسبوو بۆ ئەوەی سێ هەزار مسقاڵ زیو بگۆڕێ بەسێ هەزار مسقاڵ زێڕی پوخت. کۆشکی حەوتەم بەتاڵ دەهاتە بەرچاو. ئەم کۆشکە هێندە دوورو درێژ بوو لێهاتووترین تیرهاوێژیش نەیدەتوانی لە دەروازەکەیەوە تیر بهاوێت و بەر دیوارەکەی ئەوبەری بکەوێت. لەسەر ئەو دیوارە نووسینێکی ترسناکیان دۆزییەوە. پاشا ئەو نووسینەی خوێندەوەو ماناکەی تێگەیشت" وشەکانی ئەو نووسینە بەم شێوەیە بوون: "هەر کاتێ دەستێك بوێرێ دەرگای ئەم قەڵایە بکاتەوە، ئەوا



جەنگاوەرگەلێکی زیندوو کە لەو پەیکەرانە دەچن و لێرەدان، ئەم وڵاتە داگیردەکەن."

ئەم رووداوە لە ساڵی 89ی کۆچیدا روویداوە. هێشتا دوازدە مانگی ئەو ساڵەی بەسەردا تێنەپەڕیبوو, تاریقی کوڕی زیاد شورەی دەوری شارەکەی رووخاندو پاشای شکاندو ژن و منداڵەکانیشی وەکو کۆیلە فرۆشتن، هەموو شوێنێکی ئەو مەملەکەتەی وێرانکرد. بەم شێوەیە بوو کە عەرەبەکان بەوڵاتی ئەندەلوسدا بڵاوبوونەوە، ئەو وڵاتەی بەهۆی درەختی هەنجیرو چیمەنە پاراوەکانیەوە هیچ تینوویەك بێئاو ناهێڵێتەوە، بەڵام خەزێنەکان: هەمووان دەزانن تاریقی کوڕی زیاد هەر هەمووی بۆ خەلیفەی سەرۆکی ناردن و خەلیفەش لەناو هەرەمێکدا ئەنباریکردن.

www.pertwk.com

## ڕووداوی مردنی فەقێیەك

فریــشتەکان بۆیــان گێڕامــەوە, لەبەرئــەوەی میلانکتــۆن[107] لــەم دنیــا ڕۆیشت, لەو دنیا ماڵێکیان پێبەخشی, بەرواڵەت لەو ماڵەدەچوو کە لەم دنیا تیایدا دەژیا (ئەم ڕووداوە لەسەرەتای هاتنە ناوەوەی زۆربەی تازە هاتووانـدا بـۆ جیهـانی هەتاهـەتایی ڕوودەدات, لەبـەر ئەمەیـە ئەوانـە لـە مردنـی خۆیـان بێئاگادەمێننـەوە، پێیانوایـە هێـشتا لـە دنیـای مادیـدان.) هەموو شتەکانی ئەو ژوورە لەو شتانە دەچوون کە پێشتر هەیبوون: مێز، مێزی نووسینی چەکمەجەدار، ڕەفەی کتێب. میلانکتۆن هەر ئەوەندەی لەو ماڵە تازەیەدا چاویکردەوە، لەپشت مێزەکەیەوە دانیشت، کاری ئەدەبیی خۆی دەستپێکرد، چەند ڕۆژێکی بەنووسینەوە گوزەراند-وەکو هەمیشە- بابەتی نووسینەکەی ڕاستیو ڕەوایەیی باوەڕبوو، تەنانەت یەك وشەیش لــەبارەی خێــرو بەخــشینی خێراتــەوە لــە لێکۆڵینەوەکەیــدا نــەدەبینرا. فریــشتەکان هەســتیان بــەم کەموکووڕییــە کــرد و پــەیکیان نــارد تــالێی بپێچێتەوە, میلانکتۆن وەڵامیدانەوە: "من سەلماندومە و دوودڵـی ناوێت، خێرکردن شتێك نییە بۆ گیان پێویست بێت، بۆ گەیشتن بە ڕزگاری، باوەڕ بەتەنیا بەسە." بەدڵنیاییەکی زۆرەوە قسەیدەکرد و هیچ وای بۆ نەدەچوو کە مردووە و ئێستا لە ئاسماندا ماڵی هەیە. فریشتەکان کە گوێیان لەم قسانەی بـوو، بەجێیانهێـشت. پـاش چـەند هەفتـە، یـەك یـەك شـتەکانی

[107] Melancthon

ژوورەکەی کاڵبوونەوە و دیارنەمان، تا سەر ئەنجام جگە لە کورسی، مێز، کاغەز و شووشەمەرەکەبەکەی، شتێك نەمایەوە. سەرباری ئەوە، دیواری ژوورەکەی بەتوێژێك قسڵو تەختی زەوییەکەیش بەتوێژێك لیتەی رەنگزەرد داپۆشرا. تا دەهات جلەکانی میلانکتۆن زبرتردەبوون. میلانکتۆن لەم گۆڕانکارییانە سەریسوڕما، بەڵام هەروا لەبارەی باوەڕ و رەتکردنەوەی خێروخێراتەوە درێژەیدا بەنووسین، لەم کارەدا, هەروا پێیدادەگرت تا لەپڕ گوێزرایەوە بۆ شوێنێکی کارگەئاسا لەژێرزەویدا، بۆ لای ئەو فەقێیانەی تری کە وەکو ئەو بوون, میلانکتۆن ئەو چەند رۆژەی کە لەوێ بەحەپسی مایەوە، گومانی لە بۆچوونەکانی خۆی کرد، مۆڵەتی وەرگرت بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی پێشووی. ئێستا ئیدی پێستی لەشی بەخوری داپۆشرابوو، بەڵام زۆر هەوڵیدەدا قەناعەت بەخۆی بکات کە ئەوەی بەسەریا هاتبوو جگە لە وڕێنەیەك شتێکیتر نەبووە, دیسانەوە کەوتەوە ستایشکردنی باوەڕو سووکایەتیکردن بەخێروخێرات.

شەوێکیان، میلانکتۆن زۆر سەرمایبوو، هەر زوو بۆی دەرکەوت کە ژوورەکانی تریماڵەکەی لە ژوورەکانی ماڵەکەی دنیای مادیی ناچن. یەکێ لە ژوورەکان پڕبوو لە ئامێرو کەرەستەگەلێك کە ئەو بەبێسوودی دەزانین، ئەوی تریان هێندە بچووکبووبووەوە کە چوونە ژوورەوەی ئەستەم بوو" سێیەمیان نەگۆڕابوو، بەڵام دەرگاو پەنجەرەکانی بەڕووی یاڵ و گردگەلێکی پان و پۆڕدا دەکرانەوە. یەکێ لە ژوورەکان, کە دەکەوتە پشتەوەی ماڵەکە, پڕبوو لەخەڵکانێك کە ئەویان دەپەرست و دووپاتیاندەکردەوە کە هیچ کاتێ هیچ فەقێیەك هێندەی ئەو دانا نەبووە. لەم ستایشانە خۆشحاڵبوو، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێ لە زیارەتکەرەکان بێڕوخسار بوون و هەندێکی تریان وەکو مردوو دەهاتنە پێشچاو، رقی لێیان هەستاو متمانەی پێیان نەما. لەم ساتەدابوو کە بڕیاریدا شتێك لەبارەی خێرکردنەوە بنووسێت. تەنیا گرفتێکیشی ئەوە بوو کە ئەوەی



ئەمڕۆ دەینووسی بەیانی نەیدەتوانی بیبینێت. ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە بێئەوەی باوەڕی پێیان هەبێ نووسیبوونی.

زۆرێك لەو کەسانەی کە تازە مردبوون سەردانی میلانکتۆنیان کرد، بەڵام ئەو لەبەرئەوەی لە ماڵێکی ئاوا کاولدا نیشتەجێبوو شەرمەزاردەبوو. بۆ ئەوەی ئەوان باوەڕبکەن کە لە بەهەشتدا جێگەی هەیە، جادووگەرێکی بەکرێگرت کە دراوسێی بوو، ئەم جادووگەرە جەماعەتی فریودەدا و دیمەنگەلێك لە ئارامیی بەشکۆی پیشانی ئەوان دەدا. هەرئەوەندەش زیارەتکەرەکان دەڕۆیشتن هەندێ جار تۆزێ پێش رۆیشتنیان– ئەم شکۆو جیلوانەش نەدەمان، هەر توێژاڵە گەچە کۆنە داخوراوەکە دەمایەوە.

دوایین شتێ لەبارەی میلانکتۆنەوە دەیزانم ئەوەیە کە جادووگەر و یەکێ لەو پیاوە بێڕوخسارانە ئەویان برد بۆ لای تەپۆڵکە زیخەڵانەکە، ئێستاش لەوێ یەکێکە لە خزمەتکارەکانی شەیتان.

www.pertwk.com

# چیرۆكی ئەو دوو كەسەی خەویان بینی

ئەلئیسحاقی، مێژوونووسی عەرەب كە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە مەئموندا (170 تا 218ی كۆچی مانگی‌دا) دەژیا، ئەم چیرۆكە دەگێڕێتەوە:

ڕاویە راستگۆكان وایان گێڕاوەتەوە (بەڵام تەنیا خودایە ئاگای لە هەموو شتێكە و بەسەر هەموو كارێكدا توانایە و لەهەموو گوناهێك دەبووڕێت و هەمیشەش بێدارە و خەوی لێناكەوێت) سەردەمێك، پیاوێك لە قاهیرە دەژیا، سامانێكی زۆروزەوەندەی هەبوو، بەڵام ئەوەندە دەستواڵا و بەخشندە بوو هەرچییەكی هەبوو، جگە لە خانووەكەی ماڵی باوكی، هەموو بە با چوو, ناچاربوو بەماندووبوونێكی زۆر خەرجی ژیانی خۆی دابینبكات. كار و فرمانی زۆر وا ماندوویانكرد تا شەوێكیان لەژێر ئەو دارهەنجیرەی لەباخچەی ماڵەكەیدا بوو، خەوبردییەوە، لە خەویا پیاوێكی بینی سەرتاپای تەڕ بوو، كابرا دراوێكی زێڕی لە دەمی دەرهێنا و پێیگوت: "بەختی نوستووی تۆ لە ئێران، لە شاری ئەسفەهان شارراوەتەوە، بڕۆ بۆ ئەوێ و بیدۆزەرەوە".

بۆ ڕۆژی دوایی, بەیانیی زوو لەخەو هەستاو گەشتێكی دوور و درێژی دەستپێكرد، چەندان بیابانی بێ ئاو و ئاڵفی تەیكرد، سواری كەشتی بوو، خۆی لە دەست دزانی دەریا و بتپەرستان رزگار كرد، لە چەندین رووبار پەڕییەوە و ڕووبەڕووی خەڵكو خوا و گیانەوەرانی كێوی بووەوە.

www.pertwk.com

سەرئەنجام ڕێگەی خۆی بەرەو ئەسفەهان دۆزییەوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتبووە دەروازەکانی ئەو شارە, کە شەو داهات و ناچار لە حەوشی مزگەوتێکدا ڕاکشا و خەوی لێکەوت. بەتەنیشت مزگەوتەکەوە ماڵێک هەبوو, خوای توانا بڕیاری وابوو کە دەستەیەك دز بچنە ناو مزگەوتەکەوە تا لەوێوە ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ ماڵەکەی تەنیشتی. بەڵام خاوەنماڵەکە کە بەهۆی دەنگی دزەکانەوە خەبەریان بووبووەوە، دەنگ‌و هاواری کۆمەکیان لێبەرزبووەوە. دراوسێکانیش دەنگیان خستەپاڵ دەنگی ئەوان، بەڵام تا سەرۆکی پاسەوانان و حەیتەکان گەیشتن، دزەکان لە ڕێی سەربانەوە هەڵاتن. سەرۆکی پاسەوانان گوتی: هەموو جێیەکی مزگەوتەکە بگەڕێن، جا کە کابرای خەڵکی قاهیرەیان دۆزییەوە، بەشوڵکی حەیزەران تێیبەربوون, کارێکیان پێکرد, جیاوازییەکی وای لەگەڵ مردندا نەبوو.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە لە زیندان هاتەوە هۆش خۆی. سەرۆکی پاسەوانان ناردی بەدوایداو لێیپرسی: "کێیت و لە کوێوە هاتوویت؟"

کابرا گوتی: "خەڵکی شاری بەناوبانگی قاهیرەم، ناوم محەممەد ئەلمەغریبییە".

سەرۆکی پاسەوانان پرسی: "چی تۆی گەیاندۆتە ئەسفەهان؟".

کابرا پێیباشبوو ڕاستیی بەسەرهاتەکە بگێڕێتەوە، بۆیە بەسەرۆکی پاسەوانانی گوت: "لە خەودا کەسێکم بینی پێی گوتم بێم بۆ ئەسفەهان، گوایە بەخت لێرە چاوەڕوانمە. بەڵام کە هاتمە ئەسفەهان بۆم دەرکەوت ئەو بەخت و شانسەی ئەو کەسە مژدەی پێدابووم جگە لەقامچییەکانی ئێوە کە بەدڵێکی فراوانەوە دەرخواردمدران، هیچ شتێکی تر نەبوو."

سەرۆکی پاسەوانان، بەبیستنی ئەم قسانە ئەوەندە پێکەنی خڕێ دانەکانی دەرکەوتن، سەرئەنجام گوتی: "هەی ئەقڵ ناتەواو، من خۆم سێ جار خەونم بەماڵێکەوە بینیوە لە قاهیرە، کە لە حەوشەکەیدا باخچەیەك هەیە و لە کۆتایی باخچەکەدا کاتژمێرێکی هەتاوی هەیە و لە پشت



کاتژمێرە هەتاوییەکەشەوە دارهەنجیرێکە, لە پشت دارهەنجیرەکەشەوە حەوز و فوارەیەك هەیە، لەژێر فوارەکەدا گەنجینەیەکی چاك و بەنرخ شاردراوەتەوە, کەچی سەرباری هەموو ئەمانەش هیچ گوێم نەداوەتە ئەم گەنجینە بەنرخە، ئەوجا تۆی بێچووە جنۆکە و هێستر بەهۆی خەونێکەوە لەم شار دەچیت بۆ ئەو شار. چیدی لە ئەسفەهان نەتبینم. ئەم پارەیە وەربگرە و گۆڕت گومبکە".

کابرا پارەکەی وەرگرت و بەرەو نیشتمان کەوتەوەڕێ. لەژێر فوارەی باخچەی ماڵەکەیدا (ئەو ماڵەی کە هاتبووە خەوی سەرۆکی پاسەوانان) گەنجینە بەنرخەکەی دۆزییەوە. بەم شێوەیە خواوەند ڕەحمەتی بێدرێغی خۆی بەسەرا باراند و ناخۆشییەکانی بۆ قەرەبووکردەوە و بەختەوەریکرد.

خوای گەورە و نەبینراو بەخشندە و میهرەبانە.

# تەمسیلی كۆشك

ئەو رۆژە، ئیمپراتۆرە زەردەكە كۆشكەكەی خۆی پیشانی شاعیرەكە دەدا. كە رۆیشتنە پێشەوە، یەكەمین ریزی هەیوانەكانی بەری خۆرئاوایان، یەك یەك بەجێهێشت، كە وەكو رەفەی هۆڵێكی شانۆیی كەمێك بێكەنار، بەسەر باخێكدا دەیڕوانی كە ئاوێنە زیوینییەكانی و ریزی بەیەكاچووی درەختە عەرعەرەكانی ئەندێشەی تونـاوتوونی بەبیر دەهێنایەوە. لە سەرەتادا بەخۆشی و شادییەوە خۆیان تێدا ونكرد، وەك ئەوەی گاڵتە و گەمە بكەن. بەڵام لە دواییدا ئەم خۆشی و شادییە تێكەڵبوو بەترسێكی پەنهان، لەبەرئەوەی شەقامگەلێكی رێك, كە باخ و باخاتێكی چەماوەیی زۆر دڵگیر و دوور و درێژ و لە برانەوەنەهاتووی هەبوو و لە نادیاردا پێچی كردبووەوە. نزیكی نیوەشەو سەرنجی ئەستێرەكان و قوربانیكردنی جیێ قومرییەك ئەوانی وا لێكرد تاخۆیان لەو هەرێمە جادووییە رزگار بكەن" بەڵام نەیانتوانی خۆیان لە هەستی ونبوون رزگار بكەن, كە تا كۆتایی لەگەڵیان بوو. پاشان لە ژووری گەنجینەو حەوشە و كتێبخانەكانو كۆشكێكی هەشت پاڵوویی كە كاتژمێرێكی ئاویی پیادا هەڵواسرابوو تێپەڕین، رۆژێكیش بەیانییەكەی لە كۆشكەكەوە پیاوێكی بەردینیان بینی, پاشان هەرگیز نەیانبینییەوە، بەهۆی چەند تەختە دارێكەوە روبارگەلێكی سازگاریان بڕی، یان چەند جارێ رووبارێكیان بڕی. كەژاوەی ئیمپراتۆری تێدەپەڕی و خەڵكی خۆیان لە تۆزوخۆڵ دا دەگەوزاند" رۆژێك گەیشتنە دوورگەیەك، كە پیاوێكی لێبوو واینەكرد، چونكە هیچكاتێ

کوڕی ئاسمانی نەدیبوو، جەلاد، بەزۆر سەری لە لەشی جیاکردەوە. نیگای ئەوان بێگرنگیدان, بەسەر مووی ڕەشی سەرەکان و سەمای ڕەشەکان و پەچە سەیرە ئاڵتوونییەکاندا دەخزی، هەموو شتێکی بەرچاووڕووداو تێکەڵ بەشتە خەیاڵییەکان دەبوو، یان بەدەربڕینێکی تر، واقیعییەت یەکێکبوو لە شێوەکانی خەون. نەشیاو دەهاتە پێشچاو, کە زەوی جگە لە باخ و جۆگە و باڵەخانە شکۆدارەکان شتێکی تر بێت. هەر سەد پێیەك و کۆشکێك سنگی ئاسمانی شەقدەکرد، ڕەنگی کۆشکەکان وەك یەك دەهاتنە بەرچاو، هەرچەند یەکەمینیان زەعفەرانی و دواهەمینیان ئەرخەوانیبوو، گۆڕینی پلە بەپلەی ڕەنگەکان ئەوەندە جوان و ژمارە تەلارەکانیش ئەوەندە زۆر بوون, هەر مەپرسە!!

شاعیر (لەو هەموو شتە سەیروسەمەرانەی خەڵکەکەی تری سەرسامکردبوو, خۆی دوورەپەرێز دەگرت), لە بن تەلاری پێش دوایین دانەدا، کورتە شیعرێکی خوێندەوە، کە ئەمڕۆ، ئێمە بێهیچ دوودڵییەك دەیدەینە پاڵ ناوی ئەو، هەروەك چۆن باشترینی مێژوونووسەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە خوێندنەوەی ئەو شیعرە مردن و نەمری بۆ هێنا، دەقی شیعرەکە دیار نییە" هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە ئەم شیعرە تەنیا لە یەك نیوەبەیت پێکهاتبێ" ئەوانی تریش پێیان وایە تەنیا لە یەك وشە — ئەوەی گومان هەڵناگرێ و لە هەمان کاتیشدا جێیباوەڕ نییە، ئەمەیە کە تەواوی کۆشکە مەزنەکە، بەوردترین بەشەکانییەوە، بەتەواوی چینییە نەخشکراوەکانەوە، هەر نەخشێکیش لەسەر هەر چینییەك و سێبەری ڕۆشنی لە هەر شەفەق و ڕۆژهەڵاتنێکدا، هەرساتە شاد یان غەمبار لە وشەی زجیرەکانی جەلیلی فانیان، خواوەندان و ئەژدیهایانێ کە لە رابوردوویەکی نەزانراو لەو کۆشکەدا سەرپەنایەکیان گرتبوو، لەو شیعرەدا پەنهان بوو. هەموو بێدەنگبوون، جگە لە ئیمپراتۆر کە



هاواریکرد: تۆ کۆشکەکەمت لێدزیم، دەمی شمشێری جەلادەکە شاعیری کردە دوو لەتەوە.

ئەوانیتر چیرۆکێکی دی دەگێڕنەوە. دەڵێن هیچ دوو شتێکی لێکچوو لە جیهاندا ناگونجێن، دەڵێن هەر ئەوەندەی کە شاعیر شیعرەکەی خوێندەوە کۆشکەکە دیارنەما، گوایا لەگەڵ خوێندنەوەی دوایین بەشی شیعرەکەدا دوایین شوێنەوارەکانی ئەویش نەمان و وێرانبوو. بێگومان ئەفسانەگەلی لەم شێوەیە لە داڵغەیەکی ئەدەبی زیاتر نین. شاعیر کۆیلەی ئیمپراتۆر بوو، جا لەبەرئەوەی کۆیلەیەکی پیاو بوو" سرووودەکەی بەلەبیرچوونەوە سپێردرا، چونکە شایانی لەبیرچوونەوە بوو، ئێستاشی لەسەر بێت نەوەکانی شاعیر دەگەڕێن بەدوای ئەو وشەیەی کە جیهانی پێوەسف بکەن, نایدۆزنەوە.

# خەنجەر

خەنجەرێك لە چەكمەجەیەكدا ئارامیگرتووە.

كۆتایی سەدەی رابوردوو لە "تۆلّدۆ[108]" دروستكرا، "لویس ملیان لافینیور[109]" دای بەباوكم، باوكم لە "ئۆرۆگوا"وە هێنای. "ئەڤاریستۆ كاررییێگۆ[110]"ش جارێك بەدەستییەوە گرت.

هەر كەسێ چاوی پێبكەوێت، یەكسەر دڵی ختوورەدەكات كە هەڵیبگرێت و یاری پێبكات، هەروەك ئەوەی كە سالاّنێك بێ بەدوای ئەو خەنجەرەدا گەڕابێت. بەپەلە دەست بۆ مشتۆ چاوەڕوانەكەی دەبات، دەمە بەهێزە گوێڕایەڵەكەشی بەدەنگێكی نزمو هێواش بۆ ناو كالانەكەی دەخزێ و دێتە دەرێ. ئەمە خواستی خەنجەرەكە نییە.

ئەم خەنجەرە تەنیا هەر شتێكی لە ئاسن دروستكراو نییە، پیاوان بۆ تاكە مەبەستێ دروستیانكرد. ئەو خەنجەرەی كە دوێشەو لە "تاكواڕیمبۆ[111]" بەجەستەی پیاوێكدا رۆچوو و ئەو خەنجەرانەی كە بەسەر سەری "قەیسەر"دا داباریز, بەشێوەیەكی گشتی هەموویان یەك خەنجەرن.

خەنجەر دەیەوێت بكوژێت، دەیەوێت لەپڕ خوێن بڕێژێت.

---

108- **Toledo**
109- **Luismelian Lafinur**
110- **Evaristo Carriego**
111- **Tacaarembo**

لە چەکمەجەیەکی مێزی نووسینەکەمدا، لەنێو رەشنووس و نامە کۆنەکاندا، خەون بەئامانجە سادەکەیەوە دەبینیێ. کاتێ بەدەستەوە دەگیرێت دەست گیانی بەبەردا دەکرێت. چونکە ئاسنەکە گیانی بەبەردادەکات. هەر جارێ دەستی بکوژێکی بەردەکەوێت هەستدەکات بۆ ئەو دروستکراوە.

جاروبار بەزەییم پیایدا دێتەوە. هێز و یەکدەنگییەکی ئاوا, بەو لوتبەرزییەوە, ئاوا هێور و بێ گوناه، بێگوێپێدان چەندین ساڵ بەسەردەبات.

www.pertwk.com

## دوو پاشاو تووناوتوونەکانیان[112]

میژوونووسە باوەڕپێکراوەکان  وایانگێڕاوەتەوە(خواش خۆی باشتر دەزانێت) کە لە ڕۆژگاری رابوردودا پاشایەك لە دوورگەکانی ولأتی بابلدا دەژیا, هەموو وەستاو جادووگەرانی ولأتەکەی کۆکردەوەو داوای لێکردن تووناوتوونێکی بۆ دروستبکەن کە ئەوەندە پێچاوپێچبێت, هیچ زانایەك نەوێریٚ بچێتە ناویەوە, ئەوەندەش وردو دروست بێت کە ئەگەر کەسێك وێرای بچێتە ناویەوە ڕێگەی هاتنە دەرەوە نەدۆزێتەوە.

ڕۆژان هاتو چوو پاشایەکی عەرەب هات بۆ ولأتەکەی, پاشای بابل (کە دەیویست گاڵتە بەمیوانەکەی بکات) روخسەتیدا بچێتە ناو تووناوتوونێك, لەویٚ پاشا عەرەبەکە دوچاری ئەوپەڕی سەرگەردانیو سووکایەتی بوو" تا شەو داهات, ئەو کات پاشای دووەم داوای کۆمەکی لە خواوەند کردو سەرئەنجام ڕێگاکەی دۆزییەوە. پاشا عەرەبەکە هیچ گلەییەکی نەکرد, بەلأم بەپاشای ولأتی بابلی وت کە ئەویش لە مەملەکەتەکەی خۆی تووناوتوونێکی هەیەو ئەگەر خوا ئیرادەی لەسەر بێت, ئەوا خۆشحاڵدەبێت کە ڕۆژێك پیشانی میوانەکەی خۆی بدات. پاشان گەڕایەوە بۆ عەرەبستانو سەرلەشکرەکانی سوپاکەی خۆی

[112]- لە دەقە فارسییەکەدا وشەی (هزار تو) بەکارهاتووە کە بەمانای ئەو شوێنە دێت, ئەوەندە توونو ڕاڕەو تێدایە مرۆڤ بۆ هاتنە دەرەوەی سەری لێتێکدەچێت, نموونەی ئەم شوێنە لە کوردەواریدا توونی بابایە.(وەرگێڕی کوردی).



کۆکردەوەو بەرەو ولأتی بابل هێرشی بردو بەهۆی بەختو شانسی درەوشاوەی خۆیەوە قەلأکانی پاشای بابلی تێکوپێکدان و خەڵکەکەی شکاندنو پاشاشی بەدیل گرت. ئەمانیش ئەویان سواری وشترێکی تیژڕەو کرد و هێنایان بۆ بیابانو سیٚ ڕۆژ لە بیاباندا پێش خۆیاندا. پاشان پاشای سەرکەوتوو وتی: "ئەی پاشای ڕۆژگاران, تاجداری چەرخو سەردەمان, لە ولأتی بابل تۆ منت خستە ناو داوی تووناوتوونێکی لە زەرد[113] دروستکراوەوە کە بێئەژمار پێپلیکانەو دەرگاو دیواری هەبوون. ئێستا خوای دەسەلأت بێسنوور وای تەقدیر کردووە کە منیش تووناوتوونەکەی خۆمت پیشانبدەم" کە نە پێپلیکانەی هەیە بۆ سەرکەوتنو نە دەرگای هەیە بۆ کردنەوەو نە کۆشكو تەلاری لەبڕانەوە نەهاتووی تیایە پیاو سەرسامبکات, نەدیوارگەلێکیش کە ڕێگەیان پێبگیرێت.

پاشان دەستوپێی پاشای بابلی کردەوەو لە جەرگەی بیاباندا بەرەلأی کرد تا پشت بەو خوایەی زیندووەو نامرێت.لە برساناو لە تینوانا سەربنێتەوە.

[113]- زەرد, مادەیەکە نزیکەی لە60٪ی مسەو ئەوی تری فافۆنە.

# بورخس‌و من

ئـه‌وه‌ی بـۆ ئـه‌و پیـاوه‌ی تـر دێته‌پێـشێ، بـۆ بورخـسیش دێته‌پێـشێ. به‌شـه‌قامه‌كانی بـۆینس ئایرسـدا پیاسـه ده‌كـه‌م، جاربـه‌جار–ڕه‌نگـه وه‌كـو خوویـه‌ك– ده‌وه‌سـتم تـا سـه‌یری تاقنمـای سـه‌ر ده‌رگایـه‌كی كـۆن، یـان ده‌رگایـه‌كی ئاسـن بكـه‌م" لـه ڕێـی نامه‌كانـه‌وه لـه هـه‌واڵی بـۆرخس ئاگادار ده‌بم‌و ناوه‌كه‌ی له پێڕستیی ناوه‌كانی كۆمیته‌ی مامۆستایانی زانكۆ، یان له ڕۆژژمێرێكدا كه تایبه‌تی هه‌واڵی شاعیرانه ده‌بینم. خولیایه‌كی تایبه‌تم بۆ سـه‌عاته لمییـه‌كان، نه‌خـشه‌كانی جوگرافیـا، نووسـراوه چاپكراوه‌كانی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌یه‌م، بنه‌چه‌ی وشه‌كان، بۆنی قاوه‌و په‌خشانی ئه‌ستینسۆن، هه‌یـه" ئـه‌و پیـاوه‌ی تـر لـه‌م حه‌زانـه‌دا هاوبه‌شـه، بـه‌ڵام به‌شـێوه‌یه‌كی خۆنواندنانـه ئه‌وانـه ده‌گۆڕێـت بـۆ ئه‌توارگـه‌لێكی سـه‌رنجڕاكێش. گـه‌ر بڵـێم جیاوازیمان له‌گه‌ڵ یه‌كتردا هه‌یه زیاده‌ڕۆییم كردووه" ده‌ژیم و ڕێگه‌م داوه ئه‌ویش بژێت تا بۆرخس بتوانێت شیعرو ئه‌فسانه‌كانی پێكه‌وه ببه‌ستێت، ئه‌م شیعر و ئه‌فسانانه‌ش به‌ڵگه‌ی بوونی منن. داننـان بـه‌م مه‌سـه‌له‌یه‌دا بۆم سه‌خت نییه كه ئه‌و توانیویه‌تی چه‌ند لاپه‌ڕه‌یـه‌كی بـه‌نرخ بنووسێت، به‌ڵام ئه‌م لاپه‌ڕانه ناتوانن من ڕزگار بكه‌ن" ڕه‌نگه له‌به‌ر ئه‌وه بێت كه ئه‌وه‌ی باشـه چیدی په‌یوه‌ندیی به‌تاكـه كه‌سـه‌وه نییـه، ته‌نانـه‌ت بـه‌و پیاوه‌ی تریشه‌وه، بـه‌ڵكو په‌یوه‌نـدی به‌قـسه‌و نه‌ریتـه‌وه هه‌یـه. به‌هـه‌رحاڵ چاره‌نووسـی مـن ئه‌مه‌یه كه به‌یه‌كجاری‌و بۆ هه‌میشه له نێوبچم و ته‌نیا چه‌ند ساتێكی من له

**ناو ئەو پیاوەی تردا بەزیندویی بمێنێتەوە. هێدی هێدی هەموو شتێکم تەسلیمی ئەو کردووە، هەرچەندە چەندین بەڵگەم لەمەڕ خوونەریتی بەردەوامی ئەوەوە، لە زیادەڕۆیی و شێواندنەوە تیادا هەیە. سپینۆزا لەو باوەڕەدا بوو کە هەموو شتەکان هەوڵدەدەن خۆیانبن" بەرد دەیەوێت بەرد بێت، بەور دەیەوێت بەور بێت. من لە بۆرخسدا دەمێنمەوە نەك لە خۆمدا (ئەمە ئەگەر من کەسێکبم)، بەڵام زۆرتر خۆم لە کتێبی کەسانیتر، یان لە کۆك و سازکردنی گیتاردا، کە کارێکی سەختوگرانە، دەبینمەوە، وەك لە کتێبەکانی ئەودا. چەندین ساڵ بەر لە ئێستا کۆشام خۆم لەو رزگار بکەم. لە ئەفسانەی گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاردا رووم کردە گەمەکردن لەگەڵ رۆژگارو نەمریدا. بەڵام ئەو گەمانە، ئێستا بەشێکن لە بوونی بۆرخس و من دەبێت روبکەمە شتگەلێکی تر. بەم شێوەیە سەرتاپای ژیانی من هەڵاتنە، هەموو شتێك لە دەستدەدەم، هەموو شتێك بەلەبیرچوونەوە، یان بەو منەی تر دەدۆڕێنم.**

**نازانم ئێستا کامیان ئەم لاپەڕەیە دەنووسێت**